# شۆڕش
# لە سەردەمی نوێدا

عەبدوڵڵا موهتەدی

عەبدوڵڵا موهتەدی

شۆڕش لە سەردەمی نوێدا
عەبدوڵڵا موهتەدی

شۆڕش لە سەردەمی نوێدا
عەبدوڵلا موهتەدی
سەرپەرەشتیاری چاپ: سۆران پاڵانی
تایپ: هاشم عەلی وەیسی، سۆران ئازەربار، کۆمار رەشی
هەڵەبڕ: سۆران ئازەربار، شاهۆ مەحمودی
دیزاین: شاروخ ئەرژەنگی
نرخ: ١٥٠٠ دینار
چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠١٦
زنجیرەی چاپ: "٤"
لە بڵاوکراوەکانی کۆمیسیۆنی راگەیاندنی کۆمەڵە

**ناوەندی چاپ و بڵاوکردنەوەی رێبەندان**

## پێشەکی

لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا هاوڕێ عەبدوڵڵا موهتەدی، سکرتێری گشتی کۆمەڵە، کۆمەڵێک وتارو پەیامی پێشکەش کردووە لەسەر ڕووداوەکانی کوردستان و ئێران و ناوچەکە. هەروەها چەندین سیمینار یان وتاری لە کۆڕ و کۆمەڵە حیزبی و گشتییەکاندا پێشکەش کردووە. کۆمیسیۆنی ڕاگەیاندنی کۆمەڵە لە هەوڵدایە لە توێی چەندین کتێبدا نووسراوەکانی سکرتێری گشتی کۆمەڵە لەچاپ بدات. لە بڵاوکراوەکانی داهاتووشدا کۆمیسیۆنی ڕاگەیاندن هەموو سیمینار، وتارو باسەکانی کاک عەبدوڵڵا موهتەدی لە پێش و پاش شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ بەملاوە بڵاو دەکاتەوە.

ئەم کارە هەوڵێکە بۆ پاراستنی دەقە نووسراوو نەنووسراوەکانی کۆمەڵە و ئارشیو کردنیان بە شێوەیەکی گوونجاو. هیوادارین بەم هەوڵانە زیاتر بتوانین کتێبخانەی کوردی و ئەدەبیاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستانی ڕۆژهەڵات و بزوتنەوەکەی دەوڵەمەندتر بکەین. کەسایەتی و کاریگەری هاوڕێ عەبدوڵڵا موهتەدی لەسەر ڕووداوەکانی کوردستان، وەکوو سەرکردەیەکی دیار، هەڵگری ئەو بایەخدانە هەیە کە بیروڕاو ڕوانگەکانی لە ئارشیوی زانستی و سیاسی بزوتنەوەی کوردستاندا تۆمار بکرێت.

ئەوەی لە دوو توێی ئەم کتێبەدا هاتووە، سەرجەم ئەو وتار و نوسراوە و پەیامانە لە خۆ دەگرێ کە لە مانگنامەی شۆڕش ئۆرگانی ناوەندیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لە دەورەی دووهەمی خۆی دا لە ساڵی ٢٠٠٠، دوای جیابوونەوەی

کۆمەڵە لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران تا ساڵی ٢٠٠٦، پەنجا و یەک ژمارەی بۆ جارێکی تر کەوتۆتەوە بەر چاپ و دیدەی خوێنەران.

بێگوومانیش خوێنەری کورد ئەو وشیارییەی لەلا هەیە کە نووسراوەو دەقەکان، بە پێی کات و ساتی سەردەمی خۆی بخوێنێتەوە و هەڵسەنگاندنیان بۆ بکات. هیواداریین لەم هەوڵەدا بتوانین هەموو دەقە نووسراوەکانی تریش کۆبکەینەوەو بیخەینە بەر دیدەی خوێنەران و لێکۆڵەران.

کۆمیسیۆنی راگەیاندنی
کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران ٢٠١٦

## ناوەرۆک


| | |
|---|---|
| شۆڕش لە سەردەمی نوێدا | ٩ |
| یەکی ئایار، ڕۆژی جیهانی چینی کرێکار | ١٥ |
| دەست لە کار کێشانەوەی نوێنەرانی کوردی مەجلیسی شووورای ئیسلامی،چ پەیامێکی بۆ خەڵکی کوردستان تێدایە؟ | ٢٣ |
| کۆتایی جەژنی چەوساوەکان | ٢٩ |
| نامەیەك بۆ تێکۆشەرانی دێرینی کۆمەڵە | ٥١ |
| پەیامی نەورۆز و بەهار | ٥٥ |
| بە بۆنەی ڕۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵەوە | ٥٩ |
| پەیامێك بۆ خوازیارانی بەرەی کوردستانی | ٦٧ |
| "هێشتا زوو بوو " | ٧١ |
| دەسکەوتەکانی مانگی توانەوەی سەهۆڵبەندان | ٧٩ |
| بە بۆنەی ڕۆژی شەهیدانی کۆمەڵەوە | ٨٥ |
| پەیامی نەورۆزی بۆ کرێکارانی ئێران | ٨٩ |
| کۆمەڵە، بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلی کوردستان و ئاڵای کوردستان | ٩٣ |
| هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە و داهاتووەکەی | ١٠١ |
| ئۆپۆزسیۆن و قەیرانی ئەتۆمی ئێران | ١٠٧ |
| بەرەی گەلانی ئێران، زەمینە و کارکردەکان | ١١٣ |
| بەبۆنەی نەورۆز و جەژنی سەری ساڵی تازەوە | ١٢٣ |
| بانگەوازێکی دیکە بۆ بەرەی کوردستانی | ١٢٧ |
| کۆنفرانسی سەربەخۆیی کوردستان | ١٣٧ |

# شۆڕش لە سەردەمی نوێدا

## شۆڕشی ژمارە"١"

ڕەزبەری ١٣٧٩ی هەتاوی، ئۆکتۆبری ٢٠٠٠ی زایینی

## شۆڕش له سەردەمی نوێدا

لەم ڕۆوە "شـۆڕش"ی نـوێی کـۆمەڵە چـاوی بە ڕووونـاکیی دنیـا دەپشکوێ و دەکەوێتە بەر دیدەی خوێنەران. ڕێك بیست ویەك ساڵ پێش ئێستا ژمارەی یەکەمی گۆڤارێك بە ناوی "شۆڕش" لە کوردسـتان دەرچوو کە نوێنەر و ناسێنەری ڕێبازێکی نوێ و ڕێکخراوێکی سیاسی نـوێ بە نـاوی "کـۆمەڵەی شۆڕشـگێری زەحمەتکێشـانی کوردسـتانی ئێران"بوو.

کۆمەڵە، ئەو کات، بە دوای نۆ ساڵ کاری نهێنـی و پتر لە سـاڵێك چالاکی ئاشکرای سیاسی، خەریك بوو بە ڕەوتێکی خێرا لە کۆمەڵگـای کوردسـتاندا ڕەگـاژۆی دەکـرد و لە نـاو کرێکـارانی وشـیار و نەسـڵی تازەی شۆڕشگێڕدا جێگـای خـۆی دەکـردەوە. ڕاگەیانـدن و نـامیلکە و بڵاوکراوەی جار بەجـار چیـتر ڕەسـاییان نەدەکـرد و دەبـوایە کـۆمەڵە گۆڤـاری خـۆی هەبێـت. گۆڤـاری "شـۆڕش"خوڵقاو و بەرهەمـی ئەو سەردەمە بوو.

لە دەورەی هەوەڵی خۆیدا، "شـۆڕش" لە سـێ ژمـارە زیـاتری لـێ چـاپ نەکـرا. ژمـارەی یەکەم لە کاتێکـدا بـڵاو کـرایەوە کە بەدوای هێرشی بەربڵاوی ڕژیمی کۆماری ئیسـلامی، کوردسـتان تـازە خەریـك بـوو پشـتی ڕاسـت دەکـردەوە، وەسـتانەوە و بەرەنگـاریی جەمـاوەر بەرینتر و بوێرانەتر دەبووەوە و هێـزی پێشـمەرگە جموجـۆڵی خـۆی پەرە پێدەدا.

" شـۆڕش"ی ژمـارە یەك وشـیارانە بـۆنی هەسـتان و ڕاپەڕینـی جەمـاوەری لە ئاسـۆدا بەدی کـردو بە دروسـتی ڕایگەیانـد کە سەرکەوتنی خەڵکی کوردسـتان لە ڕامـاڵینی هێـزە سـەرکوتگەرەکانی

کۆماری ئیسلامی، بەرهەمی لێك هەڵ پێکانی راپەڕینی خەڵکی شارەکان لە گەڵ هاتنە مەیدانی بە وەخت و کاریگەری هێزی پێشمەرگەیە. زۆری پێنەچوو ئەو تێبینیە هاتە دی و بەشێکی زۆری کوردستان بە زەبری هەستانی جەماوەر و هێرشی پێشمەرگە کەوتەوە دەست خەڵکی تێکۆشەر و ئازادیخواز.

ژمارەی دووەمی " شۆڕش" لە کاتی ئازادیی شارەکان و لە جەنگەی شکۆفانەوەی سیاسی و رێکخراوەیی کۆمەڵە لە نێو جەماوەردا دەرچوو. لە شارە ئازادکراوەکانی کوردستان تەنیا سنە بوو کە هێزی سوپای پاسداران، بە پشت گەرمی پادەگانی شار و لەشکری ٢٤ کە لەوێ جێگیر بوو، شاریان چۆڵ نەکرد و وەك درکی سەر گوڵ لە سنەی شۆڕشگێر مانەوە. کۆمەڵە بڕیاریدا کە بۆ پێش گرتن بە شەڕفرۆشی و ئاژاوەگێری پادەگان و هێزەکانی کۆماری ئیسلامی و بۆ ئەوەی بیانووی دڵخوازی خۆیان نەدرێتێ و نەتوانن هەر لە سەرەتاوە دەستکەوتی گەورەی ئازادسازی لە خەڵك بەحەرام بگێرن، هەوڵ بدا کە سوپای پاسداران بە هێزی خەباتی سیاسی جەماوەر، نەك بە زەبری بەرەنگار بوونەوەیەکی چەکدارانە، لە شار دەربکرێ. "مانگرتنی" بەناوبانگی ئەوکاتی سنە، کە توانی سەرەنجام جێ بە هێزی سوپای پاسداران، کە لە شوێنی "باشگای ئەفسەران"جێگیر بوو، لەق بکا و لە شار دەریان پەرێنێ، بەرهەمی ئەم سیاسەتە و ئەم تێکۆشانە بوو. ئەمە یەکەم جار و تا ئێستاش تەنیا جار بووە لە مێژووی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا کە لە شارێکی ئێران هێزی دڕ و سەرکوتگەری سوپای پاسداران بەزەبری خەباتی سیاسی کۆمەڵانی خەڵك و لە سایەی بوونی هێزێکی چەکداری شۆڕشگێر، ناچار بکرێ بە بێ خوێن رێژی شار بە جێ بێڵێ. ژمارەی دووەمی"شۆڕش"ئەو ئەزموونەی تۆمار کردووە. ئەو ژمارەیە هەروەها نووکی رەخنەی گرتۆتە حیزبی توودە و سیاسەتەکانی کە ئەوکات پاساوکەری

جینایەتەکانی رژیمی کۆماری ئیسلامی و دوژمنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان بوو، تەبلیغاتی درۆیین و ژەهراوی بڵاو دەکردەوە و هانی ئاژاوەو دووبەرەکایەتی و شەڕی نێوخۆیی لە کوردستان دەدا.

ژمارەی سێهەمی "شۆڕش"کە ماوەیەکی کەم پێش هێرشی سەر لە نوێ و داگیرکەرانەی دیکتاتۆریی ڕەشی مەزهەبیی بۆ سەر کوردستان ئامادە کرا، لە ڕاستیدا مۆرکی ڕوانگەیەکی مارکسیستی بێ خەوشتر و پێگەیشتووتری پێوە دیار بوو و دوور کەوتنەوەیەکی بەرچاوی لە ئاڵۆزی و تێکەڵاوی فیکری و تیۆریکی باو لەو سەردەمەی چەپی ئێران لە خۆدا دەنواند. ئەم ژمارەیە بە هۆی ئەوەی لە گەڵ ڕوانگەی زاڵ بە سەر کۆمیتەی ناوەندی ئەو کاتی کۆمەڵەدا ناڕێك بوو، دەرفەتی بڵاو بوونەوەی پێنەدرا و بە تایپ کراوەیی ڕاگیرا.

لە هەر حاڵ دا، بە هەموو کەم و کوڕییەکانیەوە، "شۆڕش" خۆشەویستی هەمووان بوو و ئاوێنەی ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی بزووتنەوەکە و هەروەها نیشاندەری ڕەوتی گەشەکردنی سیاسی و فیکری کۆمەڵەش بوو لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کۆمەڵەدا، وەکوو یەکەمین هەوڵ جێگەیەکی تایبەتی هەیە.

ئێستا کە جارێکی دیکە ئالای کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران هەڵکراوەتەوەو کۆمەڵە بووژانەوەیەکی نوێ بە خۆیەوە دەبینێ و دەورێکی تازە لە تێکۆشانی چالاکانەی خۆی دەست پێکردۆتەوە، ئێستا کە کۆمەڵە بە تەمایە جووڵانەوەیەکی نوێ لە هەموو بوارەکانی خەباتی سیاسی و ڕێکخراوەیی خۆیدا پێکبێنێ، گۆڤاری"شۆڕش"یش دەورەیەکی نوێ لە ژیانی خۆی دەست پێدەکاتەوە. بەڵام نە سەرهەڵدانەوەی "شۆڕش" و نە پرۆژەی ساغکردنەوەی کۆمەڵە بە گشتیی، بە مانای گەڕانەوە یان دووپات کردنەوەیەکی سادەی ڕابردوو نیە. وەها دووپات

کــردنەوەیەك نە مــومکینە و نە بەکەڵــکە. راســتە، ئــێمە نەمــان شاردۆتەوە کە دەمانەوێ بچینەوە سەر بنجی کۆمەڵەی جاران، بەڵام مانای پـرۆژەی ساغ کـردنەوەی کـۆمەڵە بـۆ ئـێمە ئەوەیە کە پشـت بەستن بە هەموو تەجروبەی شۆڕشگێرانەی دەوڵەمەندی کـۆمەڵە، بە تێگەیشتنی کەم و کوڕییەکان و رەخنە گرتن لە هەڵەکان و، بە لەبەر چاوگرتنی ئاڵ و گۆڕەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی، جـارێکی دی کۆمەڵە بەرینەوە ئەو جێگایە کە شیاوی خۆیەتی و بیکەن بە حیزبی جەماوەری هەرە گەوەری کوردستان و بەم جۆرە دەنگی شۆڕشگێڕ و سۆسیالیست لە هەموو کوردستان بکەین بە یەکەم دەنگ و شـەقڵی ئەو لە سەر هەموو رووداوەکانی سەردەم مۆر کەین.

"شۆڕش" لە سەردەمی نـوێی ژیـانی خۆیـدا تێدەکۆشـێ دەربـڕ و پێشەنگی جێبەجێکردنـی ئەو ئەرکـانە بـێ کە کـۆمەڵە لە سـەردەمی نــوێی تێکۆشــانی خۆیــدا بە ئەســتۆی گرتــووە و بــۆ کــاتی ئێســتا ســــەرخەتەکانیان لە بڕیارنامەکــــانی پەســــەندکراوی کۆنفرانســــی ســاغکردنەوەی کــۆمەڵەدا باســکراوە و لە پاشــکۆی ئەم ژمــارەیەدا خراونەتە بەر دیدەی خۆێنەران.

"شۆڕش"، لە کاتێکدا کە زمان حاڵی کۆمیتەی ناوەندی کـۆمەڵەیە، هەوڵدەدا تا هەر جێگەیەك کە بکرێ و گونجاو بێ، نـاوی نووسـەر و بەم جۆرە بەرپرسایەتی تـایبەتی ئەو دەسـت نیشـان بکـا. لە هەمـان حاڵدا، "شۆڕش" جێگاو رێگایەکی گونجاویش بۆ ئاڵوگۆڕی بیروڕا و بۆ دەربرینی بیروبۆچوونی جیاواز، چ لە نێو خۆی رێکخراوەوە هاتبێ چ لە ئاڵقەی بەرینی کۆمەڵەوە و چ لە دەرەوەڕا، دابین دەکات و لێرەدا زۆر سنووری رێکخراوەیی لە بەر چاو ناگرێت. لاپەڕەی "دیـالۆگ" بـۆ ئەو مەبەسـتە تەرخـان دەکـرێ و هەر لە ئێسـتاوە بـانگەوازی بـۆ دەکەین.

"شۆڕش" رۆژنامەیەکی تایبەت بە هەواڵ و راپۆرت نیە، بەڵکوو زۆرتر جێگەی باسکردنی سیاسەتەکان و هەڵویستەکان و لێکدانەوەکانە، مەگەر گرینگی هەواڵەکە وا بخوازێ و، لەو حاڵەشدا زۆرتر بە شێوەی تەفسیر و لێکدانەوەی هەواڵەکان، ریپۆرتاژ و راپۆرتە هەواڵ دەبێت.

لە کۆتاییدا چیمان بۆ دەمێنێتەوە بێجگە لەوەی دەستی هاوکاری بۆ هەموو ئەندامان، دۆستان و دڵسۆزان، نووسەران و ئەدیبان، لە هەر کوێیەك هەن، درێژ بکەین؟

# یەکی ئایار، ڕۆژی جیهانی چینی کرێکار

**ژمارە ٧**

گوڵان و جۆزەردانی ١٣٨٠ی هەتاوی، مەی و ژوئەنی ٢٠٠١ی زایینی

ئەم وتارە لە ڕێکەوتی یەکی ئایار، بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی چینی کرێکارەوە، لە ڕێوڕەسمێکدا کە لە ئۆردوگای ناوەندی کۆمەڵە، لە زرگوێزەڵە بەڕێوە چوو، پێشکەش کراوە .

**یەکی ئایار، ڕۆژی جیهانی چینی کرێکار**

میوانە بەڕێزەکان

بەشداربووانی خۆشەویستی ئاهەنگی ڕۆژی جیهانی کرێکار

پێشەکی بە بۆنەی هاتنتان بۆ مەراسمی ڕۆژی یەکی ئەیار بەخێرهاتنی گەرم و گوڕی خۆمانتان پێشکەش دەکەم و پیرۆزبایی ئاراستەی ئێوەی ئازیز دەکەم بە بۆنەی ئەم ڕۆژە جیهانییەوە، هەروەها لە ئەم ڕێگایەوە پیرۆزبایی خۆمان پێشکەش دەکەین بە کرێکارانی کوردستان، کرێکارانی ئێران و کرێکارانی گشت جیهان و ئاواتی ساڵێکی پڕ دەسکەوتیان لە تێکۆشاندا بۆ دەخوازین.

هەر لێرەشەوە پێم خۆشە سڵاو و پیرۆزبایی خۆمان بنێرین بۆ هەموو ئەو تێکۆشەرە کرێکارانەی ئێستا لە ئێران، چ لە کوردستان و چ لە بەشەکانی دیکە، لە ژێر سایەی ڕژیمی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامیدا بە تێکۆشانی خۆیان، لە کۆڕو کۆمەڵی چکۆلە یا خود لە میتینگ و ڕێپێوانی گەورەدا ڕۆژی جیهانی کرێکار بەرز و بەرێز دەگرن. هەروەها، هەموو هەڵسووڕاوان و تێکۆشەرانی کۆمەڵە، هەموو پێشمەرگەکان چ دێرین و چ ئێستای، لە هەر کوێەك هەن پیرۆزباییان لێ دەکەین.

ڕۆژی جیهانی کرێکار خاوەنی مێژوویەکی پڕ لە ئەزموونە، پڕ لە تێکۆشانی و فیداکاری و سەروەرییە. لە لایەکی تریشەوە ئەم ڕۆژە وەکوو نیشان دەرێکە بۆ وەزعیەتی چینی کرێکار و بزووتنەوەی کرێکاری لە هەر وڵاتێك و هەروەها بۆ تاقی کردنەوەی ڕادەی هەبوونی ئازادی سیاسی لە ئەو وڵاتانەدا.

لە ساڵانی ڕابردوو بە تایبەتی لە دوو دەیەی ڕابردوو هەندێك جار دەوترێ کە چینی کرێکار خەریکی فەوتان و توانەوەیە و سەردەمی

مێژوویـــی دەوری ئەو چیـــنە روو لە تەواو بـــوونە. ئامارەکـــان بە پـێچەوانەوەی ئەمە ئامـاژە دەکەن. راسـتە پێکهـاتەی چینـی کرێکـار لە دەیەکـانی رابـردوودا لە حـاڵی گۆڕانـدا بـووەو هەنـدێك لە لقەکـانی سەنعەت و لەگەڵ ئەویشدا هەندێك لە بەشەکانی چینی کرێکـار روو لە کزی رۆیشتون، بەڵام ئەمە خەسڵەتێکی بەرهەم هێنـانی سـەرمایەداریەو هەمیشە لقەکـانی سـەنعەت و پیشەسـازی و جێگـا و ئەهەمییەتیـان لە بەرهەمهێنـانی وڵاتانـدا لە حـاڵی ئـاڵوگۆڕو کەم و زیـاد بوونـدایە. ئەگەر لقێـــك لە ســـەنعەت، بـــۆ نمـــوونە بڵێـــین کانگـــای زووخـــاڵ لە وڵاتە پێشـــکەوتووەکان، لە کـــز بوونـــدایە، لە لایەکـــی تـــرەوە جەمـــاوەرێکی هەرچـی زیـاتر لە لقەکـانیتری بەرهەمهێنـان و خزمەتگـوزاری، بە ڕیـزی چینـــی کرێکـــار پەیوەســـت دەبـــن. لە هـــیچ ســـەردەمێك لە مێـــژووی سەرمایەداریدا بە قەدەر ئێسـتا زۆرایەتییەکـی هەرچـی زۆرتـری کـۆمەڵ ئـــاوا خەســـڵەتی کرێکاریـــان بە خـــۆوە نەگرتـــووە. بەشـــێکی بەرچـــاوی کارمەندانی بانکەکان، کۆمپانیەکـانی بـیمە، کاروبـاری مـاڵی و بازرگـانی، شـیرکەتەکانی خزمەتگـوزاری، مەدرەسـەکان و شـوێنەکانی فێـر کـردن و زۆر بەشی تر لە راستیدا وەکوو کاسـب کـاری سـەربەخۆ نەمـاونەتەوە و ئەمـرۆ وەك فرۆشـیارانی هێـزی کاریـان لێهـاتووە و بەشـێك لە چینـی کرێکاری جیهان پێك دێنن.

ئەمڕۆ لە چوارگۆشەی گۆی زەوی و لە وڵاتان و شـاران و شـوێنەکانی جیهانـــدا لە حاڵێکـــدا رۆژی هەوەڵـــی مەی بە جەژن دەگیـــرێ کە ســـەرمایەداری لە گەڵ هەڵـومەرجێکی تـایبەت دایە دوولایەنـی پـڕ لە ناکۆکی بە خۆوە گرتووە: لە لایەکەوە لە ساڵانی رابـردووەوە تـا ئێسـتاش یەکێـك لە گەورەتـرین و کـاریگەرترین گۆڕانکارییەکـانی تەکنۆلـۆژی و بەرهەم هێنـان، کە بە نـاوی شۆڕشـی زانیـاری یـا سـێهەمین شۆڕشـی پێشەسـازی لە مێـژووی سـەرمایەداریدا نـاسراوە بەڕێـوە دەچێـت کە هێشـتا لە وزە نەکەوتـووە و بە گەرمـی درێـژەی هەیە و کۆتـاییەکەی و

ئاکامەکانی بۆ هیچ کەس روون نیە. لە لایەکی ترەوە ئەم شۆڕشـە گەورە پیشەسـازییە کە دەیتـوانی و دەبـوایە ببێـتە هـۆی خۆشـبەختی و تێـرو تەسـەلی و حەسـانەوەی ئینسـانی سـەرەتای هەزارەی سـێهەم، لە گەڵ خۆی گەورەترین شەپۆلی بێکاری درێژ مـاوەی ئەم سـەدەیەی بەدیـاری هێناوە، کەلەبەری نێوان چینەکـانی لە هەمـوو سـەردەمێکی مرۆڤـایەتی زیـاتر کـردووەو بـووەتە هـۆی کـۆوە بـوونی سـەروەت و سـامانێکی ئەفســانەیی لە لای ژمــارەیەکی کەم و کەڵەکە بــوونی هەژاری لە لای جەماوەرێکی زۆرەوە.

ئەمەش خەســڵەتی شــێوەی بەرهەمهێنــانی ســەرمایەدارییە کە دەسکەوتەکانی زانست و تەکنۆلۆژی لە چوارچێوی تەسك و تەنـگەبەری مالکییەتی بورژوایی دا قەتیس دەکـا و زۆربەی کۆمەڵگـا لە بـێ بەشـیدا دەهێڵێـتەوە. بـۆ نمـوونە، بە گـوێرەی ئامـاری چەنـد سـاڵ لەوە پێشـی نەتەوە یەکگرتووەکــان تەنیــا ســەروەت و ســامانی چەنــد کەس لە میلیاردێرەکانی دنیـا بـۆ بنبڕکردنـی قـاتی و قـڕی و برسـییەتی لە قـارەی ئەفریقـادا بەسـە. هەروەهـا بە گـوێرەی ئامـارێکی رێکخـراوی جیهـانی کارەوە ئێستا دووسەد و پەنجا میلیۆن منداڵ، کە لە تەمەنـی خوێنـدن و رابـواردنی منداڵیـدان، لە هەل و مەرجێکـی نالەبـاردا وەك کرێکـار کـار دەکەن. هەر بە گـوێرەی زۆر راپـۆرت و هەواڵ ئێسـتا میلیۆنەهـا ژن و کچی کەم تەمەن وەك کاڵا سەودایان پێ دەکرێـت و زۆرێکیـان رەوانەی بـازاڕی بەڕمێنـی لەشفرۆشـی دەکـرێن. ئەمـانە و زۆر شـتی دڵـتەزین و نامرۆڤانەیتریش هەموویان لە کۆمەڵگای سـەرمایەداری ئەم سـەردەمەدا وەك دیـاردەیەکی ئاسـایی یـان لێهـاتووەو بـوون بە بەشـێك لە ژیـانی رۆژانەی ئینسان. لە راسـتیدا بە دوای زیـاتر لە ٢٥ سـاڵ لە گەشـەکردنی بەردەوام و خێرای سەرمایەداری لە پاش شـەڕی دووهەمـی جیهـانی، کە وەکوو سەردەمی زێڕینی گەشەکردنی سەرمایەداری نـاوی لـێ دەبرێـت، ئێسـتا نـزیکەی سـێ دەیەیە کە سـەرمایەداری بە سـەردەمێکی تایبەتـدا

تێپەڕ دەبێ کە هەموو ناکۆکییەکانی ئەم شێوە بەرهەم هێنانەی بە زەقی لە خۆیدا کۆکردۆتەوە. شۆڕشی تەکنۆلۆژی لە گەڵ قەیرانی ئابووری سەروەت و سامانی ئەفسانەیی لە گەڵ دواکەوتوویی و بێکاری و هەژاری و برسییەتی و ئەمەش بووەتە هۆی ئاڵۆزیی و بێ هیوایی و ماڵ وێرانی و زۆر دیاردەی کۆمەڵایەتی دزێوی لە گەڵ خۆی هێناوە .

هەرگیز ئیمپراتۆرانی دنیای کۆن، نە سەزاری رۆم و نە شاهەنشاهانی ئێران و نە خاقانەکانی چین، بە قەدەر ئیمپراتۆرانی ماڵی و پیشەسازی سەردەمی ئێمە خاوەنی دەسەڵاتی بێ سنور نەبوون و تا ئەم رادەیە نەیان توانیوە چارەنووسی سەدان میلیۆن ئینسان لە بن دەستی خۆیان بگرن ئێستا بۆرس بازانی جیهانی دەتوانن، هەر وەك لە نموونەی تورکیادا خۆی نیشاندا، لە ماوەی چەند سەعاتێکدا ئابووری وڵاتێك هەڵتەکێنن و بەرهەمی ساڵەهای ساڵی خەڵکی ئەو کۆمەڵگایە وەك دووکەڵ بە ئاسماندا بەرن. خودی گەشەکردنی سەرمایەداری مرۆڤایەتی ئەم سەردەمەی لە بەرامبەر دوو ڕیانێکی چارەنووسسازدا داناوە. یا نقوم بوون لە گێژاوی قەیران و ناکۆکی و بێ داهاتوویی دنیای سەرمایەداری یا هەڵبژاردنی رێگای شۆڕشی کۆمەڵایەتی و سۆسیالیزم.

با ئاورێکیش بدەینەوە سەر چینی کرێکار لە ئێران. لە بیرمان ناچێتەوە کە چینی کرێکار لە ئێران و بە تایبەت کرێکارانی نەوت دەورێکی کارسازو بڕیاردەریان لە شۆڕشی ئێران لە نزیکەی ٢٠ ساڵ لەوە پێش هەبوو. بەڵام بەشێك کە ئەوان لە ئەم شۆڕشەدا وەریان گرت دوای ماوەیەکی کەم لە هاتنە سەرکاری رژیمی کۆماری ئیسلامی تەنیا سەرکوت و خەفەقان بێبەشی بوو. زۆربەی ئەو ئازادییانەی کە لە سەردەمی راپەڕین بە دەستیان هێنا لێیان زەوت کرایەوە، رێکخراوە کرێکارییەکان هەڵوەشانەوەو بە غەیرە قانوونی ناسران، هەڵسووڕاوانی کرێکاری دەرکران، زۆریان تەبعید کران و دوور خرانەوە یان زیندانی کران، بەشێك لەوانە ئەشکەنجە و ئیعدام کران. بزووتنەوەی کرێکاری لە

ئێــران کەوتە ژێــر گەورەتــرین لافــاوی هێــرش لە لایەن کۆمــاری ئیسـلامییەوە. ئەوەڵـین کەسـێکی کە لە ئێـران لە ڕێپێـوانێکی سیاسـی و هێمنانەدا بەر تەقەی مەئمـوورانی کۆمـاری ئیسـلامی کەوت و گیـانی لە دەستدا، کرێکارێکی بێکار بـوو کە لە ڕێپێـوانی ئیسـفەهان دا بەشـداری کردبـوو. کۆمـاری ئیسـلامی لە مـاوەی بیسـت سـاڵ دەسـەڵاتی خۆیـدا زۆرێك ڕێکخراوی دژی کرێکاری پێکهێناوە، لەوانە: شۆرای ئیسـلامی کـار، وەزارەتــی کــار، خــانەی کــارگەر و زۆر شــتی تــرو ویســتوویەتی لەم ڕێگایـانەوە چینـی کرێکـار بخـاتە ژێـر کـۆنترۆڵ و چـاودێری خـۆی و لە سەرهەڵدانی سەر لە نوێی بزووتنەوەی کرێکاری بەرگری بکات.

بە گوێرەی ئامارەکانی خودی ڕژیمی کۆماری ئیسـلامی و دەزگاکـانی ئەو ڕژیمە، هەر ئێستا زیاتر لە سەدی پازدەی دانیشتوانی وئێران لە ژێـر هێڵی هەژاریی مـوتلەق دا بەسـەر دەبەن. چینـی کرێکـاری ئێـران نەك هەر لە چەوسانەوە ڕەنج دەبا، بەڵکوو لە ڕاستیدا ڕەنـج لەوەش دەبـا کە تەنـانەت زۆر جـار شوێنێکیشـی نیـیە کە لێـی بچەوسێتەوە. بێکـاری لە ئێران دا دابەزیـوە کە میلیۆنەهـا بێکـار لە ئێـران هەن کە هەموویـان لە ڕێگای بازاڕی ڕەشەوە دەتوانن گوزەرانێکی مەمرە و مەژی بەسەر بەرن.

ئەگەر بێینە سـەر باسـی کرێکـاری لە کوردسـتان، بەشـێکی زۆریـان کرێکـارانی وەرزیـن. زۆرێکیـان لە کوردەکـان کـار دەکەن، لە شـیرکەتە بیناسازییەکان و پرۆژەکانی سەرتاسەری ئێران بڵاو دەبنەوە بەشـێکی تـر لەوانە هەر لە کارگەکـانی تەون و قـاڵی کـار دەکەن کە دەیـان هەزار منــداڵ و کــچ و کــوڕی کەم تەمەنــی لە خــۆ گرتــووە. کرێکــارانی کوردستانیش گیرۆدەی هەمان دیاردەی بێکاری بەرفـراوانن. هەقدەسـتی کەم کە ئەو هەقدەســتە کەمەش زۆر جــار لە ســەر وەختــی خــۆی پەرداخــت نــاکرێ، نەبــوونی ئــازادی سیاســی و بێــبەش لە مــافی ڕێکخراوێکی سەربەخۆن، لە چەند ساڵی ڕابردوودا خەبـاتی کرێکـاری لە ئێـران هەمیشــە بەردەوام بــووەو لە ژێـر تەو زۆر و فشارەشــدا هێشــتا

هێنـدێك جـار سـەری هەڵـداوە. بـۆ نمـوونە، چەنـد سـاڵ لەوەو پـێش کرێکـارانی نەوت بـۆ خواسـتی قەراردادی بە کـۆمەڵ و خواسـتی مـافی رێکخراو دەستیاندایە موبارەزەیەکی گەورە کە ئەگەرچی ئاکـامەکەی ئەو سەرکەوتنە نەبوو کە ئەوان دڵیان دەیخواست، بەڵام ئاسـەواری خـۆی لە سـەر بـزووتنەوەی کرێکـاری ئێـران بەجێهێشـت. ئێسـتا گەورەتـرین موشـکلێك کە لە بەر پێـی کرێکـاری ئێرانـدایە بە گشـتی بـریتییە لە دیکتاتۆری و سـەرکوت و خەفەقـان، بێکـارییەکی بەریـن و بەرفـراوان و هەروەها نەبوونی مافی رێکخراوی سەربەخۆی کرێکـاران قـانونی کـاری کۆماری ئیسلامی کە وەختی خۆی چەند جار لە ژێر فشاری بـزووتنەوەی کرێکارانـدا ئـاڵوگۆڕی پێکـرا، هێشـتاش قـانوونی کـاری دژی کرێکـاری و قانوونی کارێکی نادیمۆکراتی و دژی کرێکـارییە. بەڵام تەنـانەت ئەوەش بە رێکوپێکی بەڕێوە ناچێ و سـەرەڕۆیی لە هەمـوو شـوێنەکانی کـار لە ئێراندا دەستی باڵای هەیە.

بـزووتنەوەی کرێکـاری لە ئێـران بە گشـتی هێشـتاش لە حـاڵەتێکی دیفـاعی و نـارێکخراودایە. ئەگەرچـی کۆمـاری ئیسـلامی تێدەکۆشـێ بە هەمـــوو توانـــای خـــۆی بەری ســـەرهەڵدانەوەیەکی بەهێـــزی ئەو بزووتنەوەیە بگرێ، بەڵام لە هەموو گۆشەو کەنـاری کۆمەڵگـای ئێـرانیش دیاردەی بزووتنەوەی کرێکاری دەبینین. چینـی کرێکـار ئەگەر بتـوانێ لە گۆڕانکارییەکانی داهاتوودا گەورەترین دەورو نەخشی خۆی بنـوێنێ ئەو رێبازە درێژە بە کاری خۆی دەدات. لە راستیدا ئەگەر گۆڕان بنوێنێ.

بەڕێزان! هاوڕێیانی کرێکار!

کۆمەڵە حیزبی چینی کرێکارە، حیزبی چینی چەوسـاوەی کوردسـتانە و وەك رەوتێکی سۆسیالیستی سەری هەڵداوەو تـا ئێسـتاش لە سـەر ئەو بنەمـایە کە سـەرەتا بە نـاوی "کـۆمەڵەی شۆڕشـگێڕی زەحمەتکێشـانی کوردسـتانی ئێـران" وە هـاتە ئـاراوەو ئێسـتاش دوای جیـابوونەوەی لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بەو ناوەوە دەستی بەکار کـردۆتەوە، هەمیشـە

و له هه‌مـــوو هه‌ڵســـوكه‌وت و سیاســـه‌ته‌كانی خـــۆی و له هه‌مـــوو هه‌ڵســـووڕانی خۆیـــدا هه‌ر له‌م ڕوانـــگه‌یه و له ســـه‌ر ئه‌م بنه‌مـــایه له بـــزووتنه‌وه جۆراوجـــۆره كۆمه‌ڵایه‌تییه‌كانـــدا به‌شـــداری كـــردوه و ویســـتوویه‌تی وشـــیاری و ڕێكخـــراو بـــوونی چینـــی كرێكـــار زیـــاتر بكـــاو مافه‌كـــانی چینـــی كرێكـــار به خـــۆی بناســـێنێ، ویســـتوویه‌تی قـــازانج و به‌رژه‌وه‌ندی ئه‌و چینه له بزووتنه‌وه‌ی میللـــی دیمـــۆكراتیكی كوردســـتاندا بپارێزێ و به‌ڕێوه‌ی به‌رێت.

له ســـه‌رده‌می ئێستاشـــدا كـــۆمه‌ڵه‌ی شۆڕشـــگێڕی زه‌حمه‌تكێشـــانی كوردستانی ئێران به‌و تێكۆشانه‌ی خۆی درێـــژه ده‌دات و وه‌ختێـــك خـــۆی به ســـه‌ركه‌وتوو ده‌زانێـــت كه بتـــوانێ چینـــی كرێكـــاری كوردســـتان به‌ره‌و وشیارییه‌كی هه‌رچی زۆرتر و ڕێكخراو بوونێكی هه‌رچـــی زۆرتـــر به‌رێـــت. با كرێكارانی كوردستان له پێوه‌ند له گه‌ڵ چینی كرێكاری ئێرانـــدا بتـــوانن بۆ به‌ده‌ست هێنانی مافه‌كانی ڕۆژانه‌ی خۆیان و بـــۆ به ده‌ســـت هێنـــانی هه‌ر ده‌سكه‌وتێك كه له خه‌بـــاتی ئه‌مـــڕۆ به ده‌ســـت دێ هه‌وڵ بـــده‌ن و هه‌روه‌هـــا بـــۆ تـــێكه‌وه پێچـــانی ڕژیمـــی كۆمـــاری ئیســـلامی و بنیادنـــانی كۆمه‌ڵگـــایه‌كی ئـــازاد و یه‌كســـان كه شـــیاوی ئینســـانێكی ئه‌م ســـه‌ده‌مه‌یه بێت به‌ره‌و سه‌ركه‌وتن بڕۆن.

من جارێكیتر به بۆنه‌ی یه‌كی ئایار، ڕۆژی جیهانی كرێكـــار پیرۆزبـــایی له ئێوه و هه‌موو كرێكاران ده‌كه‌م و هیوای ساڵێكی پڕ له تێكۆشان و پـــڕ له سه‌ركه‌وتن بۆ هه‌موو خه‌باتكـــارانی ڕێـــگه‌ی بـــزووتنه‌وه‌ی كرێكـــاری و خه‌باتكارانی ڕێگه‌ی بزووتنه‌وه بۆ ئازادی و یه‌كسانی ئینسان ده‌خوازم.

سڵاو له گیانی پـــاكی هه‌مـــوو گیـــان به‌ختكردووانـــی ڕێگـــای ئـــازادی و سۆسیالیزم و بزووتنه‌وه‌ی كرێكاری له جیهاندا!

## دەست لە کار کێشانەوەی نوێنەرانی کوردی مەجلیسی شوورای ئیسلامی، چ پەیامێکی بۆ خەڵکی کوردستان تێدایە؟

### ژمارە ٨

خەرمانان و ڕەزبەری ١٣٨٠ی هەتاوی، سپتامبر و ئۆکتۆبری ٢٠٠١ی زایینی

**دەست لە کار کێشانەوەی نوێنەرانی کوردی مەجلیسی شوورای ئیسلامی، چ پەیامێکی بۆ خەڵکی کوردستان تێدایە؟**

ڕۆژی چوارشــــەممە، ٢٨ی خەرمانـــان ئاغـــای ڕەمەزانـــزادە، ئوستانداری ئوستانی کوردستان، لە لایەنی وەزارەتی ناوخۆی ڕژیمی کۆماری ئیسلامیەوە لە سەر کار لابرا. بە دوای ئەوەدا، شەش کەس لە نوێنەرانی کوردی مەجلیسی شوورای ئیسلامی بە نـاوی "بەهـائەدین ئەدەب" و "جەلال جەلالـــی زادە"، نـــوێنەری ســـنە و کامیـــاران و دیواندەرە، "سەلاحەدین عەلایی" نـوێنەری سـەقز و بـانە، "عەبـدوڵڵا ســوهرابی"، نــوێنەری مەریــوان و"محەمــمەد مــحەمەد ڕەزایـــی"، نـوێنەری بیجـار و "حسـێنی"، نـوێنەری پـاوە لە مەجلیسـی شـوورای ئیسلامی ئێران بە نیشانەی ئێعتراز بە لابردنی ئوسـتانداری کـۆن و بە تایبەت بەوەی کە لە دانانی ئوسـتانداری تـازەی کوردسـتان لە لایەن وەزارەتی ناوخۆوە پرسیان پێنەکراوە، هەروەها ئوستانداری تازە کورد نییە، دەستیان لە کار کێشایەوە.

مەسەلەی دەست لە کـار کێشـانەوەی شـەش کەس لە نـوێنەرانی کوردی مەجلیسی شوورای ئیسلامی لە ڕۆژنامەکانی ئێران و لە ڕادیـۆ کوردییەکاندا بە فراوانـی دەنگیـدایەوە.نوێنەرانی کـوردی مەجلیسـی ئیسلامی لە تاران، هەروەها سکاڵایان لە سەر هەڵاواردنی کوردسـتان لە چاو ئوستانەکانی دیکە و پێڕانەگەیشتنی لە بوارەکـانی سـەنعەتی و ئـاوەدانکردنەوە و گەشـەکردنی ئـابووری و بێکـاری لە ڕادەبەدەر و... کردووە. داوایان لە کار بەدەستانی کۆماری ئیسـلامی کـردووە کە بـۆ چارەسـەری ئەم کەم و کووڕیـانە تێبکۆشـن بـا فەزای کوردسـتان تووشی ئاڵۆزی نەبێت.

پـێش هەمـوو شـتێك دەبـێ بگـوترێ کە هەڵبژاردنـی مەجلـیس هەڵبژاردنێکـی ئـازاد و دیمۆکراتیـك نەبـوو، حیـزبە سیاسـییەکان، کەسـایەتییە سـەربەخۆکان، مـافی هەڵسـووڕانیان نەبـووە و نییە،ڕۆژنامەی ئـازاد و سـەربەخۆ لە کوردسـتاندا ڕێـگەی پێـنەدراوە، هەمـوو چـالاکییەکی سیاسـی کە ڕاسـتەوخۆ سـەر بە دەوڵەت و باڵەکـانی نەبـێ قەدەغەیە یـا تێـپەڕین لە حەوت خـانی ڕۆسـتەمی پێویسـتە و زۆر شـتی تـریش. بە لە بەرچـاو گرتنـی هەمـوو ئەو ڕاسـتییانە جـێگەیەك بـۆ هەڵبژاردنـی ئـازادانە و بـۆ هەڵبژاردنـی نوێنەرانی ڕاستەقینەی خەڵك لە ژێر حـاکمییەتی کۆمـاری ئیسـلامیدا نەبـووە و ئێسـتاش نیـیە.هەر بـۆیە ئەو شـەش کەسـە لە نـوێنەرانی مەجلیسی شوورای ئیسلامی لە ڕاستیدا نوێنەری ڕاستەقینەی خەڵکی کوردستان نین و قسەی ئەوان نابێ بەم حسێبە وەربگیرێت. بەڵکـوو گرینگی کارەکەی ئەو شەش کەسە لە نوێنەرانی مەجلیسی ئیسـلامی لە تـاران لەوەدایە کە نیشـاندەدا حەقکـوژی و هەڵاواردن لە دژی خەڵکـی کوردسـتان تـا ڕادەیەك لە ئێرانـی ژێـر دەسـەڵاتی کۆمـاری ئیسلامیدا قووڵ و حاشاهەڵنەگرە کە تەنـانەت نـوێنەرانی مەجلیسـی ئیسلامیش ناتوانن خۆی لێ گێل کەن و ئەوانیش هەوڵدەدەن کەڵکی خۆیانی لێ وەربگرن.

ڕەمەزانـزادە ئوسـتانداری لابـراوی ئوسـتانی کوردسـتان، هەر ئەو کەسـە بـوو کە لە کـاتی خۆپێشـاندانە جەمـاوەرییەکەی شـارەکانی کوردستان لە ٣ی مانگی ڕەشەممەی سـاڵی ١٣٧٧ (١٩٩٨) دا بڕیـاری دەخاڵەتی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەرکوت و کوشـت و بـڕی خەڵکی سنە دەرکـرد بـۆ پاسـاوکردنی ئەو کـارە تاوانبـارانەی خۆشـی ڕایگەیانـد کە خۆپیشـاندەران لە دەرەوەی تێـرانەوە هـاتبوون!هەر بـۆیەش لابردنـی مـۆرەیەکی وەکـوو ڕەمەزان زادە بـۆ هـیچ کەس جێگەی داخ نییە. کەسێکی تریش کە ئەو ڕژیمە وەکـوو ئوسـتانداری

خۆی لە کوردستان دیاری بکا، کورد بێ یا نا، ناتوانێ پارێزەری ویست و ئامانجی خەڵکی کوردستان بێت، بەڵام ئەم رووداوە لەم رووەوە جێگەی سەرنجە کە دەری دەخا بێمافی و ستەمی نەتەوەیی لە کوردستان تا ئەو رادەیەیە کە کاربەدەستانی رژیمی کۆماری ئیسلامی، بە ئیسلاحخواز و موحافزەکارەوە، ئامادە نین تەنانەت ئوستاندارێکی کوردیش دابنێن و حکومەتی ئیسلامی ئێران، سەرەرای ئەو گشتە تەبلیغاتە کە لە سەر "ئیسلاحات"، "بەشداری خەڵك"، "دیالۆگ"و "حکوومەتی قانوون" و شتی لەم بابەتەوە دەیکات، ئامادە نییە لە کوردستان، تەنانەت ئەو جێیەش کە قانوون دیاریکردووە، بچووکترین شت بەو کەسانەش بدات کە خۆی ئەوانی بە نوێنەر قبووڵە.

مەسەلەی کورد و کێشەکانی خەڵکی کوردستان لە ئێران زۆر زیاتر و قووڵترن لەوەی کە نوێنەرانی کوردی مەجلیسی شوورای ئیسلامی بتوانن و بیانەوێ دەریبڕن و نوێنەرایەتی بکەن. ئەوان هەر ئەوەندە بە خەمی گەلی کوردن کە "خانەی کارگەر" بە خەمی کرێکارانە و هەر ئەوەندە نوێنەری خەڵکی کوردستانن کە "ژنانی ئیسلامی" سەر نە ڕژێم نوێنەرایەتی ڕاستەقینەی خواستی ژنانی ستەمدیدەی ئێران دەکەن. هەر وەکوو کاربەدەستانی "خانەی کارگەر"، بۆ کەمکردنەوە، نزم کردنی ئاستی ویستە کرێکاریە ڕاستەقینەکان و بۆ خاوکردنەوەی کرێکاران و بۆ ئەوەی نەهێڵن ئەو بزووتنەوەیە لە ژێر کۆنترۆڵی رژێمی کۆماری ئیسلامی دەربچێت لە ڕێگەیەکی سەربەخۆ و ڕادیکاڵ هەوڵ دەدەن و کارەکەیان لە خزمەت چەواشە کردن و بەلارێدابردنی بزووتنەوەی کرێکارییە، نوێنەرانی کوردی مەجلیسی ئیسلامیش نەنوێنەری رەنج و مەینەتی خەڵکی کوردستانن و نەنوێنەری تێکۆشانی خەڵك بە دژی ئەو ستەمانەن، نە نوێنەری ئاوات و ئامانجە ڕاستەقینەکانی خەڵکی

کوردستانن و نەنوێنەری بزووتنەوەی ڕەوای جەماوەری خەڵك بۆ بەدیهێنانی ئەو ئاوات و ئامانجانەن. لە ڕاستیدا پێكهاتنی "مەجمەعی نوێنەرانی کوردی مەجلیس" نیشانی نیگەرانی کار بەدەستان و دەست و پێوەندەکانی ئەو ڕژێمە لە پەرەسەندنی بزووتنەوەی کوردستان و هەوڵێك بوو بۆ بەرتەسك نیشاندانی ئامانج و ویستەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و قەتیس کردنیان لە چوارچێوەی مەسڵەحەتی ڕژێمی کۆماری ئیسلامیدا و ڕەواندنەوەی مەترسی بزووتنەوەیەکی سەربەخۆ و شۆڕشگێرانە. بە تایبەت کە لە دوو، سێ ساڵی ڕابردوودا شەپۆلی نارەزایی خەڵك لە کوردستان ڕوو لە هەستان بووە و لایەنگران و دۆستانی حکومەتی کۆماری ئیسلامی مەترسی هەستانێکی جەماوەری لە ئارادا دەبینن.

بەم حیسابە "مەجمەعی نوێنەرانی کوردی مەجلیس"، بەبێ لەبەرچاوگرتنی کەسایەتی و پێشینەی سیاسی هەر کامێکیان، دیاردەیەکی ڕەسەن نەبووە و نییە، بەڵکوو زۆرتر دیاردەیەك بووە کە نیشان دەدات پرسی گەلی کورد لە ئێران تازە لە شێردنەوە نایە ئەوانەی کە دۆست و نزیکی ئەو ڕژێمەشن ناچارن فکرێکی بۆ بکەنەوە. ئەوەش کە دەنگی ئێعترازی ئەو کەسانە بەرز بوەتەوە و کڵاویان لە گەڵ کاربەدەستانی وەزارەتی ناوخۆ تێك گیراوە، بێجگە لەوەی کە لە لایەکەوە دەگەرێتەوە سەر کێشە ناوخۆییەکانی نیزامی کۆماری ئیسلامی، لە ئەساسدا نیشاندەری ئەوەیە کە کاربەدەستانی دەوڵەت ئامادە نین تەنانەت لە کاناڵی نوێنەرانی مەجلیسی ئیسلامی خۆشیانەوە بچووکترین خواستی خەڵك بەدیبهێنن و ئیسلاحخوازەکان لەم بابەتەوە دەستێکی کەمتریان لە خۆپارێزەکان نییە. بەڵام سەرەڕایی ئەوانەش، یا باشترە بڵێین هەر بەم دەلیلە، هەر ئەوەی کە ئەمڕۆ "مەجمەعی نوێنەرانی کوردی مەجلیس نووزەیان بەرز بۆتەوە نیشانەی شڕ بوونی حاڵی حکومەتی کۆماری ئیسلامی و نیشانەی ئەوەیە کە لە

بـــنەوە لە قـــووڵایی کۆمەڵگـــای کوردســـتانەوە نـــاڕەزاییەکی گەورە و مەترســـیدار هەســـت پـــێ دەکەن و هەوڵـــدەدەن بەخەیـــاڵی خۆیـــان بەشـــکوو بەم جـــۆرە ئەو نـــاڕەزاییە دەســـتەمۆ بـــکەن و لەبـــاری بەرن. هەروەها ئەو کەسانەش بیانەوێ لەم ڕێگەیەوە پەروەندەیەکی سیاسی خاوێن بۆ دواڕۆژی خۆیان دروست بکەن و وەختی خۆی بڵێن ئـێمەش خەڵك بووین. بەڵام گرینگ مەبەستی ئەو شـەش کەسـە نییە، گرینـگ ئەوەیە بـزانین چ هـۆیەك تینـی ئەوانـی داوە و چ نەتیجەیەکـی لـێ وەردەگرین.

کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەبێ لەم وەزعە خۆشحاڵ بن  بڕوایان بە خۆیان و بەخەباتیان زیاتر بێت، چونکە ئەمە ڕەنگدانەوەی خەبـات و تێکۆشـانی سـەربەخۆی خەڵکـی کوردسـتان بە دژی ڕژێمـی کۆمـاری ئیسـلامی و سیاسـەتەکانیەتی کە دەبینـین تەنـانەت ئەو کەسـانەی کە هەتا دوێنێ لە بەرابەر هەموو سـتەم و سـەرکوتێکی خەڵکـدا بێـدەنگ بوون، یان بەعزێك لەوان ڕاسـتەوخۆ خزمەتکـاری ئەو ڕژێـمەش بـوون، ئەمرۆ بۆڵەبۆڵیان لە نێوخۆیاندا دەسـت پێکـردووە و پاکـانە بۆخۆیـان دەکەن، کەس لە کوردسـتان لە دەوری نـوێنەرانی مەجلیسـی ئیسـلامی کۆنابێتەوە خۆشیان و کاربەدەستانی سەرەوەی ڕژیمیش ئەوە دەزانـن. خواستی خەڵکی کوردسـتان ڕەسـەن و خەباتەکەیـان سـەربەخۆیە و بە خۆنواندنەکانی نوێنەرانی مەجلیسی ئیسـلامی بەلارێـدا نـاچێ. خەڵـك نوێنەرانی ڕاستەقینەی خۆیان باش دەناسـن دەزانـن لە کـاتی موبـارەزە بۆ بەدیهێنانی مافەکانیان لە دەوری چی و کێ کۆببنەوە.

بەڵام ئێعـتڕازی نـوێنەرانی کـوردی مەجلیسـی ئیسـلامی لە تـاران، پەیـامێکی ڕوونـی بـۆ کـۆمەڵانی خەڵکـی کوردسـتان تێـدایە: خەبـاتی شۆڕشـگێڕانەی سـەربەخۆی جەمـاوەری لە هەمـوو بوارەکانـدا، تـاکە ڕێگەی ڕزگاریە و سەرەنجام هەر ئەو کـارە شۆڕشگێڕانەشـە کە ئاسـۆی سـەرکەوتن وەدەر دەخـا، خەڵکـی بـێلایەن بـۆلای خـۆی ڕادەکێشـێ و تەنانەت لە نێوخۆی دەسەڵاتدارانیشدا ڕەنگ دەداتەوە.

## کۆتایی جەژنی چەوساوەکان
بە بۆنەی هەشتا و پێنجەمین ساڵڕۆژی ئۆکتۆبر

## ژمارە ١٨، ١٩
ڕەزبەرو خەزەڵوەری ١٣٨١، ٢٠٠١ی زایینی

## کۆتایی جەژنی چەوساوەکان

به بۆنەی هەشتا و پێنجەمین ساڵڕۆژی ئۆکتۆبر

بیست و پێنجی مانگی ئۆکتۆبەر، یان به پێی ئەو ڕۆژ ژمێره تازەیه که دوای شۆڕشی ئۆکتۆبر له ڕووسیا دانرا، ڕۆژی حەوتی نۆڤامبر، ڕاست هەشتا و پێنج ساڵ به سەر ئەو ڕۆژەدا تێدەپەڕێ که کرێکاران و مەلەوانانی پێترۆگراد کۆشکی زستانەی تێزارەکانی ڕووسیایان گەمارۆ داو گرتیان.

"دەوڵەتی کاتی"یان له سەر دەسەڵات لابرد و بەم کاره شۆڕشێکیان دەست پێکرد که شوێنەوارەکانی به شێوەی جۆراوجۆر، تەواوی مێژووی سەدەی بیستەمی خسته ژێر سێبەری خۆیەوه. باسکردن و لێکۆڵینەوەی ئەم ڕووداوه کۆمەڵایەتیه گەورەیه و هۆیەکانی و ئەو هێزانەی تێیدا دەوریان بوو، له زۆر بەڵگەدا تۆمار کراون و هێشتا به سەرچاوەیەکی له بن نەهاتوو بۆ مێژوونووسین دێته ئەژمار.

شۆڕشی ئۆکتوبر له کاتی ڕوودانیدا و دەسبەجێ دوای ڕوودانی، بووبه تەوەرەیەك بۆ گەلێك زێر بەستنی سیاسی و فیکریی قووڵ و بەرین له سەراسەری جیهاندا و زۆر کێشه و بەرەو ڕووبوونەوەی پەرەپێدا. ئەمڕۆش دوای هەشتا و پێنج ساڵ، دوای تێپەڕ بوونی سەدەی بیستەم و داڕووخانی ئایدۆلۆژیك و سیاسیی ئەو سیستمه که دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر له ڕووسیا هاتبووه سەر کار، به واتایەکی دیکه دوای ئەوەی که مێژوو خۆی گرێی ڕازەکانی ڕووسیای کردوەتەوه، هێشتاش لێکۆڵینەوه و کێشه له سەر شۆڕشی ئۆکتۆبەر و داوەری کردن له بارەیەوه، هەروا درێژەی هەیه.

پێم وایە باشترە ئەم دەرفەتە کورتە تەنیا بۆ باسکردنی چەند خاڵێك تەرخان بکەین کە بە باوەڕی من لە باسی شۆڕشی ئۆکتۆبردا جێگایەکی گرینگیان هەیە و لە هەمان کاتیشدا ڕوانگە سەرەکییەکانی نووسەری ئەم دێرانە نیشان دەدەن.

یەك: گومان لەوەدا نییە کە شۆڕشی ئۆکتۆبر لە لایەکەوە بەرهەمی هەوڵێکی بەرنامە بۆ دارێژاوی حیزبێکی سیاسی، واتە مارکسیستە شۆڕشگێڕەکانی رووسیا یان بۆلشویکەکان بۆ بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات بوو.

بەڵام بەم حاڵەشەوە پێناسەکردنی ئەو شۆڕشە بە ناوی کوودەتای" بیوادە و ماجراجویانە"، کە ڕوانگەی باو و سەلمێنراوی نیولیبراڵی ئاوا لەو ڕووداوەی دەڕوانی، هۆیەکان و زەمینە کۆمەڵایەتییە قووڵەکانی ئەم ڕووداوە و پەیوەندی حاشا هەڵنەگری لە گەڵ داخوازەکان و خەباتی کرێکاران و جەماوەری خەڵکی ڕووسیا فەرامۆش دەکا و لە بە رچاوی ناگرێ. شۆڕشی ئۆکتۆبەر، بزووتنەوەیەك بوو لە ناخی ئاڵوگۆڕە دەروونیە قووڵەکانی کۆمەڵگای ڕووسیاوە هەڵقوڵابوو و ئاوێنەی ئاوات و ئارەزووەکانی جەماوەری بەرینی کرێکاران و هەروەها سەربازان و جوتیاران بوو و، لە ڕاستیدا بەرهەمی ئەو ڕەوتە بوو کە خەباتی سیاسی و چینایەتی لە کۆمەڵگای ڕووسیەدا بە درێژایی ساڵان، لە سەردەمی شەڕدا بە تایبەت لە فیوریەی ١٩١٧وە پێیدا هاتبوو. هەروەها، ئەم شۆڕشە لە سەر زەمینەی شەڕی یەکەمی جیهانی و قەیران و پەرەگرتنی جیهانی بزووتنەوەی ئیعترازی و شۆڕشگێرانە لە دژی سیستەمی زاڵی سەرمایەداری شکڵی گرت.

ڕاپەرینی جێژنی "پاك"ی ساڵی ١٩١٦ لە ئیرلەند، کە لێنین بە گەرم و گوڕی پێشوازیی لێکرد، پێش شۆڕشی ئۆکتۆبر و شۆڕشەکانی ئاڵمان و مەجارستان و هەروەها بزووتنەوە شۆڕشگێڕانە و کرێکارییە

بەرینەکانی کرێکارانی ئیتالیا و زۆر لە وڵاتانی دیکەی ئورووپا دوای شۆڕشی ئۆکتۆبر، بەڵگەن بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستیدە کە لە بەشی هەرە زۆری ئورووپا شۆڕشە کرێکارییەکان و بزووتنەوەکانی بێبەشان خاوەنی زەمینەی عەینیی سیاسی و جەماوەری بوون. شۆڕشی ئۆکتۆبەر، بەبێ لە بەر چاوگرتنی زەمینە ناوخۆیی و نێونەتەوەییەکانی، کە هێندێکیان لە چەندین ساڵ پێشترەوە خەریک بوون پێک دەهاتن، ناکرێ بیناسی.

دیتنی ئەنجامەکانی دواتری شۆڕشی ئۆکتۆبر، نەک هەر مێژوونووسانی نیولیبراڵ بەڵکوو تەنانەت بەشێک لە چاوەدێرانی چەپ و مارکسیستیشی وا لێکردوە بەو ئەنجامە بگەن و هەلومەرج بۆ شۆڕشێکی ڕاستەقینەی کرێکاری و جەماوەری ئامادە نەبووە و بڕیارەکەی لێنین و بۆلشویکەکان بۆ دەستدانە شۆڕش بڕیارێکی ناوەخت و ماجەراجویانە و تەنانەت کودەتاچییانە بووە. لێکۆڵینەوەی عەینی و بەویژدانانەی دۆخی ڕاستەقینەی جیهان لە کۆتاییەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی و ساڵەکانی دوای شەڕدا، بە پێچەوانەی ئەم ئیددعایە دەسەلمێنێ. لەو سەردەمەدا، ڕەوتی شۆڕشگێڕانە بەشی هەرە زۆری ئورووپای داگرتبوو. لە ڕاستیدا هەڵچوونێکی شۆڕشگێڕانە ئەم وڵاتانەی گەیاندبووە بەر دەروازەی تەقینەوەی کۆمەڵایەتی. بۆ ئەوەی دەریخەین کە لە راستیدا هەڵچوونی شۆڕشگێڕانە لە ئورووپا لە ئارادا بووە و نەک هەر سۆسیالیستەکان بەڵکوو سیاسەتمەداران و دەوڵەتە بورژواییەکانیش چاوەڕوان بوون و پێشبینی ئەوەیان دەکرد کە هاکا شۆڕشی کۆمەڵایەتی لە وڵاتانی ئورووپایی سەری هەڵدا، سەرنجتان بۆ قسەکانی "لۆید جۆرج" سەرۆک وەزیرانی ئەو کاتی ئینگلیس لە حیزبی لیبراڵ، ڕادەکێشم. ئەم سیاستمەدارە دووربینەی سەرمایەداری بە ئاشکرا ڕای دەگەیاند

"سەرتاسەری ئەوروپا پڕاوپڕە لە هەستی شۆڕشگێڕانە. هەستێکی قــووڵی نــاڕەزایەتی، بگــرە لە نــاڕەزایەتیش بەولاوە، تــووڕەیی و یاخیبوون لە نێو کرێکاران لە دژی هەلومەرجی بەر لەشـەڕ، شـەپۆل دەدا. ســەرتاپای ئەم سیســتمەی ئێســتا لە مەیــدانی سیاســی و کــۆمەڵایەتی و ئابووریــدا، لە سەراســەری ئەوروپــادا لە لایەن خەڵکەکەوە، کەوتوەتە ژێر پرسیار."

بەشـێك لە سیاسـەتمەدارانی چینـی دەسـەڵاتدار تەنـانەت پـێش سەرهەڵدانی ئەو شۆڕشە، باسی مەترسییەکانیان دەکـرد و یەکتریـان لـێ ئاگـادار دەکـردەوە. "پ.ن. درنـوو"، وەزیـری نـاوخۆی پێشـتری ڕووسـیا و ئەنـدامی بـاڵای ئەنجـومەنی دەوڵەتـی ڕووسـیا، هەر لەو مانگەدا، فیڤریەی ساڵی ١٩١٤، لە یاداشـتێکدا کە بـۆ تێـزار نیکـۆڵای دووهەمی نارد، وتی شـەڕ لە گەڵ ئـاڵمان "جیـاواز لەوەی کـێ تێیـدا سـەر دەکەوێ، مەترسـییەکی کوشـندەی بەدواوەیە.... شۆڕشـێکی کۆمەڵایەتی لەو وڵاتە شکاوەدا سەرهەڵدەدا و ژیانی سەرکەوتوویش گیرۆدە دەکات."

کەوابــوو بە راســتی ئەوروپــا لەو کــاتەدا لە بەردەم شۆڕشــێکی کۆمەڵایەتیـدا بـوو و لە بـاری عەینیشـەوە ئەو شـتێکی مـومکین و گونجاو بوو. کاتێك لێنین دەیگـوت " ئیمپریـالیزم شـەوی داوی ڕۆژی شۆڕشــی سۆسیالیســتییە" راســتییەکی بەرچــاوی ســەردەمی خــۆی دەردەخست. شۆڕشی ئوکتۆبر لە سەر وەها زەمینەیەك سەریهەڵدا و لە هەنگـاوێکی ماجەراجویـانەی جیـا لە جەمـاوەری خەڵـك گەلێـك دوور بوو.

لە وڵامی ئەم جـۆرە نیگەرانییـانەدا بـوو کە لێنـین بە تـایبەت بـۆ ئەوەی لە بـابەت پێویسـتی شـۆڕش و بـوونی زەمینـەی جەمـاوەری ئامادەی شۆڕش قەناعەت بە کومیتەی ناوەندی حیـزبەکەی و کـادرە باڵاکان بێنی، لە نامیلکەی "مارکسیزم و ڕاپەڕین"دا دەڵێ:

پەنا بردن بۆ کردەوەی چەکدارانە بلانکیزمە، ئەگەر ئەو کردەوە چەکدارانەیە لە لایەن حیزبی چینێکی دیاریکراوەوە ڕێکخرابێ، ئەگەر ڕێکخەرانی کردەوەی چەکدارانە بە گشتی هەلومەرجی سیاسی و بەتایبەت هەلومەرجی نێونەتەوەییان لێك نەدابێتەوە، ئەگەر حیزبەکە لایەنگری زۆرینەی خەڵکی لەگەڵ نەبێت و ئەم لایەنگراییە لە زەمینەی واقیعدا خۆی نیشان نەدابێ، ئەگەر ڕەوتی گۆڕانکاریی ڕووداوە شۆڕشگێڕانەکان خۆی لە کردەوەدا دوو دڵیی سازشکارانەی وردە بورژوازیی پووچەڵ نەکردبێتەوە، ئەگەر زۆرینەی ئۆرگانە شوورایيەکانی خەباتی شۆڕشگیرانە کە وەك ئۆرگانی خاوەن ئۆتۆریتە بە ڕەسمییەت ناسراون یان لە کردەوەدا جێگایەکی وایان وە دەست هێناوە بەرە و هاوکاری ڕانەکێشرابن، ئەگەر لە ڕیزەکانی ئەرتەشدا "لە کاتی شەردا" هەستی نەیاری و دژایەتی لە گەڵ حکوومەت، ئەو حکوومەتەی شەڕی ناعادڵانە بە پێچەوانەی ویستی خەڵك درێژە پێدەدا، بە ڕادەی پێویست پەرەی نەگرتبێ، ئەگەر دروشمەکانی شۆڕش (وەك " هەموو دەسەڵات بۆ شووراکان "، "زەوی بۆ جوتیاران" و یا "پێشنیاری دەسبەجێ ئاشتیی دێموکراتیك بۆ هەموو نەتەوەکانی لە حاڵی شەردا"...) لەگەڵ پێشوازی بەرینی جەماوەری خەڵك بەرەوروو نەبووبن، ئەگەر کرێکارانی پێشڕەو لە هەلومەرجی نالەباری جەماوەری خەڵك و لە پشتیوانی زەحمەتکێشانی دێهات دڵنیا نەبووبن، پشتیوانیەك کە بە هۆی بزووتنەوەی جووتیاران یان بە ڕاپەڕین لە دژی موڵکدران دەکات، جیددی بوونی خۆی نەسەلماندبێ، ئەگەر هەلومەرجی ئابووریی وڵات بە شێوەیەك بێت کە ئەو هیوایە پێك بێنێ دەکرێ ڕێگا چارەیەکی ئاشتیانە و پارلەمانی بۆ کێشەکان بدۆزرێتەوە."

ڕاستە لێنین لە سەرەتای هاتنەوەیدا بۆ ڕووسیا پاش گەڕانەوەی لە تەبعید، بە هێنانەگۆڕی " تیزەکانی ئاوریل"، کومیتەی ناوەندی

حیزبی بۆلشویکی، کە سیاسەتی پشتیوانی مەرجدار لە دەوڵەتی کاتی ڕەچاو کردبوو، خستە بەردەم هەڵویستێکی لە ناکاو، بەڵام ئەم "تاکڕەوی"یەی لێنین، لە ڕاستیدا بە مانای هاودەنگی لەگەڵ ئەو ئاوات و ئارەزووانە بوو کە لە ناو جەماوەری خەڵکدا شەپۆلیان دەدایەوە و بەم مانایە بۆلشویکەکانی لە رادیکالیزمی خەڵك تیژیکتر کردەوە و، بناغەیەکی کرێکاری زۆر بەرینتری پێ بەخشی، و کومیتەی ناوەندی کە لە سەرەتاوە تێزەکانی لێنینی، لە دوو دەنگ لە بەرانبەر سێزدە دەنگدا ڕەد کردبووەوە، بەم سیاسەتە پەیوەست بوو.

هەر لەم بابەتەوە خراپ نییە ئاماژە بۆ نەزەری مارتۆف، ڕێبەری ناسراوی منشویکەکان لە نەیارانی بەناوبانگی لێنین، بکەین کە سەرەڕای جیاوازی قووڵی بیروڕا لەگەڵ لێنین، شۆڕشی ئۆکتۆبری بە بەرهەمی خواست و کردەوەی جەماوەری کرێکاران دەزانی و ڕوو بە هاوکارانی خۆی ئامادە نەبوون ئەم ڕاستیە قەبوڵ بکەن، لە کۆنفرانسێکی منشۆیکەکاندا وتی " تکایە لەم ڕاستییە بگەن کە ئەوەی دەیبینین و لە بەرانبەرماندایە شۆڕشێکی سەرکەوتووی کرێکارییە. دەتوانین بڵێین تەواوی چینی کرێکار پشتیوانی لە لێنین دەکەن و ڕزگاری کۆمەڵایەتی خۆیان لەم شۆڕشەدا دەبینن". سۆخانۆف، مێژوونووسی منشویکی شۆڕشی ئۆکتۆبەریش، لە شەرحی ناکۆکییەکەی لێنین لە گەڵ زینۆڤییف و کامێنۆف دا لە سەر مەسەلەی ڕاپەرینەکە، ئاوا دەڵێت: "ناوهێنانی ڕووداوەکە بە پیلانی چەکدارانە لە جیاتی شۆڕشی نەتەوەیی، لە کاتێکدا کە زۆربەی هەرە زۆری خەڵك پەیڕەوییان لە حیزب دەکرد، لە کاتێکدا کە حیزب لە کردەوەدا تەواوی دەسەڵات و ئۆتۆریتەی ڕاستەقینەی بەنەغدوە دەست هێنابوو، بە ئاشکرا پووچ و بێ ناوەرۆك بوو. لەلایەن دووژمنانی بولشویزمەوە، ئەمە پووچییەکی تاوانبار نەبوو،

بەڵام لەلایەن ئەم جەماعەتەوە، ئەمە خـودزینەوە لە ڕاسـتی بـوو لە ئاکامی ترس و وەحشەتدا. لەمەدوا، حەق بە لێنین بوو.

(( لە بەر چـاوی کرێکـارانی ڕادیکـاڵ و بەخێرایـی لە بەر چـاوی هەموو جەماوەری بەرینی کرێکاران، حیزبی بۆلشـویك بـوو بە تـاکە حیزب کە بێئەم لاو لا پشتیوانی لە شوراکان و لە سپاردنی دەسـەڵات بە شـــوراکان دەکـــرد و لێبـــڕاوانە لە بەرانـــبەر تەقەلای دەســـتە ڕاسـتیەکاندا کە هەوڵیـان دەدا بـۆ داگیـر کردنـی دەسـتکەوتەکانی شۆڕش، ڕادەوەستا. هەڵبژاردنەکانی پیترۆگراد، کە پێشڕەوترین شـاری ڕووسیا و ناوەندی هەڵسووڕانی بۆلشویکەکان بوو، لە ماوەی چەند مانگی نێوان مانگی مەی تا نۆڤامبردا ، گەشەی بەر چاوی ئەم حیـزبە نیشان دەدا. نەك هەر هەڵبژاردنی شـوراکان کە ئاکامەکـانی گەلێـك جار ئاماژەیان بۆ کراوە، تەنـانەت هەڵبژاردنەکـانی دۆمـای شـار، ئەم ڕاستییەی دەخستە بەرچاو. دەنگەکانی بۆلشـویکەکان لەم مـاوەیەدا لە نزیکەی لە سەدا بیستەوە بوو بە لەسەدا چل و پێـنج، لە حاڵێکـدا ڕێژەی دەنگەکانی حیزبی سۆسیالیستەکانیتر، دابەزینێکـی تونـدی بە خـــۆیەوە بینـــی، کومیتەکـــانی کارخـــانە و ئۆرگـــانە کرێکـــاری و جەماوەرییەکانی دیکە، کە زۆربەیان بەدەست پێشـخەری خەڵـکەکە خۆیان و بەبێدەخاڵەتی بۆلشویکەکان نیزیك بـوونەوە و ڕۆژ بە ڕۆژ زۆرتر دەکەوتنە ژێر کاریگەری ئەوان. یەکێتـیە کرێکارییەکـانیش کە لە ڕووسـیا تـازە خەریـك بـوون خۆیـان دەگـرت و بەردەوام لە ژێـر گوشاری ئیستیبداددا بوون، لە ساڵی ١٩١٧دا گەشـەیەکی بەرچاویـان بە خـۆوە بینـی. لە ژوئەنـی ١٩١٧دا، نـزیکەی هەزار سـەندیکای کرێکـــاری بە یەك میلیـــۆن و چوارســـەد هەزار ئەنـــدامەوە و لە ئۆکتۆبەردا، دوو هەزار سەندیکا بە زیاتر لە دوو میلیـون ئەنـدامەوە پێك هاتبوون و چالاکیـان دەنوانـد. سێهەمین کـۆنگرەی سەراسـەری یەکێتیە کرێکارییەکان لە مانگی ژۆئەندا و بەرلەوەی خۆشەویستی و

نفـوزی بۆلشـویکەکان بگـات بە بەرزتـرین ئاسـتی خۆشـی، لە ٧٣ لێژنەی نوێنەرایەتی نیزیك لە بۆلشویکەکان، ٣٦ لێژنەی نوێنەرایەتی نزیـك لە منشـویکەکان، ٣٥ لێـژنەی نـوێنەرایەتیی نزیـك لە "ئـیس، ئار"ەکان و ٣١ لێژنەی بێلایەن پێك هـاتبوو کە بـۆ ڕێـبەری خـۆی ١٣ بۆلشویك، ١٣منشویك و ٣ "ئێس ئار"ی هەڵبژارد.

هەر ئەم ڕەوتە لە نێو سەربازانیشدا بوو. کومیتەی سـەربازان، کە لە سەرەتاوە زۆرتر لەو ڕۆشنبیرە نارازییانە پێکهاتبوون کە یۆنیفـۆرمی سـەربازییان لە بەردابـوو، لە بـاری سیاسـییەوە تـا مـانگی ئـاڤریلیش زۆرتر لە گەڵ منشویکەکان بوون و پشتیوانیان لە شورای پێتروگـراد و لە سیاسەتی دیفاع تەڵەبـی شۆڕشـگێڕانە دەکـرد کە منشـویکەکان و سۆسیالیستە میانەڕەوەکان لە پشتی بـوون. بەڵام ئەم دۆخە بەرەبەرە گۆڕا. حیزبی بۆلشویك تاکە حیزب بوو کە بێ هیچ ڕاڕاییەك داکـۆکی لە ئاشتی دەکـرد و ئەم سیاسـەتە هەرچـی زۆرتـر لەگەڵ خواسـت و هەسـتی سـەربازەکان دەهـاتەوە. پادگـانی پێتروگـراد کە لە سـەرتاوە کاریگەریی شۆرای پێترۆگـراد بە ڕێبەریـی منشـویکەکانی بەسـەرەوە بوو، لە هاوینی ئەو ساڵەدا بە ئاشکرا بە لای بۆلشـیویکەکاندا هـات. نـاڕەزایەتی لە درێـژەی شـەڕ و نافەرمـانی و هەڵاتـن لە ڕیزەکـانی سـوپای ڕووسـیا ڕوو لە زیـاد بـوون بـوو و بەردەوام پەرەی دەگـرت. سوپای ڕووسیای تێزاری کە یەکێك لە ناوەندە سـەرەکییەکانی هێـز و دەسـەڵاتی چینـی دەسـەڵاتدار بـوو، خەریـك بـوو لە بەر یەك هەڵدەوەشا و هەڵوەشـانەوەی سـوپا و دەزگـای زەبـر و زەنـگ وەك هەمیشە نیشانەی نزیکبوونەوەی ڕاپەڕین و بە هەر حـاڵ ڕووخـانی دەوڵەت بوو.

ڕووداوەکانی مانگی ژووئیە، کە بە وتەی لێنین لە خۆپێشـاندانێك زیـاتر و لە ڕاپەرینێـك کەمـتر بـوو، بەرهەمـی خواسـت و نەخشـەی بۆلشـویکەکان نەبـوو، بەڵکـوو ئەنجـامی پڕبـوونی کاسـەی سـەبری

جەمـــاوەر بـــوو و نیشـــانی دەدا کە بەشـــێکی هەرچـــی زۆرتـــری جەماوەری ڕادیکاڵ بێسەبرانە خوازیاری ئاڵوگۆڕێکی جیددین.

بۆلشـــویکەکان بـــۆ ئەوی پـــێگەی خۆیـــان بپـــارێزن و بـــۆ ئەوەی نەهێڵن ئەم ڕووادنە ببنە تێکهەڵچوون و ڕاپەڕینێکی تەواو عەیار، کە لایان وابوو هێشـتا نـاوەختە و کـاتی نەهـاتووە، لەم خۆپێشـاندانەدا بەشدارییان کردو هەوڵیاندا کـۆنترۆڵی بـکەن و هەر بەم بـۆنەوە بـۆ ماوەیەك کەوتنە بەر شاڵاوی سەرکوت، ڕۆژنامەکانیان داخران، لێنـین ڕووی کـــردە حاشـــاگەریەك لە فێنلانـــد و کـــۆنگرەی شەشـــەم لە هەلومەرجی کاری نهێنیدا گیـرا. بەڵام ئەم گوشـارە زۆری نەخایانـد و بە هـۆی پشـتیوانیی پەرەگـری جەمـاوەر لە بۆلشـویکەکان، دۆخەکە گۆڕا .

لە ڕوانگەی جەماوەرەوە تەنیا ڕێگای ڕزگاری لە بنبەسـت و تەنیـا ڕێگای گەیشتن بە ئاواتەکانیـان، شـوڕا بـوو و نفـووزی بۆلشـویکەکان لەم شـــورایانەدا بە شـێوەیەکی بەردەوام ڕوو لە زیـادبوون بـوو. لە سێپتامبری ١٩١٧دا بۆلشویکەکان زۆرینـەی شـورای پێترۆگرادیـان" کە ترۆتسکی سەرۆکایەتی دەکرد"وە دەست هێنا و لە شورای مۆسکۆش زۆرینەیـان بە دەسـت هێنـا. پایگـای هێـزی دەریـایی نـاسراو بە "کرونشـــتاد" و بەرەکـــانی بـــاکووریش لە دەوری ئەم سیاســـەتە کۆببوونەوە. ڕووداوی "کۆرنیلـۆف" لە مـانگی ئـووت دا کە هەواڵێـك بـوو لەلایەن ژەنـڕاڵە کۆنەپارێزەکـانی سـوپای تێـزار بـۆ کوودەتـا بە مەبەسـتی لە نـاوبردنی شـوراکان و گەڕانـدنەوەی دەسـەڵات بـۆ سـەرمایەداران و خـاوەن موڵکەکـان و ژەنڕاڵەکـانی ڕژێمـی پێشـوو، نەفـــرەت و دڵەڕاوکێـــی لە ڕیزەکـــانی کرێکـــاران و ســـەربازان و جەمـاوەری خەڵکـدا زۆر زیـاتر کـرد و وای لێکـردن کە زیـاتر ببـنە لایەنگری هەنگاوێکی هەرچـی لیبڕاوانەتـر و لەم بارەشـەوە حیزبـی بۆلشویکەکان وەك ئاڵا هەڵگری خەباتی لیبڕاوانە دژ بە کۆنەپەرستی

شکســت خــواردوو، هەرچــی زیــاتر دەنــاسرا و ڕیزەکــانی پەرەیــان دەگرت. جـگە لەوەش، گاردەسـوورەکان، کە دوای شکسـتی پۆلیسـی تێزار لە فێڤریەی ١٩١٧دا، لێرە و لەوێ بە تایبەت لە پاڵ کومیتەکانی کارخانەکان بۆ پاراستنی کارخانەکان ساز کرابوون، لە کـاتی ڕووبەڕوو بـوونەوە لەگەڵ پیلانــی کۆرنیلۆفـدا لە کۆتـایی مـانگی ئووتـدا پەرە گرتنێکی بەرچاویان بە خۆوە بینی و لە مـانگی ئۆکتـۆبەردا ژمارەیـان گەیشتە نزیکەی ١٥٠ هەزار کەس. ئەم ناوەندە تـازە و خۆڕسـکانەی داکـۆکی لە خـۆکردنی جەمـاوەر، بە خێرایــی ڕادیکـاڵیزە بـوونەوە و بەهەمــان ڕادەش نفــووزی بۆلشــویکەکان لە ناویانــدا بە خێرایــی گەشەی کرد .

گەلێك نموونە و بەڵگەنامە کە لێرەدا دەرفەتی ئاماژە بـۆ کردنیـان نیە، هەن کە نیشان دەدەن چۆن کۆمەڵگای ڕووسیا بە خێرایی بەرەو ڕیزبەستنێکی یەکلایی کەرەوە دەڕۆیشـتە پێشـەوە. نەك هەر لە نێـو کرێکـاران و مەلەوانــان و ســەربازان وە جووتیــاران دا مەیـل بەرەو ڕادیکاڵیزم لە گەشە کردندا بوو، بەڵکوو لە بەرەی نەیارانیشدا، لە نێو حیزبە بۆرژواییەکان و دام و دەزگاکانی رژیمی کۆنیشدا لایەنگری لە کـردەوەی تونـدوتیژ و یەکـلاکەرەوە و دەسـت بـردن بـۆ سـەرکوتی شوراکان و گەڕاندنەوەی دیکتاتۆریی نیزامی ڕوو لە پەرەسەندن بوو. بە واتــایەکیتر لە هەردوو ئۆردووگــای کۆمەلایەتیــدا زەمیــنە بــۆ ڕووبەڕوو بوونەوە ئامادە دەبوو و درەنگ یان زوو ئەم تێکهەڵچوونە دەبـوو بکـرایە. ڕەوتــی گشـتیی وەزعەکە گەیشـتبووە جێگـایەك کە ئەگەر بێت و ڕاپەڕیـن و داخوازییەکـانی خەڵـك بە تەواوی لە لایەن دیکتاتۆرە نیزامیەکان و فاشیستەکانەوە سەرکوت نەکرێ، بەو جۆرەی لە ئاڵمان و ئیتالیا کرا، بێجگە لە هەڵبژاردنی ڕێگای شۆڕشگێڕانە هیچ ڕێگـایەکی تـری نەهێشـتبووەوە. شۆڕشــی ئۆکتـۆبەر بەرهەمــی ئەو راسـتیە و وەڵامێـك بـوو بـۆ شـکاندنی ئەو بنبەسـتەی پێکهـاتبوو.

ترۆتسکی لە کتێبەکەی خۆیدا "مێژووی شۆڕشی ڕووسیا"کە یەکێك لە بەرهەمە کلاسیکەکانی مێژوونووسیی مارکسیستی و کتێبێکی زۆر بە نرخ و جێگای سەرنجە، لەم بابەتەوە دەنووسی:

"هەر وەك چۆن نیمچە ڕاپەڕینی مانگی ژووئیە لە تامەزرۆیی یەکجار زۆری جەماوەری پێترۆگرادەوە سەرچاوەی گرتبوو، هەستانی کۆرنیلۆفیش لە مانگی ئووتدا لە بێقەراریی چینی سەرمایەدارەوە سەری هەڵداو هەروەك چۆن بۆلشویکەکان ناچار بوون لایەنی شۆڕشی چەکدارانە بگرن بەڵکوو بە سەرکەوتنی بگەیەنن، یان لاینکەم ڕێگا لە لەناوچوونی بگرن، هەر بەم شێوەیە کادێتەکانیش لەم بارەوە خۆیان بە ناچار زانی کە لە هەستانی کۆرنیلۆفدا بەشداری بکەن. لەم چوارچێوەیەدا، هاوتاییەکی سەرسووڕهێنەر لە نێوان ئەم دوو لایەنەدا دەبیترێ، بەڵام لەم چوارچێوە هاوتایەدا، ڕووبەڕوو بوونەوە و ناتەباییەکی ئاشکرای ئامانجەکان و شێوەکارەکان و ئاکامەکان هەیە".

لە نێو جووتیارانیشدا، گەرچی کارەکە تا ڕادەیەك دواکەوت، هەمان ڕیزبەستنی چینایەتی و سیاسی لە کایەدا بوو. زۆرترین نفووز لە نێو جووتیاراندا، حیزبی"ئێس. ئارەکان" (سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکان) بوویان. بەڵام لە نێوخۆی دێهاتەکانیشدا پرۆسەیەکی ڕادیکاڵیزەبوونی جەماوەری جووتیاران لە ئارادا بوو و مەیل بەرەو کردەوەیەکی ڕاستەوخۆ ڕوو لە زیادبوون بوو. کاتێك کە یەکەمین کۆنگرەی گشتی شوراکانی نوێنەران لە مانگی مەیدا گیرا، لە ڕاستیدا شۆڕشی جووتیاران هەر ئەو کاتیش دەستی پێکردبوو و لە زۆر ئاوایی، جووتیاران ڕاستەوخۆ دۆخەکەیان خستبووە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە. نزیك نیوەی نوێنەرانی ئەم کۆنگرەیە لە حیزبی ئێس ئارەکان نزیك بوو. بەشی بۆلشویکەکان لەم کۆنگرەیەدا گەلێك کەم بوو و نفووزیان لە ناو دێهاتەکان هێشتا زۆر کەم بوو، بەڵام لێرەشدا

ئەوان تـاکە حیزبێـك بـوون کە بـێ ڕاڕایـی لایەنگـری ئەوە بـوون جووتیاران و کومیتەکانیان دەست بە سەر زەوییەکانـدا بگـرن و هەر ئەمە بـووە هـۆی ئەوە کە پشـتیوانیکردن لە بۆلشـویکەکان لە نـاو جووتیاراندا پەرە بگرێ.

لە مانگی سێپتامبردا پاش کۆکردنەوەی بەروبووم، شەپۆلێکی تـازە و بەهێزی ڕاپەڕین و شۆڕشی جووتیـاران، دێهاتەکـانی گـرتەبەر. ئەو سەربازانەش کە خەڵکی دێهاتەکان بوون کۆمەڵ کـۆمەڵ دەگەڕانەوە بـۆ ئاواییەکـان. ئەمەش شـاڕێیەکی گەورە بـوو بـۆ گواسـتنەوەی بۆچوونی رادیکاڵی بۆلشویکەکان سەبارەت بە زەوی و زار .

لە ڕاستیدا لێنین گەڵاڵەی "ئێس، ئاڕەکـانی" بە تەواوی وەرگرتبـوو و ڕاپەڕانـدنی خاڵەکـانی ئەو گەڵاڵەیەی بە کـردەوەی ڕاسـتەوخۆی جووتیارانی زەحمەتکێش سپاردبوو. ئەوەش پـێگەی حیزبـی" ئـێس، ئاڕەکانی" لاواز کردبوو چونکوو ئەوان کە خـاوەنی بەرنـامەکە بـوون هێشـتا لە بەر وابەسـتەبوونیان بە دەوڵەتـی کـاتی نەیانـدەتوانی لێبڕاوانە پشتیوانی لە دابەشکردنی زەوی لە لایەن خـودی جووتیـاران و کۆمیتەکـان و کۆمۆنەکـانی جووتیـارانەوە بـکەن، هەر بـۆیە ئەم بڕیـارەی بۆلشـویکەکان کە دەسـەڵاتی دابەشـکردنی زەوییەکـانی ڕاستەوخۆ بە جووتیاران سپارد، "ئێس ئاڕەکانی" لاواز کـرد و خسـتنیە ژێر گوشارەوە. کە لە ژێر ئەم گوشارانەدا بوو کە ئەم حیـزبە تووشـی جیابوونەوە بوو و باڵی چەپیان پشتیوانی لە بۆلشویکەکان کرد .

هەروەهـا لەو مـاوەیەدا، لە کاتێکـدا حیزبەکـانی دیـکە تووشـی جیابوونەوە دەبوون و پـێگەی کـۆمەڵایەتی خۆیـان لە دەسـت دەدا، بۆلشـویکەکان بەردەوام لە هەمـوو لایەکەوە هێزیـان بـۆلای خۆیـان ڕادەکێشـا و لەگەڵ ئەوەشـدا لە خـودی ئەو حیزبـانەش هێزیـان وەردەگرت. بۆ نموونە لە ماوەی هاوین تا سەرەتاکانی پاییزی ۱۹۱۷دا ئێس ئاڕە چەپەکان، منشویکە ئەنتەرناسیۆنالیستەکان، ئانارشیستەکان

و لایەنگرانـــی ترۆتســـکی، جیـــابوونەوە و بە حیزبـــی بۆلشـــویك پەیوەست بوون .

لە ڕاســـتیدا بەم شـــێوەیە لە مـــانگی ســـێپتامبردا هەمـــوو پێویستیەکانی شۆڕشێکی جەماوەری خەریك بـوو فەراهەم دەبـوون. هەمــوو کۆمەڵگــا لە جــۆش و خرۆشــێکی شۆڕشــگێڕانە دابــوو. لە شوراکانی کرێکاران و سەربازاندا، بۆلشویکەکان زۆرینەیان بە دەست هێنـابوو، لە نێـو جووتیارانیشـدا بە خێرایـی لە پەرەسـەندندا بـوون. ڕادیکاڵیزمی جەماوەری کەلە قـووڵترین توێژەکـانی کۆمەڵـدا هەبـوو، تاکە ئاڵتەرناتیڤی خۆی لە بوونی لێنـین و حیزبـی بۆلشـویکدا دەدی. ناڕەزایەتی لە دەوڵەتی کاتی بێتوانای سازشکار لە گەڵ کۆنەپەرەستی لە ئاســتێکی بەرزدا بــوو. تــرس و دڵەڕاوکـێ لە ئەگەری کوودەتــای ژەنراڵەکان و گەڕانەوەی دەوڵەتی کۆنەپەرست و ویسـتی هەڵگرتنـی هەنگــاوێکی لێبـــڕاوانە دژی ئەم مەترســـییە لە هەمـــوو لایەکەوە شـەپۆلی دەدا. سـوپا، یـانی ناوەنـدی هێـزی نەزمـی کـۆن، لە حـاڵی هەڵوەشانەوەدا بوو. نامەکانی لێنین بۆ کومیتەی ناوەندیی حیـزب لە بــابەت پێویسـتی دەسـتدانە شۆڕشـێکی بەرنـامە بـۆ داڕێـژراو، لەم دەورەیەدا نــووسران. ئەو کــارەی کە شــەوی بیســـت و چــوارەم و بەرەبەیانی بیست و پێنجی ئۆکتۆبری ١٩١٧ بۆلشویکەکان کردیـان و لە ئەنجامیدا ناوەندی دەوڵەتی کاتی بە ئاسانی گیـرا و ئەنـدامەکانی دەستبەسەر کران، لە ڕاستیدا دوایین زەبری وەشاند. گەرچـی خـودی ئەم حەرەکەتە شۆڕشـێکی خۆڕسـکی جەمـاوەری نەبـوو و تەنـانەت ژمارەی بەشدار بووان لەم عەمەلیـاتەدا زۆر نەبـوو، بەڵام لە ڕاسـتیدا هەنگاوێکی یەکلاکەرەوە بـوو کە ڕەوتـی هەڵچـوونی جەمـاوەری لە سەر ڕێبازی ئامانجێـك کە مـایەی ئـارەزووی زۆریـنەی هەرە زۆریـان بوو بە ئاکـام گەیانـد. کارنـامەی ئەم شۆڕشــە و ئاکامەکـانی دواتـری، بابەتێکی ترە .

دوو: بەڵام لە لایەکی ترەوە، بەرهەمی شۆڕشی ئۆکتۆبەر دامەزرانی سۆسیالیزم و قەوارەی سیستەمی سۆسیالیستی نەبوو. بە پێچەوانە، شۆڕشی ئۆکتۆبەر، بە هۆی جۆراوجۆرەوە، تووشی داڕمان بوو و نەیتوانی بە ئامانجە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی خۆی بگا. دوای گەلێك لە شکان و هەستانەوە و کەند و کۆسپ و ئەو قەیرانە ساختانەی تێپەڕی کردن، نیزامێك کە سەرەنجام بە ناوی سۆسیالیزم لە ڕووسیە دامەزرا و بۆ چەند دەیە بە ناوی "ئۆردوگای سۆسیالیستی" دەناسرا، تەنیا بریتی بوو لە بلۆکێکی ئابووری، سیاسی، نیزامی و ئایدۆلۆژیکی تایبەت لە چوارچێوەی سەرمایەداریی دەوڵەتیدا. رووخان و لە بەریەك ترازانی تا رادەیەك ساکاری دواتری ئەم ئۆردووگایە لە کۆتایی دەیەی هەشتا و سەرەتای دەیەی نەوەدی زاییندا، ئەم راستییە دەسەلمێنێ .

من لە سەر ئەو باوەڕەم کە شۆڕشی ئۆکتۆبەر، هەرچەندە دەرگایەکی تازەی بەرەو ئازادی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی بە ڕووی مرۆڤایەتیدا کردەوە و بوو بە مایەی هیوا و ئیلهام بەخشی هەموو جەماوەری ژێردەستە لە جیهاندا، بەڵام نیزامی دەسەڵاتدار لە سۆڤیەت هەرگیز نەیتوانی ببێتە نیزامێکی سۆسیالیستی. نە دەورانی بە ناو "کۆمۆنیزمی شەڕ"، کە تەنیا ناوێکی بێ ناوەرۆك بوو کە لە هەنگاوە تایبەتەکانی دەورەی شەڕیان نابوو، نە پڕۆژەی "نێپ" کە بە ئاشکرا بە مەبەستی زیندوو کردنەوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری کە بە هۆی شەڕی ناوخۆیی و قات و قڕی لە بەر یەك هەڵوەشابوو، ڕەچاو کرابوو، پێکهێنەری ئابووری و قەوارەی بەرهەمهێنانی سۆسیالیستی نەبوون و هیچ مێژوونووس و لێکۆڵەرەوەیەکی جیددیش ئەمانەی بە سۆسیالیزم نەزانیوە. گەر قەرار وایە نیزامی سۆسیالیستی پیادە کرابێ، دەکرێ تەنیا لە کۆتایی دەیەی بیست و سەرەتای دەیەی سیدا بە هۆی پڕۆژەکانی پێنج ساڵە

و سـەنعەتی کردنـی خێـرا و ئیشـتراکی کردنـی کشـتوکاڵ دەسـتی پێکردبـێ. ئەم پـڕۆژانەش، بە هەمـوو تایبەتمەنـدییەکانیانەوە، لە ڕوانـگەی مـنەوە تەنیـا بەشـێك بـوون لە سیسـتەمی سـەرمایەداریی دەوڵەتی. بە واتـایەکی دیـکە، ئەو سیسـتمەی لە ئەنجـامی شۆڕشـی ئۆکتـۆبرەوە سـەری هەڵـدا هـیچ کـات لە ڕووی ئـابووری - کـۆمەڵایەتییەوە نەبـوو بە سۆسیالیسـتی تـا دواتـر بگەڕێـتەوە بـۆ سەرمایەداری. ئەو کەسانەی کە باوەڕییـان بە پێچەوانەی ئەمەوەیە، دەبـێ لە پێشـدا سۆسیالیسـتی بـوونی سیسـتەمی بەرهەمهێنـان و کـۆمەڵایەتی سـۆڤیەتی پێشـوو ئیسـبات بـکەن. لە هەمـان کاتـدا سیستەمی دەسەڵاتداری سـۆڤیەت بە هـۆی دواکەوتـوویی مێژوویـی سـەرمایەداری لە ڕووسـیا لە چـاو ڕۆژئـاوا مەیلـی ڕەقـابەت لەگەڵ هێزەکـانی ڕۆژئـاوا و گەیشـتن بە ئاسـتی ئەوان، لە ژێـر کـاریگەریی هەلـومەرجی دوژمنـانەی نێـونەتەوەیی گەمـارۆی ئابووریـدا، لە ژێـر کاریگەریی ترس لە هەڵگیرسانی شەڕ و هەروەها لە ژێر کـاریگەریی هەلومەرجی پێکهـاتوو لە ئەنجـامی شۆڕشـی ئۆکتـۆبەردا و بە هـۆی ئەو سیسـتمە ئایـدۆلۆژیەی لە ئەنجـامی ئەو شۆڕشـەوە سـەری هەڵدابوو، کۆمەڵێـك تایبەتمەنـدیی هەبـوو و ڕواڵەتێکـی تـایبەتی بە خۆیەوە گرتبوو کە پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتە .

هەوڵدان بۆ تێپەڕ بوون لە سنووره ئـابووری و کۆمەڵایەتییەکـانی بەرهەمهێنانی بـۆرژوایی و سیسـتمی بـۆرژوایی، سـەرەڕای هەنـدێك دەسـکەوتی سیاسـی و ڕۆشـنبیری و حقـوقی  کە لە سـەرەتاوە لەم بواردەا بە دەست هـاتن، بەڵام سـەرەنجام لە ژێـر گوشـاری فـاکتەره نـاوخۆیی و نێونەتەوەییەکانـدا ناکـام مـایەوە و وزە و فیـداکاری و سەرچاوە مرۆیی و ماددییەکانی ڕووسـیا کەوتە سـەر ڕەوتێکـی دیـکە، کە ئەگەرچـی بەشـێك لە دروشـمەکان و بەڵێـنە سـەرەتاییەکانی شۆڕشـیان پاراسـت و لە ژێـر ئەو نـاوەدا قسـەیان دەکـرد و

دەسەڵاتدارێتیان دەکرد، بەڵام لە ڕاستیدا ئەرکی قەرەبوو کردنەوەی دواکەوتووییەکانی سەرمایەداریی سەنعەتیی ڕووسیای بەجێگەیاند و ئەمە بە نرخێکی زۆرگران بۆ مرۆڤەکایەتی تەواو بوو. شکست، وەك هەمیشە تۆڵەی خۆی کردەوە. شکستی شۆڕش لە ڕووسیا، ستالینیزم و ئاڵمان فاشیزمی بەرهەم هێنا. ئەم دووانە، بە بێ ئەوەی بمانەوێ لەگەڵ یەکتر بەراوردیان بکەین، هۆکاری سەرەکیی هەرەسهێنان و لەبار چوونی ئومێدی شۆڕشی جیهانیان- کە پێشتر گەلێك نزیك کەوتبووەوە- پێکهێنا و، ئەم دەرفەتەیان بۆ ماوەی چەندین ساڵ لە سەدەی بیستەمدا لەناو برد .

نەمانی هەرجۆرە دێموکراسییەکی جەماوەری و پووکانەوەی ئۆرگانەکانی دیمۆکراسی کرێکاری، سڕینەوەی هەرجۆرە بەشداریکردن و خۆبەڕێوەبردنێکی کرێکاران و خەڵك لە ئاستی جۆراوجۆردا، دابەزاندنەوەی سەر لە نوێی کرێکاران بۆ ئاستی خزمەتگوزارانی پرۆسەی بەرهەمهێنان کە هیچ دەسەڵاتێکیان بە سەریدا نییە و تەنیا حەقدەستی خۆیان وەردەگرن و لەم ڕێگایەوە توندکردنەوەی لە خۆنامۆبوونی بەرهەمهێنەرانی ڕاستەوخۆ، کەڵەکە کردنی خێرا کە لە سەر بنەمای چەوساندنەوە دامەزراوە و لە خزمەت دابینکردنی پێداویستییەکانی خەڵکدا نیە، تەسك کردنەوەی سنووری ئازادییە سیاسییەکان و لابردنی مافی دەربڕین و کۆبوونەوە و ڕێکخراوە بوو، پەرەگرتنی بۆرۆکراسییەکی زۆردار و وەڵام نەدەرەوە و داگیرکەری کورسیی دەسەڵات، بوونی دەوڵەت بە هێزێکی سەرووی کۆمەڵگا کە بە سەرتەواوی هاووڵاتیاندا و تەنانەت بە سەر ژیانی تاکەکەسی و باوەڕمەندیەکاندا زاڵ دەبێ، پاڵاوتنی خوێناویی ڕیزەکانی حیزب و دانانی دادگای کارتۆنی، ئیشتیراکی کردنی زۆرە ملێی کشتوکاڵ و لە ئەنجامیدا مەرگ و لە ناوچوونی بە کۆمەڵ، ئۆردووگای کاری زۆرە ملی و گۆلاکەکان، ڕاگواستنی زۆرە

ملێی گەلانی جۆراوجۆر و زاڵبوونەوەی سەر لە نوێی ناسیونالیزمی ڕووسی بە سەر ژیانی سیاسی و فەرهەنگی وڵاتدا، ڕەچاو کردنی شێوازی زیانبار و پاوانخوازانە لە سیاسەتی دەرەوەدا، ئەمانە تایبەتمەندی و پێناسەی کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستی نین و ناتوانن بن، سەرەڕای هەر ڕەنگ گۆڕینێکی ئایدۆلۆژیك و سیاسی و ئیداری، ئەمانە وەك پێناسە و ڕووی ناسراوی نیزامی سەرمایەداری دەناسرێنەوە. ئومێد وابوو و ئێستاش ئومێد ئەوەیە، کە سۆسیالیزم مرۆڤایەتی لە دەست ئەم تەنگ و چەڵەمانە ڕەها بکا.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، شۆڕشی ئۆکتۆبر هەوڵێکی ڕاستەقینە و ئازایانە بوو لە لایەن شۆڕشگێڕانی سۆسیالیست و کرێکاران و زەحمەتکێشانی ڕووسیاوە بۆ گۆڕینی هەلومەرجی ژیانی کۆمەڵایەتی و هاتنەدەر لە دۆزەخێك کە سەرمایەداری ئەمپریالیستی و شەڕ و هەژاری ئەوکات بە سەر مرۆڤایەتیدا سەپاندبووی. قارەمانیەتیی پرۆلیتاریای ڕووسیا و فیداکاری و گیانبازییەکانی بۆ ڕزگاربوون، لە خۆڕاگرتنیدا بەرانبەر بە قات و قڕی و سەرما و شەڕی ناوخۆ و لە وەستانەوەیدا بەرانبەر بە هێزە ئەمپریالیست و دەست درێژ کارەکانداو، پاشانیش لە هەلومەرجێکدا کە شەپۆلی هەستانی جیهانی شۆڕش بەرە و دامرکان دەچوو، بۆ هەمیشە بەرز و بەڕێز دەمێنێتەوە. هەوڵی ئەوان سەرەنجام بێ سەمەر مایەوە، بەڵام ڕچەشکێنی و ئارمانخوازی و لێهاتوویی ئەوان هەمیشە ئیلهام بەخشی هەوڵی داهاتووی خەباتکارانی ڕێگای سۆسیالیزم و ڕزگاریی مرۆڤایەتی دەبێ. ئەم هەوڵە لە هەمان کاتدا مۆری مەحدوودییەت و کەم و کوڕی و ناڕۆشنی و نەزانییەکانی سەردەمی خۆی پێوەیە و ناشکرێ وا نەبێ.

لە نێو هۆکارەکانی شکستی شۆڕشی ئۆکتۆبردا، یانی دواکەوتوویی ڕووسیا، بێ هێزبوون و لەبەریەك هەڵوەشانی چینی

کرێکاری ڕووسیا بە هۆی شەڕی درێژخایەنی ناوخۆیی و قات و قـڕی و وەستانی بەرهەمهێنان، هەڵەو خەتای ڕێـبەری و هۆکـاری دیـکەی نــاوخۆیی لە لایەکەوە و هۆکــاری نێــونەتەوەیی یــانی دامرکــان و شکستی شۆڕشی جیهانی لە لایەکی دیکەوە، جیگای سەرنجن. ڕەنگە ئەگەر شــۆڕش لە وڵاتــانی پێشــکەوتووی ئورووپــایی ســەری گرتبــا، دەیتوانی کەم و کوڕیەکان و دواکەوتویەکـانی ڕووسـیا بشـارێتەوە و قەرەبـووی بکـاتەوە و زۆر ڕێـی تێـدەچوو شۆڕشـی ڕوسـیا توانیبـای ســـەرکەوتووانە لە کــڵ بێــتەدەر و ڕەنــگە مرۆڤــایەتی ئەمــڕۆ چارەنووسێکی دیکەی بـوایە. بەڵام بـۆ وای لێنەهـات؟ چـۆن بـوو کە شۆڕش لە ئاڵمان و مەجارستان شکستی خوارد و لە ئیتالیا و ئـاڵمان و باقی شوێنەکان تا ئاستی هەستان بۆ گۆڕینی بنەڕەتی نەچووە پێش؟ لاوازیـیە بنەڕەتییەکـان کامـانە بـوون و هەڵەی سۆسیالیسـتەکان لەم بەشەی جیهاندا، چ دەورێکی هەبـوو؟ ئەگەر شۆڕشـی سۆسیالیسـتی و، سەرکەوتن و شکستی، جیهانییە، لەم حاڵەتەدا بەشـی ئەوانەی کە نەیانتوانی شۆڕش بکەن لەم کارەساتەدا کە بە دوای شکستی نیهـایی ئۆکتـۆبەردا هــاتن، لە بەرانـبەر بەشــی مارکسیسـتەکانی ڕوسـیادا کە پێشـەنگانە هەنگاویـان هەڵگـرت و لە تەقـالای مەرگ و ژیانـدا تیـدا چوون، چۆن دەبێ بەراورد بکـرێ؟ سـەردەمی شۆڕشـەکان هێشـتا بە سەر نەچووە و، فێربوون لە ئەزمـوونی ئۆکتـۆبەر وادەخـوازێ کە، لە بەر داهــاتووی شۆڕشــی سۆسیالیســتی، نەك هەر ئەو کــارەی کە بۆلشویکەکان کردیان، بەڵکـوو ئەو کـارەش کە خەڵکـی دیـکە نەیـان کرد، بکەوێتە بەر لێکۆڵینەوەیەکی وردی ڕەخنەگرانە .

سێ: لە هەمان کاتدا داکۆکی کردن لە شۆڕشـی ئۆکتـۆبر و تەئیـد کردنــی، بە هــیچ شــێوەیەك نـابێ ببێـتە هـۆی لە بەرچـاو گرتنــی مەحـــدودییەتەکان و لاوازییەکـــانی ئەم شۆڕشـــە و یـــان هەڵە و خەتاکــانی ڕێبەرایەتیــیەکەی. ڕەوتــی سۆسیالیســتی لە دنیــادا بــۆ

ڕێکخستنەوەی خۆی پێویستی بەم جۆرە لێکۆڵینەوە ڕەخنەگرانەیەش هەیە. بە تایبەت ڕەوتی چەپ و سۆسیالیستی لە ئێران، کە بێگومان پێویستی بە خۆبنیادنانەوە و بە خۆداچوونەوەیەکی جیددی هەیە، ئەگەر بیهەوێت بە ڕاستی لە دەرسەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر فێربێ، ناتوانێ هەروا لە چوارچێوەی دووپاتکردنەوەی دروشمە کلێشەییەکاندا بۆ دیفاع لە ئۆکتۆبەر قەتیس بێ و دەبێ بە شێوەیەکی جیدی ئەم ئەزموونەش بداتە بەر لێکۆڵینەوە. لەم بارەیەوە لە ساڵانی ڕابردوودا گەلێك سەرچاوەی تازە بە خەزێنەی سەرچاوەکانی ڕابردوو زیاد بووە کە لانیکەم وەرگێڕانی بەشێك لەمانە بە زمانی فارسی دەتوانێ بە کەڵك بێ. دەبێ توێژینەوەی نەیاران و یان ڕەخنەگرانی سەرسەختی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و سیاسەتی بۆلشویکەکانیش بخوێندرێتەوە و لێکۆڵینەوەی لایەنی بەرانبەریشیان کە زۆر لایەنی جۆراوجۆری ئەم ئەزموونە ڕوون دەکاتەوە، بدرێتە بەر لێکۆڵینەوە. شۆڕشی ئۆکتۆبەر خۆی، سیاسەتەکانی لێنین و حیزبی بۆلشویکەکان لە ساڵانی پێش ئۆکتوبەردا، تاکتیکەکانی لە کاتی شۆڕشدا، پەیوەندیان لە گەڵ حیزبە چەپ و سۆسیالیستەکان، پەیوەندەکان و تاڵ و گۆڕە دەرونییەکانی ئەم حیزبە، سیاسەتە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی لە دەیەی بیستەمدا و سەرەنجام کۆمەڵگای ڕووسیای پاش شۆڕش و ئەو سیستمە کۆمەڵایەتیە کە لە کۆتایی بیستەکانی و سەرەتای سییەکاندا لەم وڵاتەدا شکڵی گرت، هەموو ئەمانە دەبێ بدرێنە بەر لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەگرانە. لە بیرمان نەچێتەوە کە بەشێکی زۆری چەپی ئێران ساڵەها لایەنگری سەرسەختی ئۆردووگای سۆڤیەت بە ناوی ئۆردووگای سۆسیالیستی بوو و، ئەو دیمەنەی کە لە سۆسیالیزم دەیخستە پێش چاو هەمان نیزامی داخراوی دەوڵەتی ئیستێبدادی ستالینیستی بوو. دوای ڕووخانی ئەم ئۆردووگایەش، جیا لەوانەی کە ئەم ڕووداوەیان بە

شکستی یەکجاریی سۆسیالیزم دەزانی و ماڵاوییان لە هەموو جۆرە بیرکردنەوە و پراکتیکێکی سۆسیالیستی کرد، هی دیکەش هەبوون کە پێداچوونەوەی رەخنەگرانەی خۆیان بە شێوەی سەرەکی لە سەر ئەو بنەمایە دارشتبوو کە سۆڤیەت نیزامێکی سۆسیالیستی بوو بەڵام دێموکراسی نەبوو، یان لە دەوڵەتی کردندا زێدەرۆیی کرابوو و شتی لەم بابەتە. جگە لەمەش، بەشێکی دیکەی چەپی ئێرانیش گەرچی سۆڤیەتیان بە ئۆردوگایەکی سۆسیالیستی نەدەزانی، بەڵام بە زۆری لە ژێر کاریگەری کێشەکانی سۆڤیەت و چیندا بوون و زۆرتر سیاسەتی دەرەوەی سۆڤیەتیان وەك نیشانەی ناسیۆنالیستی بوونی ئەو سیستەمە دەسنیشان دەکرد و، رواڵەتێکی زۆر جیاوازی سۆسیالیزمیان لە بەرچاو نەبوو کە جاری وابوو تەنانەت بە گەرمی پشتیوانی لە ستالینیزم دەکرد. لەم نێوانەدا هەندێك هەوڵیش لە ئارادا بوون بۆ ئەوەی چەپی ئێران تا ئەو جێگایەی بۆی دەکرێ سەربەخۆ لەم دوو بۆچوونە باوە، بروانێتە سۆڤیەت و ئەزموونەکەی. لە راستیدا تەیفێکی هەمەجۆر لەم رەوت و کەسانە لە چەپی ئێراندا هەبوون و بەشێنەیی لە زۆر بووندا بوون .

من خۆم و ئەو رێکخراوە سیاسییەی کاری تێدا دەکەم، سەر بەو بۆچوونەی سێهەمین کە روانینێکی سەربەخۆی هەیە بۆ ئەزموونی سۆڤیەت. یەکەمین بەڵگەی نووسراومان لەم بارەیەوە دەگەرێتەوە بۆ خاکەلێوەی ١٣٦٠، بەڵام ئەم جۆرە ئەدەبیاتەش بە کەم و کورت و ناتەواو دەزانم و بگرە لە بواری لێکۆڵینەوەدا لاوازن و لەو باوەرە دام کە هێشتا چەپی ئێران و مارکسیسزمی ئێران پێویستیان بە لێکۆڵینەوەیەکی رەخنەگرانە هەیە. رەنگە ئەم لێکۆڵینەوە رەخنەگرانەیە بۆ ساغکردنەوەی چەپی ئێران یەکەمین هەنگاوی هەرە پێویست نەبێ، بەڵام بێگومان یەکێکە لە پێویستییەکان .

ئەم وتارە، وەرگێڕدراوی وتارێکە کە بە زمانی فارسی بۆ گۆڤاری "ارش" نووسراوە.

سەرچاوەکان :

١ -انقلاب روسیه١٩٢١-١٩١٧ بریل ویلیامز ١٩٩٥

٢ -در دفاع از اکتبر مباحثاتی دربارهی انقلاب اکتبر جان ریز- رابرت سرویس سام فاربر و رابین بکل برن ١٩٩٧

٣ -روسیه طبقه و قدرت ٢٠٠٠-١٩١٧ مایک هینس ٢٠٠٢

# نامەیەك بۆ تێکۆشەرانی دێرینی کۆمەڵە

**ژمارە "٢٢"**

٢٦ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٨١ی هەتاوی، ١٥ی فیبرواری ٢٠٠٣

**نامەیەك بۆ تێكۆشەرانی دێرینی كۆمەڵە**

هاوڕێیـان خۆشەویسـت، تێكۆشـەرانی دێرینـی كـۆمەڵە، گەرم و گەشترین سڵاوی شۆڕشگێڕانەتان پێشكەش.

لە هەفتەكانی ڕابردوودا باسی گەڕانەوەی ئێوە بـۆ نـاو ڕیزەكـانی ڕێكخستنی كـۆمەڵە، وەكـو هەواڵێكـی دڵخۆشـكەر بە ناوماندا بـڵاو بووەوە. من بە ناوی خۆم و هەموو كۆمیتەی ناوەندییەوە گەرمـترین پیرۆزباییتان لێ دەكەم و بە خێرهاتنەوەتان پێ دەڵێم.

بەڵام لە ڕاسـتیدا ئێـوە تێكۆشـەرانی ڕۆژانـی سـەختی كـۆمەڵە، پێویستتان بە بەخێرهاتنەوە نییە، ئێوە میوان نین، خاوەن ماڵن. ئێـوە بەشێك لەو سەرمایە ئینسانییەی ڕەوتی چەپ و شۆڕشگێڕی ڕەسـەنی كۆردسـتانن كە حیزبێـك بە نـاوی كـۆمەڵەی كـۆی كـردنەوە و بـاری هێنان و ڕێكی خستن و لە كورەی خەبـاتێكی پڕاوپڕ و هەمەلایەنەی سیاسی و جەمـاوەریی و ڕۆشـنبیریدا قـاڵی كـردن. ئێـوە بەشـێك لەو ڕەوتە ڕادیكـاڵ و نوێخـوازە بـون كە كـاتی خـۆی بـۆ یەكەم جـار لە كوردستان ئاڵای ڕزگاریی چینی چەوساوەیان هەڵكرد، وشیار كردنەوە و ڕێكخسـتنی كرێكـاران و جووتیـارانی هەژاریـان كـرد بە پیشـەی خۆیان و ڕێكخراوە جەماوەرییەكانی ئەوانیان هێنایە ڕیزی پێشەوەی شانۆی سیاسی و بە یەكـدەنگ هەوڵیانـدا كرێكـار و هـۆزی گەورەی بەش مەینەتـــان، ئەو زۆرایەتیـــیەی كە هەمـــوو چەرخـــی ژیـــان دەسووڕێنن بەڵام بە هیچ دەژمێردران، بكەن بە گشت. ئێوە بەشـێك لەو پێشـەنگە بـوێرە بـوون كە لە قورسـایی داب و نەریتـی كـۆن نەترسان و كچـان و ژنـانی كۆمەڵگـای كوردسـتانتان بەرە و ئـازادی و

تێکۆشان و بڕوا بەخۆ هاندا، ئێوە بەشێك لەو حیزبە داهێنەرە بوون کە سیمای پێشمەرگەی تازە بابەتتان خوڵقاند و نیشانتاندا کە پێشمەرگەی وەك پۆڵا لە هەمان کاتدا دەتوانێ و دەبێ دۆست و هاوڕێی دڵسۆز و یاریدەدەری خاکی و خۆماڵی چەوساوەکانی کوردستان بێت، ئێوە بەشێك لە تێکۆشەرانی ئەو حیزبە سیاسییە پێشکەوتووە بوون کە لە حاست مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد، چ لە بەرەنگاری ڕاستەوخۆ و چ لە مەیدانی وتوێژدا، ڕاستگۆ و بێسات و سەودا و بێ ڕاڕایی بوو. بەڵێ، بە کورتی، ئێوە بەشێک لە کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بوون و پەیوەست بوونەوەی سەر لە نوێتان بە ڕیزەکانی حیزبی خۆتان هەنگاوێکە لە هەمان ڕێچکەی پیرۆز و پڕ لە شانازی ڕێبازی پێشووتان. لەو ڕووتێکردنەوە سەر لە نوێیەشدا ئێوە تەنیا نین .

هاوڕێیان، ئیجازەم بدەن با لە نامەیەکدا کە ئاراستەی ئێوەی ئازیزی دەکەم، ڕوو بکەمە هەموو تێکۆشەرانی دێرینی ڕیزەکانی کۆمەڵە کە ئێستا بە تاق کەوتوون یان چالاکیی ڕێکخراوەیی ناکەن یان تەنانەت لە ڕێکخراوەکانی تر دان و سەرەتا پەیامێکی پیرۆزبایی ڕۆژی خۆیانیان لێ بکەم و پێیان بڵێم: ئەی ئەو هاوڕێیانەی کە ڕۆژانی تاڵ و شیرینمان پێکەوە بردەسەر، ئەی ئەوانەی کە لە سەر کۆمەڵە و ئامانجە پیرۆزەکانی سەرما و گەرماتان قبوڵ کرد و بۆ خزمەت بە خەڵك برسێتی و نانەزگیتان کێشا و خۆشترین ساڵانی تەمەنی لاویتان لەو پێناوەدا بەخت کرد، ئەوانەی لە ڕۆژانی سەختدا تەنانەت ئامادە بوون جگەرگۆشەکانتان لە خۆتان دوور خەنەوە و خۆتان و ئەوانیش لە تەجروبەی شیرینترین ساڵانی تەمەنی منداڵی بێبەش بکەن، ئەی ئەوانەی بە کەس و کار و ماڵ و بنەماڵەوە زەرەرمەند بوون بەڵام هەرگیز چۆکی پەشیمانیتان نەلەرزی، کەم ئەندامانی کۆمەڵە، ئەوانەی خۆشەویستانتان تیاچوون، ئەی ئەوانەی

قەت لە بیرمان ناچنەوە، لە خۆتان دەپرسم ئایا ئێستاش خۆشترین و بەنرخترین بیرەوەرییەکانتان هی سەردەمی تێکۆشان لە ڕیزەکانی کۆمەڵە نیە؟ خۆشەویستان، جێگەی بەعزێك لە ئێوە لە دەورەی نوێی تێکۆشانی کۆمەڵەدا خاڵیە. ئێستا کۆمەڵە بە خێرایی بەرەو بوون بە حیزبی هەرە گەورەی جەماوەریی کوردستان هەنگاو دەنێت و لەو ڕێبازەدا پێویستی بە بیر و ئەزموون و توانای ئێوە هەیە. من بانگەوازی هەموو تێکۆشەرانی دێرینی کۆمەڵە، لە هەر کوێیەك هەن، دەکەم بۆ ئەوەی جارێکی دیکە لە ژێر ئاڵای سووری کۆمەڵەدا و لە پێناو خوڵقاندنی هەموو ئەو سەروەری و شانازییانەی کە پێناسەی کۆمەڵە بوون و موڵکی هاوبەشی هەمووانە یەك بگرینەوە و بە یەك شاد بینەوە. بزانن کە ئامێزی هاوڕێیانتان بۆتان ئاواڵەیە .

جارێکی تر پیرۆزبایی ڕۆژی ٢٦ی ڕێبەندان و پیرۆزبایی بەیەك شادبوونەوەمان دەکەم.

هاوڕێی هەمیشەییتان

عەبدوڵڵای موهتەدی

# پەیامی نەورۆز و بەهار

ژمارە" ٢٢"

**پەیامی نەورۆز و بەهار**

کرێکاران و زەحمەتکێشان

دایکان و باوکان، ژنان و لاوان

بە بۆنەی هاتنی جەژنی نەورۆزەوە لە لایەن خۆم و کۆمیتەی ناوەندی و هەموو ڕیزەکانی کۆمەڵەوە گەرمترین پیرۆزباییتان پێشکەش دەکەم. وەرزی بەهار و سەری ساڵی تازەتان لێ پیرۆز بێت. هاتنی نەورۆز هەموو ساڵێك لە گەڵ خۆی شادی و خۆشی بۆ هەمووان بە دیاری دێنێ، بە هیوام ئەمساڵ ساڵی شادی و خۆشی و سەرکەوتن و سەبەرزی بۆ گشتمان بێ .

ئەمساڵیش لە حاڵێکدا بەرەو پیری نەورۆزی نوێکەرەوە و شادی بەخش دەچین کە بە داخەوە هێشتا هەوری ڕەشی دەسەڵاتی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی لە ئاسمانی وڵاتی ئێران و کوردستان نەڕەویوەتەوە، لە حاڵێکدا سفرەی نەورۆز ڕادەخەین کە دیارییەکانی ئەو ڕژیمە بۆ خەڵك وەکو هەژاری، بێکاری، ئیعتیاد، ستەم و چەوسانەوەی کرێکاران و زەحمەتکێشان، بێمافی ژنان، بێ ئاسۆیی لاوان و پێشێل کردنی مافەکانی گەلی کورد هەروا تەنگیان بە ژیان و بووغان هەڵ چنیوە، لە حاڵێکدا ئەمساڵیش ئاگری شادیی نەورۆز دەکەینەوە کە تەرمی پیرۆزی لاوانی تێکۆشەری کوردستان تازە لە پەتی سێدارەی دوژمنانی ئازادی کراونەتەوە. ئەوەشمان لە بیر نەچۆتەوە کە هەر لە یەکەم ساڵی هاتنە سەرکاریەوە، ئەو نیزامە بارانی تۆپ و خۆمپارەی وەکو یەکەم دیاردەی نەورۆزانە بە سەر خەڵکی شاری سنەدا باراند و بەم جۆرە نەورۆزی خەڵکی کوردستانی خوێناوی کرد .

بەڵام سەرەڕای هەمـوو ئەوانەش، ئەمسـاڵ لە کەش و هەوایەکـی جیـاواز و پـڕ لە هومێـدتر لە جارانـدا بەرە و پیـری نەورۆز دەچـین. گەرچی هێشتاش ناتوانین بەدڵـی خۆمـان هەوای ئـازادی هەڵمـژین، بەڵام لە دوور دەستەوە بۆن و بەرامەی ئازادی دەبیسـتین کە بەرە و پیرمان دێت و دڵ و دەماخمان روون دەکاتەوە. بەڵـێ، دەمـێکە بـای گۆڕان لە ئێران هەڵی نەکردووە و لە کاری ڕامـاڵینی هەوری چڵکنـی دیکتـاتۆری و سـتەمکاری دایە. دەسـەڵاتدارانی ڕژیمـی ویلایەتـی فەقیە، نەك هەر هێز و توانـای جارانیـان نەمـاوە، بەڵکـو لە نـزمترین ئاستی دەسەڵات و قودرەتی بیست و چوار ساڵەی خۆیانـدا بە سـەر دەبەن و لە هەمیشـە زیـاتر ترسـاو و نیگەرانـی داهـاتووی خۆیـانن. ڕژاندنی هێزی ئینتزامی و هێزە تایبەتەکان بـۆ شـارەکانی کوردسـتان لە رۆژانـی رابـردوودا، زیـاتر لەوەی کە بـۆ قـودرەت نوانـدن بـێ، نیشاندەری ترسی ئەوان لە جوڵانەوەی خەڵکە.

کـۆمەڵانی تێکۆشـەری خەڵکـی کوردسـتان! لاوانـی خەباتکـار و جەسووری کوردستان!

لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ڕەشی ئاخوندەکان نەبێ، لە کـام وڵاتـی دنیا و لە کامە سەردەمدا خەڵك لە گرتنی جەژنی سەری ساڵی تازەی خۆیان بێبەش کراون؟ لە تاریکستانی کۆماری ئیسلامی ئێراندا نەبـێ، لە کـوێی دنیـا نەورۆز و بەهـار و گـوڵاڵە سـوورە و لە ئـامێز گرتنـی ئازیزان لە خەڵك قەدەغە دەکرێ؟ لە بیـری ڕەش و مێشـکی بـۆگەنی مافیای عەباپۆشی زاڵ بە سەر ئێراندا نەبێ، لە کام فەرهەنگی دنیـادا شـادی و خۆشەویسـتی گشـتی بە کـردەوەی شـەیتانی دەنـاسرێ و هەوڵ دەدرێ بەزەبری هێز و نواندن قەتیس و کپ بکرێ؟

گرتنی جەژنی نەورۆز و سەری ساڵی تـازە مـافی بـێ ئەم لاو لای خۆتـانە، مەچـنە ژێـر بـاری ئەو نـاهەقی و سـتەمکارییەوە، جەژنـی

نەورۆزی ئەمساڵ هەرچی بەرزتر و گەرم و گوڕتر بەرپا کەن، بەپانایی هەموو کوردستان جەژنی بووژانەوەی تەبیعەت بکەن بە جەژنی شادی و خۆشەویستی و یەکگرتنەوەی خەباتکارانەی خۆتان، بیکەن بە جەژنی سەرکەوتنی غرووری سەربەرزانە بۆ خەڵك و بە سەرشۆڕی و ریسوایی بۆ دوژمنانی شادی و ئاسایش و ئازادیمان، جەژنی نەورۆزی ئەمساڵ بە فراوانترین و شکۆدارترین شێوە بەڕێوە بەرن، لە هەر بەرزاییەك کە دەتوانن ئاگری نەورۆز بکەنەوە، گەورەترین کۆڕ و کۆمەڵ و کۆبوونەوە لە هەموو شار و گوندەکان پێك بهێنن، سەرتاسەری کوردستان بکەن بە یەکپارچە شایی و هەڵپەڕکێ و گۆبەند با دڵی دوژمنانی شادی و ئازادیتان بتەقێ. هەوڵ بدەن کۆڕ و کۆبوونەوەکانتان هێمنانە و شارستانییانە و بێ تێکهەڵچوون بێت، هیچ بەهانەیەك مەدەنە دەست هێزەکانی رژیمی کۆماری ئیسلامیەوە، بەڵام بە هیچ جۆر رێگەی دەستێوەردان و شێواندنیشیان پێ مەدەن.

با لە جەژنی نەورۆزدا یادی ئەو هەزاران گوڵاڵە سوورەش بکەینەوە کە لە سەرتاسەری ئەم سەرزەمینەدا بۆ ڕزگاری و بەختەوەری خەڵکی چەوساوەی کوردستان خاکیان بە خوێنی خۆیان ڕەنگین کرد. با خرۆشانی جەژنی نەورۆزی ئەمساڵ بکەینە بەڵگەی بە فیڕۆ نەچوونی خوێنیان و نیشانەی بەردەوام بوونی ڕێگایان.

خەڵکی تێکۆشەری کوردستان! لاوانی جەسوور و شۆڕشگێر!

دڵمان لە گەڵتانە، هیوامان پێتانە، دوژمن لە هەمیشە کزتر و ئاسۆی سەرکەوتن لە هەمیشە ڕوونتر، با ڕەنگی سووری نەورۆز لە ئاسۆی بڵندی کوردستانەوە مژدەبەخشی بەیانی ئازادی بۆ گەلانی دیکەی ئێرانیش بێت.

نەورۆزتان لێ پیرۆز و شایی جەژنتان لێ حەڵاڵ بێ.

# به بۆنەی ڕۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵەوە

## ژمارە ٢٣ و ٢٤

گوڵان و جۆزەردانی ١٣٨٢ ی هەتاوی، مەی و ژوونی ٢٠٠٣

ئەمە دەقی وتارێکە کە هـاوڕێ عەبـدوڵڵای مـوهتەدی سـکرتێری گشـتی کـۆمەڵە لە مەراسـمی ٣١ی جـۆزەردان، ڕۆژی پێشـمەرگەی کۆمەڵە، پێشکەشی کردووە.

## به بۆنەی ڕۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵەوە

هاوڕێیانی خۆشەویست، میوانە بەڕێزەکان، پێشەکی بە گەرمی بەخێرهاتنتان دەکەم و بە بۆنەی ڕۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵە،٣١ی جۆزەردان گەرمترین پیرۆزبایتان ئاراستە دەکەم، هەر لێرە لەم فرسەتە کەڵك وەردەگرم سڵاو دەنێرم بۆ گیانی پاکی هەموو ئەو پێشمەرگە گیان بەختکردووانەی کۆمەڵە، هەموو ئەوانەی لە ماوەی پتر لە ٢٠ ساڵی ڕابردوو دا لە سەنگەرە جۆراوجۆرەکانی خەباتی پێشمەرگایەتیدا و هەروەها شێوەکانی تری خەباتی کۆمەڵەدا گیانیان لە ڕێگای ئازادی و ڕزگاری کرێکاران و زەحمەتکێشان، لە ڕێگای ڕزگار بوونی ئینسان لە چەوسانەوە و لە ڕێگای بە سەرکەوتن گەیاندنی بزووتنەوەی گەلی کورد دا بەختیان کردووە.

سڵاو و پیرۆزبایی بۆ بنەماڵەی هەموو شەهیدانی کۆمەڵە، بۆ ئەوانەی کە لە ماوەی نزیك بە ٢٥ساڵی ڕابردوو بە دڵێکی گەورە تەحەمولی ئەو برینە قووڵەیان کردووە بە هیوای سەرکەوتنی دوا ڕۆژەوە. سڵاو و پیرۆز بایی لە هەموو ئەو پێشمەرگانەی کە لە مەیدانەکانی خەباتدا بەشێك لە ئەندامی خۆیان لە دەست داوە و وەکو کەم ئەندامی کۆمەڵە لە هەر جێگە و شوێنێکی دنیا هەن.

سڵاو بۆ بنەماڵەی هەموو پێشمەرگەکان کۆن و نوێ. سڵاو و پیرۆزبایی بۆ هەموو پێشمەرگەکانی کۆمەڵە چ ئەوەی ئێستا لە ڕیزی پڕ لە شانازی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵەدا هەن و یان ئەوانەی کە پێشمەرگەی دێرینن و خەباتیان هی ساڵانی ڕابردووە، بۆ ئێمە هەموو ئەوانە جێگەی ڕێزن. سڵاو و پیرۆزبایی ڕۆژی ٣١ی جۆزەردان پێشکەشی هەموو ئەوانە دەکەین، بەڵام بەتین ترین سڵاو پیرۆز بایی، حەقە پێشکەش بە خەڵکی تێکۆشەری کورد بە هەموو

کرێکـاران و زەحمەتکێشـانی کوردسـتان بکـرێ بە بـۆنەی ڕۆژی پێشمەرگەوە، هەموو ئەوانەی کوڕ و کچی خۆیان پەروەردە کـردووە و سـپاردوویانە دەس هێـزی پێشـمەرگەی کـۆمەڵە و یـا خـود پێشمەرگەی کۆمەڵەیان وەکوو کوڕ و کچی خۆیـان لە باوەشـی ماڵ خـۆش و میـوان گـر، بە پێشـوازی خۆیـان وەك ئەمـانەتێکی زۆر خۆشەویستی کـۆمەڵە پاراستووە، نانیـان پێـداون، حەشـاریان داون، ڕێیان نیشان داون، خزمەتیان کـردوون و ڕازی دڵـی خۆیـان بـۆ هەڵ ڕشتوون یان گوێیان بۆ گرتوون، شەو و شەونخونیان پێوە کێشاون، بە پەرۆشـیانەوە بـوون، و لە نـاو دڵـی گەورەی خۆیانـدا خۆشەویسـتی پێشـمەرگەی کۆمەڵەیـان بـۆ هەمیشـە جـێ کـردووەتەوە و هەڵکەنـدووە. بەڵـێ سڵاو ڕێـز و پیـرۆز بـایی بـۆ هەمـوو ئەوانە بە بۆنەی ڕۆژی ٣١ی جۆزەردانەوە.

هاوڕێیـان، کـۆمەڵەی شۆڕشـگێڕیش ئەوەی کە ڕەوتـی خەبـاتی سیاسـی و چینـایەتی لە کۆمەڵگـای ئێـران و لە کوردسـتانی ئێـران پێشمەرگایەتی بخاتە دەستووری کاری خۆیەوە، لە کـوورەی خەبـاتی سیاسی و نهێنیدا سـەری هەڵـدا و گەشـەی سـەرەتایی خـۆی سـەند. بەڵام کاتێك کە پێویستی خەبـاتی کـۆمەڵانی خەڵـك پێشـمەرگایەتی وەك شـکڵێکی خەبـات هێنـایە گـۆڕێ و خسـتیە دەسـتووری کـاری خۆیەوە ئەو کات، کـۆمەڵە بە لێبڕاوتـرین شـێوە بـێ ڕاڕایـی دەسـتی دایە ئەم شێوە لە خەباتیش، هەرچەند تێیدا تازە کار و بـێ ئەزمـوون بوو، بەڵام لێـی نەترسـا و سڵـی نەکـرد، بەڵکـوو بە پیـرییەوە چـوو و پێشوازی لێکرد، خۆی بۆ ئامـادە کـرد و لە مـاوەیەکی کەمـدا بـوو بە نمـوونە و پێشـەنگ و سەرمەشـق لە خەباتیشـدا، هەمـوو ئەوانەی نەختێکـیش لە مێـژووی کوردسـتان بەڵەدن دەزانـن کە لە خەبـاتی ڕزگاری خوازی گەلی کورددا. شکڵی پێشمەرگایەتی شـکڵێکی دێـرینە و لە ئـێمە دەسـتی پێنەکـراوە، ئـێمە ڕێـزی خۆمـان بـۆ هەمـوو ئەو

تێکۆشەرە دێرینانە دەردەبڕین. بەڵام ئەوەشمان لە بیر ناچێتەوە کە پێشمەرگەی کۆمەڵە هەڵ قوڵا و ئاوێتەیەکە لە ویست و ئارەزووەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان.

تازە بابەت بوونی پێشمەرگەی کۆمەڵە لەو پێکهاتە دایە، لە سەر خسوسیاتی چۆنێتی پێشمەرگەی کۆمەڵە دەکرێ زۆر قسە و باس بکرێ، بە بڕوای من دوو خوترەکانی خسوسیەتی لێرەدا جێی ئاماژە پێکردنە: پێشمەرگەی کۆمەڵە، دەرحەق بە دوژمن لێبڕاو، قاتیع، جەسوور و فیداکار بووە، ئەوە پێناسەیەکی دێرینی پێشمەرگەی کۆمەڵەیە. هەموو ئەوانەی کە لە کۆمەڵگای کوردستاندا ژیاون یا بە چاوی خۆیان دیوویانە، ئەگەر نەسڵی تازە و تازە پێگەیشتوون، لە گەورەترەکانی خۆیان بیستوویانە. یەکێک لە هۆیەکانی ئەوەیە پێشمەرگەی کۆمەڵە ئەمڕۆ لە کوردستان دوای ساڵەها دووری لە خەباتی ڕاستەوخۆ لە ژیانی ڕاستەوخۆ لە نێو دڵی کۆمەڵانی خەڵکدا، هێشتا وەکو ئەفسانەیەك، وەکو بونەوەرێکی موقەدەس و پیرۆز چاوی لێ دەکرێ.

ئەو تیمە پێشمەرگانەی کە تەنانەت ئەوساڵ بەختەوەری ئەوەیان بوو کە بچنەوە ناو کۆمەڵانی خەڵك شاهیدێك و بەڵگەیەکی ئەم ڕاستیەن. لە جامانە و لیباس و ڕەسم و هەر شتێکی بەر دەس پێشمەرگەوە بوو، وەکوو یادگارێك خەڵك لێیان سەندوون و داویانە بە نەسڵی تازەی خۆیان.

دیارە ئەمەش ڕاسپاردەیەکی گەورە و بەرپرسیاریەتیەکی گەورە دەخاتە بەر دەست پێشمەرگەی کۆمەڵە.

بەڵام ئەگەر پێشمەرگەی کۆمەڵە لە بەرامبەردا، جەسووری و بێباکی و لێبڕاو بوون و خوڵقێنەری حەماسەی زۆر گەورە و شانۆی زۆر گەورەی خەباتی ئازایانە لە سەر سەرزەمینی کوردستان بوون. لە لایەکی دیکەوە دەرحەق بە خەڵك، پێشمەرگەی کۆمەڵە سیمای

دۆست، سیمای نزیکی خەڵك، سیمای هاورێیەکی کۆمەڵانی ڕەنجدەری کوردستان بووە، لە بیری نەچووەتەوە کە ئەو چەك هەڵگری بیروباوەڕێکە و چەك هەڵگری کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان و ئەرکی خزمەت کردنە بە وان. زۆر جاریش پێشمەرگەی کۆمەڵە وەکوو مامۆستایەکی سیاسی وابووە. بەڵام خۆی بە ئەربابی خەڵك نەزانیوە، خۆی بە خزمەتکارێکی ڕێبازی ڕزگاری کۆمەڵانی خەڵك زانیوە. بە ڕێنوێنیکەری ئەوان، بە دۆست و هاودەم و هاوڕێی خەڵك زانیوە. هۆیەکەشی ئەوەیە کە پێشمەرگەی کۆمەڵە ئاوا جێگای خۆی لە نێو خەڵکدا کردووەتەوە، دەتوانم بڵێم پاش ساڵانێکی دووری هێشتاکە هەر پەرستش دەکرێ، ئەمڕۆ ئەرکی سەرشانی پێشمەرگەی کۆمەڵەیە کە ئەم خسووسیاتانە بپارێزێ و پەرەی پێ بدا. ئێمە لە سەردەمێکی زۆر حەساس و ناسکی بزووتنەوی شۆڕشگێڕانەی کوردستان دا بە سەر دەبەین، سەردەمێکی حەساس و ناسك و بۆ هەموو ئێران و هەموو ناوچەکە دا بە سەر دەبەین. کۆماری ئیسلامی ئێران لە ژێر گەورەترین گوشاری ناوخۆی و دەرەکی دایە.

بزووتنەوەی خوێندکاران، بزووتنەوەی خەڵك، زۆرێك لە شارکانی تاران و شارەکانی ئێران و هەروەها لەم دوایانەدا بەعزێك لە شارەکانی کوردستانی گرتووەتەوە. لە ئێستاوە پێش بینی ناکرێ ئەم بزووتنەوە دیاری کراوە، ئاکامی چ دەبێ و بە کوێ دەگا، بەڵام بێ گومان ئاکامی کۆماری ئیسلامی وەکوو نیزامێکی سیاسی، ئاکامێکی تاریکە و سەرکەوتن بێگومان هی کرێکاران و زەحمەتکێشان و کۆمەڵانی ستەملێکراوی ئێران و کوردستانە. لە هەلومەرجێکی ئاوادا کۆمەڵە ئەرکێکی گەورەی لە سەر شانە کۆمەڵە وەکو حیزبێکی سیاسی پێش هەموو شتێك و هەمیشە سیاسەتی خۆی بووە، هێزی پێشمەرگەی دەخاتە خزمەت، ئامانج و هەدەفە سیاسی یەکانی

خۆیەوە. بەکارهێنانی هێزی پێشمەرگە، لە شوێنە جۆربەجۆرەکان و لە قۆناغە جۆربەجۆرەکانی خەباتدا بەوەوە بەستراوەتەوە کە تا چ رادەیەك دەتوانێ خزمەت بە بزووتنەوەی جەماوەری و سیاسی کۆمەڵانی خەڵك بکا لە پێناو نەهێشتنی کۆماری ئیسلامیدا لە پێناو نەهێشتنی ئیستبداد و دیکتاتۆری ڕەشی دینیدا لە پێناو وەدی هاتنی ئامانجی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورددا لە پێناو ئەوانەدا نەتیجەی تەبیعیشی ئەوەیە. بە هێز کردن و گەشەدار کردنی ڕەوتی چەپ و شۆڕشگێڕ و ڕادیکاڵ لە کوردستاندا و باڵا دەستکردنی ئەو ڕەوتە لە ناو بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەدا.

کاتی خۆی لە ٢٨ی مۆردادی (گەلاوێژ)١٣٥٧بە فەرمانی خومەینی هێرشێکی بەربڵاو کرایە سەر کوردستان، بە بێ هیچ پاساوێك و بێ ئەوەی خەڵکی کوردستان چکۆلەترین کارێکی خراپیان کردبێ. کۆمەڵە بەر لەوە خۆی ئامادە کردبوو بۆ ئەوەی کە هێرشێکی ئاوا هەر دەکرێ لەلایەن ڕژیمی کۆنەپەرەستی کۆماری ئیسلامیەوە، یەکەمین پەلێکی گەورەتر لە فێرگەی پێشمەرگایەتی کۆمەڵە دەورەی خۆیان تەواو کرد، کاتێك ئەو دەورەیانە تەواو کرد کە هێشتا ٢٨ی مورداد(گەلاوێژ)هێشتا هێرشەکە دەستی پێنەکرابوو و کۆمەڵە لەو کاتەوە ئامادەکاری خۆی بۆ ئەوە دەست پێکردبوو. ئەگەر نموونەیەکیتر بێنمەوە پێشمەرگەی یەکیەتی جوتیاران وەکوو پێویستیەکی خەباتی چینایەتی سیاسی جوتیاران و زەحمەتکێشانی هەژاری دێهات و گوندەکانی کوردستان لە ناوچەی مەریوان و هەورامان پێکهات. پێش هەموو شتێك خەباتی سیاسی و چینایەتی بوو، بەڵام لە پرۆسەی گەشەکردنی خۆیدا، وەختێك دواکەوتوویی و کۆنەپەرەستی دەستی دایە چەك و بە دژی خەڵك، کۆمەڵە و شەخسی کاك فوئادی مستەفا سوڵتانی کە ڕابەر و ئیلهام بەخشی یەکێتی جوتیاران بوو سڵیان نەکرد و بەرەنگار بوونەوە، لەگەڵ

کۆنەپەرەستی و بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانی جوتیارانی زەحمەتکێش، ئەوانیش هێزی پێشمەرگە پێك بێنن و بوەستن لە بەرابەریاندا. ئێستاش وەکو بارەها رامان گەیاندووە، کۆمەڵە ئەولەوییەتی سەرەکی خۆی لەم شەرایەتەدا بە خەباتی سیاسی جەماوەری لە کوردستان دەدا، ئەولەوییەت بە کاری رێکخستن لە ناو دڵی کۆمەڵانی کوردستانی ئێران دەدا، ئەولەوییەت بەکار لە نێو کرێکاران و خوێندکاران و دانش ئاموزان، ژنان، زانستگاکان دەدا، ئەولەوییەت بە کار لە نێو هەموو شارەکان و دێهاتەکانی کوردستان دەدا. بەڵام هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵەش یارمەتی دەر و پشتیوانی کەری ئەم خەباتەیە. هەر وەکو لە ٣ ساڵی رابردووداو پاش ساڵەها دووری، ئەوە کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بوو کە جارێکی دیکەش رچەی شکاند و جارێکی دیکەش ئەو دیوارە سەختانەی کە لە بەرابەریدا بوو ڕوخاندی لە پێناو ئەوەیدا کە دەستی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە بگەیەنێتەوە خەڵکی کوردستان و بێگومان لەوە بە دواشەوە هەر چی لە توانایی دابێ بۆ گەشە پێدان و ڕاگرتنی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە و لە گەڕ خستنی ئەو هێزە لە پێناو ئەو ئامانجە سیاسیەدا. دڵنیاشین لە وەی کە چۆن لە جارانی رابردوودا هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە هێزێکی فێری سەختی، فێری نارەحەتی تەنگانە، فێری نەبوونی برسیەتی و شەونخونی بووە، فێری فیداکاری و قاڵ بووی کورەی خەباتێکی ئاوایە و ئەو ئەزموونانەی لە نێو خۆیدا کۆکردۆتەوە.

هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە، کە لە ساڵانی ڕابردوودا پێکهاتووە و لە دەورەیەکدا کۆبووەتەوە ئەم هێزەش ئەو سوونەتانە دەپارێزێ و من جارێکی دیکە داوا لە هەموو هاوڕێیان دەکەم وێرای سوپاس لێکردنیان بۆ ئەوەی کەلە چەند ساڵی ڕابردوو دا بە هەموو کەم و کوڕیەکان و کەمبوودی ئیمکاناتی مادی کۆمەڵە ڕازی بوون و

سەختیەکانیان تەحەمول کردووە و جارێکی تر داوایان لێ دەکەم کە بە هەمان دڵی گەورە و بەهەمان سوونەتی شۆڕشگێڕانەی دێرینی کۆمەڵەوە کە ئەمانیش لە وجوودی خۆیاندا هەستی پێدەکەن بە ورەی پۆڵایین و بیروباوەڕی دێرین و قایمەوە سەرودڵیان خۆش بێ، هیواداربن، گەشبین بن بە داهاتوو، بەڵام لە هەمان حاڵدایە کە لە بەرامبەر مەحدوودیەتەکان دا، لە بەرابەر کەم و کۆڕییەکان دا خۆڕاگر بن لەم حاڵەدایە کە ئێمە دەتوانین بڵێین کە توانیومانە خەسڵەتەکانی پێشمەرگەی کۆمەڵە بە باشی راگرین و لەم حاڵەتەش دایە، دەتوانین خۆمان بۆ ئەو داهاتووە گەشە ئامادە بکەین.

کۆمەڵە حیزبێکی سیاسیە کە کۆمەڵێکی زۆر ئەرك و کار و کۆششی لە سەر شانە، لە مەیدانی پێوەندیەکانی دەرەوە، لە خەباتی سیاسی و لە ئاستی ناوچەکەدا، لە کاری ڕێکخستنی نهێنی لە کاری شارەکان و گوندەکانی کوردستاندا. لە کاری سیاسی و ڕاگەیاندن بەرەو ئێران و بەرەو کوردستان، و هەروەها لە شکڵی دیکەش کە لێرە من باسم نەکرد، کۆمەڵە وەکو حیزبێکی سیاسی دەهێڵێتەوە، ڕایەگرێ و گەشەی پێدەدا. ئەمڕۆ کە کۆمەڵە مەترەحترین حیزبی سیاسی کوردستانە. هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵەش باڵێکی بە نرخ و غەیری قابیلی سەرفی نەزەر کردنی ئەم حیزبە سیاسییە گەورەیەیە.

با هەموومان ئەم هێزە بە پتەوی ڕاگرین، بە پاك و خاوێنی ڕایگرین، بە بیروباوەڕ ڕایگرین، بە تەحەممول لە بەرابەر سەختیەکان دا ڕایگرین بە دڵێکی پڕ لە خۆشەویستی کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش و بە مێشکێکی پڕ لە بیروباوەڕ ڕایگرین، دڵنیاشم هەر ئاوا دەبێ .

جارێکی دیکە پیرۆزبایی بە ئێوە دەڵێم، لە ڕێگای ئەم تریبوونەشەوە دیسانەوە پیرۆزبایی لە هەموو خەڵکی کوردستان دەکەم.

## پەیامێك بۆ خوازیارانی بەرەی کوردستانی

### ژمارە ٢٥

گەلاوێژی ١٣٨٢ ی هەتاوی، ئاگوستی ٢٠٠٣ زایینی

**پەیامێك بۆ خوازیارانی بەرەی کوردستانی**

لە ڕۆژانی رابردوودا چەند نامە و پەیام لە لایەن تێکۆشەران و کەسایەتی سیاسی و ڕۆشنبیری کوردستان، لەوانە هونەرمەندانی تێکۆشەرو بەناوبانگی کوردستان بەڕێزان مەرزیە و ناسر، بڵاوبووەتەوە کە تێیاندا باس لە پێویستی هاوکاری لە پێناو پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانی ئێران کراوە. پێم خۆشە پێش ئەوەی بچمە ناو هیچ وردەکارییەکی ئەو باسەوە، سوپاس و بە پیرەوە چوونی خۆم بۆ هەموو ئەو بەڕێزانەی داوایەکی وەهایان کردووە دەرببڕم. لە راستیدا، ئێمە وەکو کۆمەڵە دەمێکە لەگەڵ ئەو بیرۆکەیە کۆکین و بانگەوازی پێکهێنانی بەرەیەك یان ڕێکخراوێکی چەتر مانەندی کوردی ئێران دەکەین کەلە سەر بنەمای پلاتفۆرمێکی دیمۆکراتیك و پێشکەوتنخوازانەو لە خزمەت بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد دروست بکرێت و وێڕای حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، لایەن و کەسایەتی دیکەش بەشداری تێدا بکەن و بەم شێوەیە ببێتە بەرەیەکی فراوانی کوردستانی. هەر بەم حسێبە، "دەمێکیشە و پێشەنگانی سیاسی ئەو کۆمەڵگایە لە پێناو ئەو خواستەدا دەنگ هەڵبڕن و بێنە مەیدان". ئێمە بە بەشی خۆمان بە بیستنەوەی ئەو پێشنیار و بانگەوازانە بە تەشەنەسەندن و جەماوەری بوونەوەیان خۆشحاڵین و بە نیشانەیەکی ئامادەبوونی فەزای سیاسی بۆ بە کردەوە دەرهێنانی ئەو بیرۆکەیەی دەبینین.

بۆ ئاگاداری ئەو بەڕێزانە، ئێمە لە کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەدا تەنانەت گەڵاڵەی پێشنیار کراومان ئامادە کردووە و هەر لەم

ڕۆژانەدا پێشـــکەش بە کـــۆمیتەی ناوەنـــدیی حیزبـــی دیمـــۆکراتی کوردســـتانی ئێرانـــی دەکەیـــن و هیـــوادارین وەڵامـــی موســـبەتیش وەربگرینەوە. هەروەها بە پێویستی دەزانـم ئەم مـژدەیە بە هەمـوو خوازیـارانی ئەو بەرە کوردسـتانییە ڕابگەیەنـم کە مەسـەلەی بەرە لە کۆنفرانسێکی کۆمەڵەشدا کە بەزوویی دەبەسترێ دەخرێتە بەر بـاس و لێکـۆڵینەوە. دڵنیـام کە لەو کۆنفرانسـەدا باسـەکە دەوڵەمەنـدتر دەکرێ و هیوادارم سەرەنجام پەسندیش بکرێ.

بە دڵنیاییەوە دەڵێم کە وەها بەرەیەك :

- پێشوازی و پشتیوانی زۆربەی هەرە زۆری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی لە گەڵ دەبێ و لە گەڵ دەکەوێ.

- تینێکی تازە دەخاتە ناو بزووتنەوەی ڕزگـاریخوازانەی گەلـی کـــورد لە ئێـــران و لە هەمـــوو نـــاوچەکە و لایەنـــی گەش و پێشکەوتنخوازی ئەو بزووتنەوەیە بەهێزتر دەکا.

- دەستی کورد لە حاست دەسەڵاتی ناوەندیی ئێسـتای ئێـران زۆر بەهێزتر دەکا.

- جـێگە و ڕێـزی کـورد لە نـاو هەمـوو ئۆپۆزیسـیۆنی ئێرانـی دەباتە سەرو هەر لە ئێستاوە خواستەکانی کـوردیش دەکـاتە بەشـێك لە خواســـتی دیمۆکراســـیخوازیی گشـــتی لە ئێـــران و بەم جـــۆرە پشـــتیوانیەکی گەورەتـــری لەنێـــو لایەن و کەســـانی ئـــازادیخواز و دێمۆکراتی ئێرانی بۆ دەستەبەر دەکا.

- قەدر و جێگەی کورد لە نێو کۆمەڵگای نێونەتەوەیی دەبـاتە سەر و دەیکا بە هێزێك کە حسێبی لەسەر بکەن .

- دەتـوانێ وەکـو نـوێنەری سـەرجەم کـوردی ئێـران لە لای میـدیای جیهـانی، لە لای پارلەمـانی ئوروپـا، نەتەوە یەکگرتووەکـان، حیزبەکان و دەوڵەتانی نـاوچەیی و جیهـانی خـۆ دەرخـاو دەنگێکـی

گەورەتـر و کاریگەرترمـان بـۆ دیفـاع لە خۆمـان بـۆ فەراهەم بکـا و پشتیوانی ماددی و مەعنەوی زۆرترمان بۆ دابین بکا و... هتاد.

پـێش قەدەمـی و دەسـت پێشـخەری کـۆمەڵە و دیمـۆکرات لەو ئەرکەدا شـتێکی زۆر بە کەڵـکە و بە مانـای ڕێـگە گـرتن لە خەڵکـی دیـکە نیـیە و نـابێ ببـێ، بەڵکـوو بە پـێچەوانە دەبـێ بەبێمەبەسـتی پاوانخوازانە و وەکو گـارانتییەك بـۆ جیـددی بـوون و سـەرگرتنی ئەو پرۆژەیە و بۆ هیوا پێدان بە هەمووان کەڵکی لێ وەربگیرێ.

لە کۆتاییـدا ئـاواتی ئەوە دەخـوازم کە ئەم باسـە هەرچـی زۆرتـر بشکۆفێتەوە و لە لایەن هەموو دڵسۆزان و شارەزایانەوە بخـرێتە بەر بـاس و لێکـۆڵینەوە و لێـدوانی لە سـەر بکـرێ و شـەپۆلێکی گەورەی "بزووتنەوەی پشتیوانی لە بەرەی کوردستانی" بکەوێتە ڕێ .

٢٠٠٣/٧/٧

"

**هێشتا زوو بوو "**

بۆ یادی هاوڕێ دوکتۆر "جەعفەری شەفیعی"

**ژمارە "٢٨"**

خەزەڵوەری ١٣٨٢ ی هەتاوی نۆڤامبری ٢٠٠٣ ی زایینی

## "هێشتا زوو بوو "

بۆ یادی هاوڕێ دوکتۆر "جەعفەری شەفیعی"

شانزدە ساڵ لەوە پێش، لەوەها ڕۆژێکدا گەیشتنی هەواڵێکی کورت هەموومانی تاساند، بەندی دڵی هەمووانی پساند و یەکێك لە ڕۆژە ڕەشەکانی ژیان و خەباتی کۆمەڵە تۆمار کرا. رۆژی پێنج شەممە ٧ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی رێکەوتی ١٩ ئۆکتۆبری ١٩٨٧ی زایینی، سەعات شەشی دوانیوەڕۆ، دوکتۆر جەعفەری شەفیعی لە تەسادوفێکی سەختی ماشێندا گیانی لە دەستدا.

بەم ڕووداوە دڵتەزێنە، ئێمە ئینسانێکمان لە کیس چوو کە بەرهەم و نوێنەری بەرزترین و گەشترین لایەنەکانی بیرو کرداری کۆمەڵە بوو. کەسێکمان لە نێو کۆڕی خەبات لێ چووە دەر کە خۆی لووتکەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان و ئاوێنەی باڵانوێنی ڕەوتی سۆسیالیستی لەم ناوچەیە بوو.

مەرگی دوکتۆر جەعفەری شەفیعی، شۆڕشگێڕی هەرە ناسراو و خۆشەویستی کوردستانی ئێران، مارکسیستی پێشڕەو و خەباتکار، لە رێبەرانی کۆمەڵە، بۆ هەموو ئەو کرێکاران و زەحمەتکێشانەی کە هیوای دواڕۆژی خۆیان لە وجوودی ئەودا دەبینییەوە و لە هەڵسووڕان و هەڵسوکەوتی ئەو بڕوا و ئیلهامیان وەردەگرت، داخ و پەژارەیەکی گەورەی پێکهێنا. بۆ ئەوانەی کە لە نزیکەوە دەیان ناسی و هاوکار و هاوخەباتی بوون، کارەساتەکە لەوەش گەورەتر بوو.

هەڵکـردن لە دنیـای سـەخت و پـڕ لە هەوراز و نشـێوی تێکۆشـانی شۆڕشگێڕانە، دوای ئەو و بێ‌ئەو، زۆر ئەستەم دەینواند.

بە ڕاستی کاك دوکتۆر جەعفەری خۆمان نەماوە؟ کام مێشـك تیـژ و کام دڵا بە تاقەت بوو، نەیدەتوانی ئەمە باوەڕ بکـا. تەنـانەت دوای ئەوەش کە تەرمـی ئـازیزی، بە خرخـاڵی، لە ڕێورەسـمێکی تـایبەت و شکۆداردا، بە نـاو کـۆڵانی پێشـوازیی سـەدان پێشـمەرگەی ئامـادە و ڕیزبەسـتوو، لە حاڵێکـدا دەنگــی تەپـڵا و مۆسـیقای مـاتەم، فەزای مەرگێکی بەهەیبەتی شۆڕشگێڕانەی بـڵاو دەکـردەوە، لە سـەر شـانی هاوڕێیان و هاوسەنگەرانی لەمێژینەی، بەڕێپێـوان گەیشـتەوە بـۆڵای هاوڕێیـانی و بــۆڵای هاوســەری ئـاور تێبەربــووی، لە کاتێکــدا کە ئاگرێکی بەتین و بێدەنگ وردە وردە کزەی لە جەرگان هەڵدەستاند و فرمێسکی بە چاوی خۆڕاگرترین کەسانیشدا دەهێنایە خوار، بەڵـێ، تەنانەت ئەو کـاتەش بـاوەڕکردنی مەرگـی هـاوڕێ جەعـفەر هاسـان نەبـوو. مێشــك و زەینــی هەمــوو کەس ببــوو بە دوو پـارچە و دوو کوتەوە: لایەك پەژارە و ماتەم، لایەك ناباوەڕی و بەخـۆ نەقەبڵانـدن، لایەك هەست بە گەورەیی کۆستی کەوتوو و لایەك سەرپێچی کـردن لە قبـوڵی یاسـای تەبـیعەت و ژیـان کە مەرگـی ئینسـان بەشـێکی جیانەکراوەیەتی.

دکتۆر جەعفەری شـەفیعی لە سـاڵی ١٣٣٠ی هەتـاوی، ڕێکەوتـی ١٩٥١ی زایینی، لە شاری بۆکـان لە بنەمـاڵەیەکی مەلا و خوێنـدەوار، کە لە باری ژیانەوە ناوەنجی بوو، چاوی بە ڕووناکی دنیـا پشـکووت. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی هەر لەو شارە تەواو کرد. شـاگردێکی زۆر زیرەك بوو و پێش ئەوەی کەلە بەشی پزیشـکی زانکـۆی تەورێـز قبـووڵا بـێ و بـۆ خوێنـدن ڕەوانەی ئەو شـارە بێـت، سـەرەتای بیـری

سیاسی لە مێشکیدا چرۆی دابوو. بە گەیشتنی بۆ زانکۆی تەورێز لە ساڵی ١٣٤٩ (١٩٧٠)، تێکەڵاو جووڵانەوەی خوێندکاران بوو و زۆری پێنەچوو کە بوو بە یەکێك لە هەڵسوڕاوانی ئەو جووڵانەوەیە کە ئەو کات، سەرەڕای زەبروزەنگ و بگرە و لێدەی ساواکی شا، بەپانایی شوێنەکانی خوێندن لە ئێران خەریکی تەشەنە کردن بوو. هەر لە زانستگای تەورێز بوو کە بیر و فەلسەفەی مارکسیزمی ناسی و لەگەڵا چەپی شۆڕشگێڕی ئەو سەردەمە، بە تایبەت هاوڕێیانی کۆمەڵە کە ئەو کات پڕبەپڕ خەریکی چالاکی نهێنی بوون، ئاشنایی پەیدا کرد و ئەمە سووری بە هەموو ژیانیدا.

لە ساڵانی خەباتی نهێنی کۆمەڵە لە ژێر دەسەڵاتی ڕژیمی پاشایەتیدا، چوونە ناو کرێکاران و زەحمەتکێشان و پەیوەندی گرتن لەگەڵا ئەوان یەکێك لە ئەرکە هەرە گرینگەکانی هەموو هەڵسوڕاوێکی کۆمەڵە و وەکو جۆرە ئیمتیحانێکی شۆڕشگێڕی وابوو کە تێپەڕ کردنی سەرکەوتووانەی، مەرجی وەرگیران لە ناو ڕێکخراودا بوو. جەعفەر، خوێندکاری گەنج و خوێن گەرم، بە بێ ترس خۆی لەو بوارەدا تاقیکردەوەو کۆمەڵێك پەیوەندی و نێوانی لەگەڵ کرێکاران لە شاری تەورێز پێکەوەنا. تەنانەت بۆ ماوەیەك ژیانی کرێکاری گرتە پێش. کرێکارانی کەوش، کرێکارانی فەرش، کرێکارانی کارخانەی ماشێن سازی تەورێز، هەروەها کرێکارانی شار و لادێی کوردستان و بە تایبەت بۆکان کە بۆ کار دەچوونە شاران، بوون بە خانەخوێی میوانێکی خوێندکاری قسە خۆش و ڕۆح سووك و وردە وردە ڕایەڵەی پەیوەندی خۆشەویستی و دۆستایەتی لە نێوانیاندا چڕ و پرتر و بەهێزتر دەبوو.

تێکۆشانی سیاسی لە ساڵی ١٣٥١ واتە (١٩٧٢)دا، پێی خوێندکاری بزێوی بۆ زیندانی ساواك کردەوە و ئەو شەش مانگ لە قوتابخانەی زیندانی شادا ئەزموونی شۆڕشگێڕانەی تێپەڕ کرد، بە بێ ئەوەی کە بتوانن ڕاز و نهێنی چالاکییەکانی پێ بدرکێنن.

وەکوو پزیشکێکی شۆڕشگێڕ و دۆستی دڵسۆزی خەڵکی زەحمەتکێش، دوکتۆر جەعفەر بۆ دەرمان و خزمەتی خەڵك لە هیچ سەختی و دووری و شەو و نیوەشەوێك سڵی نەدەکرد. کەم نەبوون ئەو باپیرە و داپیرانەی کە بە نەخۆشی و بێ پوولی و بێکەسی و زمان نەزانی لە شار و دێهاتەکانی کوردستانڕا ئاوارەی تەورێز دەبوون و لەوێ "کاك دوکتۆرەکەی خۆمان"یان لێ دەبوو بە فریشتەی ڕەحمەت، ئەم نەخۆش و ئەو نەخۆشخانەی دەبردن، تەنانەت جاری وابوو لە کۆڵی دەکردن و ئەم شوێن و ئەو شوێنی دەگێڕان. کەم نەبوون ئەو دایکانەی کە ژانی منداڵ بوون دەیگرتن، بەڵام چەوسانەوە و مەینەتی ژیان توانایی کەڵك وەرگرتن لە دوکتۆری چاك و نەخۆشخانەی پێنەدەدان و دوکتۆر جەعفەر بە تاریکە شەو، بە باران و کڕێوە، بە ساردو سەرما سەری لێ هەڵدێنان و منداڵی پێدەدێن. بە هۆی کردەوەی ئینسانی و شۆڕشگێڕانەی، خۆشەویستیی ئەو وەها لە دڵی خەڵك چەقیبوو کە ساڵەها دواتر، لە کاتی پێشمەرگایەتیدا، زۆرجار کە لەگەڵ پێشمەرگەکان ڕوویان لە ئاواییەك دەکرد و دەرگای ماڵانیان دەکوتا، لە پڕدا یەکێك لەوان دەیناسییەوە و بێ دریغ دەرگای ماڵەکەی وەکوو دڵی خۆی بۆ ئاوەڵە دەکرد.

بەڵام دوکتۆر جەعفەر تەنیا حەکیمی لەشی ئینسان نەبوو. زیاتر لەوە ئەو دەرمانکەری برینی کۆمەڵایەتی بوو و زامی دڵا و دەروونی

جەماوەری بە وشەی پڕ لە هیوا و وشیاری بەخش سارێژ دەکرد. هێشتا هەزاران کەس دەنگی وتارەکانی ئەو، چ لە کۆڕ و کۆمەڵی خۆماڵی و چ لە میتینگە گەورە جەماوەرییەکان، لە گوێیاندا دەزرینگێتەوە. بە وتەی نووسەرێك لە یادی هاوڕێ جەعفەردا، ئەو "نیگایەك بوو کە تروووسکاییەکی دڕی دەدا بە شەوەزەنگ، زمانێك بوو کە گڕی هاواری بەردەدایە جەستەی جیهانی بێدەنگ، قەڵەمێك بوو کە وەکوو نەشتەر کوانی کۆنی کۆمەڵی دەدرکاند، داگیرکەر و چەوسێنەری بە یەکسان دەترساند و ڕچەی بۆ مێژووی نوێ دەشکاند".

ژیانی پڕ لە ڕووداو و ئەزموون و دەوڵەمەندی دوکتۆر جەعفەر، ئەگەر چی بەداخەوە لە سی وشەش ساڵ زیاتری نەخایاند، لەم فورسەتەدا نایەتە باسکردن. مەگەر بە یادکردنێکی کورت ئاوڕژێنێکی کوڵی دڵمان کەین. لە سەرەتای ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی (١٩٧٨)، بە ڕاسپاردەیی لە لایەن کۆمەڵەوە، چوو بۆ لای یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، چ بۆ خزمەت و چ بۆ فێربوون و تۆشە هەڵگرتن بۆ دواڕۆژێکی شۆڕشگێڕانە لە کوردستانی ئێران. شێرکۆ بێکەس شاعیری گەورەی هاوچەرخی کورد لە پەخشانە شیعری شینی ئەودا ئاوا باسی چوونەکەی دەکا:

"لەو نەهاتە ساڵانەوە، ئێمە بارانی ئەومان ناسی. ئێمە زەوییەکی پێست قڵیشاو و ئەو ساڵاوی بەهاری ئێمە بوو. بۆ پووش و پەڵاشی کۆکراوەی سەر سەهۆڵبەندان و دەست و پلی گۆنەکردوومان، ئەو بەردە ئەستێی ئاگرکەرەوەی بەردەم ئەشکەوتی تەمەن بوو. ئێمە زامی قووڵی خوێن لە بەر ڕۆیشتوو، ئەویش هەتوانی برینی ئێمە بوو".

ساڵی تێوەر نەسوورِا کە خەونی دوکتۆر جەعفەر و هاورِێیانی هاتە دی و شەپۆلی جەماوەر لە ئێران کەوتە هەستان. بە دەرکەوتنی سەرەتای بزووتنەوەی جەماوەری لە ئێران، دوکتۆر عەزیزی قەندیل، بەرەو شارەکان باڵی گرتەوە. کارو هەڵسووڕانی هاورێ جەعفەر لە سەردەمی شۆرشی ئێران و دواتریش لە بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی کوردستان بۆ هەمووان ناسراوە. بە زوویی لە ڕووی لێهاتوویی خۆی و بڕوای خەڵکەوە بوو بە ڕابەرێکی جەماوەریی جێگای ڕێز و بڕوا. بوو بە ناتیقێکی باڵادەست و بە توانا. بوو بە هاندەر و رێکخەر لە کۆڕ و کۆمەڵە کرێکارییەکاندا، بوو بە دامەزرێنەر و بەڕێوەبەری "نەخۆشخانەی گەل"، بوو بە یەکێك لە رابەرانی کۆمەڵە کە ئەو کات بە خێرایی بەرەو بەدەست هێنانی پێگەیەکی بەرین و پتەوی کۆمەڵایەتی هەنگاوی دەنا، بوو بە یەکێك لە ئەندامانی "هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد" کە لە کەسایەتی و هێزە سیاسییەکانی کوردستان بۆ بەڕێوەبردنی وتووێژ لەگەڵا کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئێران پێك هاتبوو، بوو بە بەڕێوەبەر و سەرنووسەری ڕادیۆی تازە دامەزراوی کۆمەڵە بە ناوی "دەنگی شۆڕشی ئێران"، بوو بە نووسەر و سەرنووسەری گۆڤاری "پێشڕەو"، بوو بە ئەندام لە زۆر هەیئەتی کۆمەڵە بۆ پەیوەندییەکانی ناوچەیی و دەرەوە، بوو بە ڕابەرێکی سیاسی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە، بوو بە مامۆستای مەدرەسەی کادرەکانی کۆمەڵە، و هی دیکەی لەم بابەتە.

لە هەمووئەمانەدا، بە شێوەیەکی بێوێنە بە گوڕو تین و ماندوویی نەناس بوو. ئەگەر لە کارێك ڕازی نەبووایە ئامادەبوو دەجار لە سەر یەك دووپاتی کاتەوە و جاری دەهەمیش بە هەمان

ئەندازەی هەوەڵا جار سەر و دڵا خۆش و ڕۆح سـووك بـوو. وەهـا بە هەموو وجوودیەوە تێدەکۆشا، چما دەیزانی مەرگـی ناوەخـت پەکـی دەخا و پێویستە هەرچی لە دەسـتی دێ لە زووتـرین کاتـدا بیکـا. لە هەمان حاڵدا، سەرەڕای نەخۆشی و زامی میعـدە، وەهـا بە کەیـف و بەدەماخ و ئەهلی گاڵتە و نوکتە بوو و لەزەتی لە ژیـان دەبـرد، چـما مەرگ قەت ڕووی تێناکا.

ئەمڕۆ شازدە ساڵا لەو ڕۆژە تێدەپەڕێ کە دڵی دوکتۆر جەعـفەری شەفیعی بۆ هەمیشە لە لێدان کەوت. بەڵام بە دڵنیاییەوە، یـادی ئەو لە دەیان و سـەدان هەزار مـاڵی کوردسـتان سـەوزە و بیروبـاوەڕی و ڕێبـازی لە مێشـکی نەسـڵی تـازەی خەباتکارانـدا بە پانـایی هەمـوو کوردستان، وەکوو هاوڕێ و ڕێبەر و نموونە، زیاترلە هەمیشە چەسپاو و جێگیرتـرە. یـاد و کـار و شـوێنەواری ئەو، ڕێنـوێنیکەری ڕێگـای داهاتووە و هێشتا بەرەو ترۆپك هەڵدەکشێ.

# دەسکەوتەکانی مانگی توانەوەی سەهۆڵبەندان

## ژمارە ٣٥

نیوەی یەکەمی خاکەلێوەی ١٣٨٣ی هەتاوی، ئاپریلی ٢٠٠٤ ی زایینی

## دەسکەوتەکانی مانگی توانەوەی سەهۆڵبەندان

کوردســتانی ئێــران لە مــانگی ڕابــردوو، دوو ڕووداوی سیاســی گرینگی بە خۆیەوە بینی و دوو ئەزموونی سیاسی تێپەڕ کـرد، کە لە هەتکیــان ســەرکەوتنی بە دەســتهێنا. یەکیــان ڕەتکــردنەوەی بەنــاو هەڵبژاردنی دەورەی حەوتەمـی بە نـاو مەجلیسـی شـۆرای ئیسـلامی بوو و ئەوی دیکەیان خۆپشاندانە بەربڵاوەکەی خەڵك بۆ پشتوانی لە فیدراڵیزم لە عێراق و هەروەها داوای فیدراڵیزم بۆ کوردسـتانی ئێـران بوو .

لە بــواری یەکەمــدا زۆربەی هەرە زۆری شــار و گونــدەکانی کوردستان بە ڕێژەی زیاتر لە نەوەد دەرسەد خۆیان لە بەشـداری لەو هەڵبــژاردنە ســاختە*یەدا بــوارد و بەم جــۆرە توانیــان ئیــرادەی شۆڕشگێڕانە و یەکگرتووانەی خۆیان بۆ دۆست و دوژمن دەربخەن و دەرسێکی چاك بە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بـدەن. ئەو دیـاردەیە، بە ڕای گشتی ئێران و دنیای نیشـاندا کە کـۆمەڵانی خەڵکـی کوردسـتان دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیان نەویسـتووە و نایـانهەوێ و ئەو ڕژیـمە هیچ جێگەیەکی لە ناو ئەو خەڵکەدا نییە. هەڵبەت هەڵبژاردنەکـانی مەجلیسـی حەوتەم لە هەمـوو ئێـران بە گشـتی شکسـتێك بـوو بـۆ کۆنەپەرسـتانی پـاوانخواز و بـۆ سـەرجەم نیزامـی کۆمـاری ئیسـلامی. تەنانەت بە گـوێرەی ئاماری وەزارەتـی نـاوخۆ، ڕێـژەی بەشـداری لە تاران و ناوەندی ئۆستانەکان و شارە گەورەکان نـزیکەی سـەدی سـی بووە کە ڕێژەیەکی زۆر کەمە و نیشانەی بێبڕوایـی خەڵـك بە ڕژیمـی کۆماری ئیسلامی و بە تـایبەت نیشـانەی سـارد بـوونەوەی خەڵـك لە ڕیفۆرمخوازەکانی ناو دەوڵەتە. بەڵام کوردستان لە بواری هەڵبژاردندا

هەم لە ڕووی چەنـــــــدایەتی و هەم لە ڕووی چۆنـــــــایەتییەوە جیـاوازییەکی بەرچـاوی هەبـوو. لە ڕووی چەنـدایەتییەوە، ڕێـژەی بەشـداربووان لە کوردسـتان، بە شـێوەیەکی زۆر بەرچـاو لە هەمـوو شـوێنەکانی دیـکەی ئێـران کەمـتر بـوو و شـکڵی تەحریمێکـی جەماوەریی تەواوی بە خۆوەگرت. لە ڕووی چۆنایەتیشەوە دەتـوانین ئەو تایبەتمەندییە دەست نیشان بکەین. کەمیی ڕێژەی بەشـداربووان لە ئێران بێبڕواییان بە پرۆسەی هەڵبژاردن لە کۆماری ئیسـلامیدا بـوو و ئەو بەشداری نەکردنەش مەشروعییەتـی کۆمـاری ئیسـلامی ئێرانـی ئەوەندەی دیـکە لە بەرچـاوی دنیـا بـردە ژێـر پرسـیار. لە کوردسـتان وێڕای ئەوە، بەشـداری نەکردنـی خەڵـك شـێوەی خەبـاتێکی سیاسـی ئاشـکرا و ململانێیەکـی سیاسـی ڕاسـتەوخۆی بە دژی دەسـەڵات بە خۆیەوە گـرت. خەڵـك لە ڕووی دڵسـاردییەوە لە ماڵەوە دانیشـتنیان هەڵنەبــژارد، بەڵکــو لە دوو سـێ مانــگ پــێش هەڵبــژاردنەوە جموجـوڵێکی بەریـن کەوتە نێـو خەڵـك و هەڵسـوڕاوانی سیاسـی و ڕۆشـنبیری. کـۆمەڵە و هەڵسـوڕاوان و لایەنگرانـی لەم هەڵـمەتەدا دەوری هەرە چـالاك و بەرچاویـان هەبـوو. هەزاران هەڵســوڕاوی ڕێکخـراو و نـارێکخراو کەوتـنە نـاو خەڵـك و هەڵمەتێکـی سیاسـی بەربلاویـان بەڕێـوە بـرد. هەزاران کـۆڕو کۆبـوونەوەی بچووکیـان لە ماڵان، لە کوچە و کۆڵانان، لە خوێندنگاکان و لە شوێنەکانی کار پێـك هێنـا. هەمــوو کەس بەڵێنــی بە یەکـتر دەدا کە لەو هەڵبــژاردنەدا بەشداری نەکات. بەشداری نەکردن وەکو ئەرکێکی نیشـتمانی لێهـات تەنانەت لە ڕۆژانی پێش هەڵبژاردنـدا لە دوو شـاری کوردسـتان، واتە مەریوان و بۆکـان خۆپیشـاندانی گەورە بە دژی نادیموٚکراتیـك بـوونی ئەو هەڵبژاردنە کەوتەڕێ. بە گشتی، ئەو بەشداری نەکردنە بەشداری نەکردنێکی پەسیڤ نەبوو، بەشداری نەکردنێکـی ئەکتیـڤ بـوو، هەر بۆیەش خەڵکی بەرەو تەفاوەتی و خانەنشینی نەبـرد، بەڵکـو بـوو بە

بەردەبازێك بۆ تێكۆشانێكی راشكاوانەتر و بەهێزتر و بڕوا بەخۆیی زیاتری خۆڵقاند و ڕێگەی بۆ جەماوەری كردنەوەی خەباتی سیاسی لە كوردستان خۆشتر كرد .

بواری دووهەم كە ڕەشەممە، مانگی توانەوەی سەهۆڵبەندان ئەمساڵی نەخشاند، شانۆی شادی و خۆپشاندانی جەماوەری بە بۆنەی پەسەند كرانی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت لە عێراق بوو كە لەودا مافی فیدراڵی بۆ كوردستانی عێراق بە رەسمی ناسراوە. هەواڵی پەسەندكرانی ئەو قانوونە وەكو تەقینەوەیەكی سیاسی كتووپڕ لە كوردستانی ئێران دەنگی دایەوەو پێشوازی لێكرا. جەژن و شادی و هەڵپەڕكێ و دەربڕینی هاوپشتی بەشی هەرەزۆری كوردستانی داگرت، كە لە هەندێك شوێن ئەو كۆبوونەوەی شایی و خۆشیە بە هێرشی هێزە سەركوتكەرەكانی كۆماری ئیسلامی رەنگی توندوتیژی بە خۆیەوە بینی. هێرش كرایە سەر شایی و هەڵپەڕكێ و شیرینی بڵاوكردنەوەی هێمنانەی خەڵك و زۆر وەحشیانە كەوتنە گیانی خەڵك و لە منداڵ و پیر كەسیان نەپاراست و زۆر كەسیان شەلوكوت و برینداركرد. سەدان كەس دەسگیركران كە هێشتاش دەیان كەس لە زینداندان. گیراوەكانیان بە وەحشیانەترین شێوە ئەشكەنجە داوە، تەنانەت پشتی هەندێك كەسیان ئوتوو كردووە. بەڵام هەموو ئەمانە نەیتوانی خەڵكی مافخواز و لاوانی تێكۆشەری كوردستان چاوترسێن بكا و ئەوانیش لە بەرامبەر ئەو هێرشەدا دەستیان كردەوە و هەندێك لە شارەكان بوون بە مەیدانی ئەو پێكدادانە.

جێگەی سەرنجە كەلەم شانۆی شادی و خۆشییەدا، دروشمی فیدراڵی بۆ كوردستانی ئێران بە فراوانی جێگەی خۆی كردەوە و هاتەسەر زار و زمانی جەماوەر. داواكردنی فیدراڵی بۆ كوردستانی ئێران یەكەم جار لەلایەن كۆمەڵەوە هاتە گۆڕێ. ئەم دروشمە لە

ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا جێگەی خۆی لە نێو خەڵکی سیاسی و ڕۆشنبیردا کردەوە و بە گشتی سەرنجی نوخبەی کوردی ئێرانی بۆلای خۆی ڕاکێشا. خۆپیشاندانەکانی هەشتی مارسی ئەمساڵ فیدرالیزمی لەناو نوخبەوە بردە نێو جەماوەر. ئەمە دەسکەوتێکی گەورەی سیاسی بۆ کوردستانی ئێران بوو، یەك هەنگاو خەڵکی لە خەباتی سیاسی خۆیاندا بردە پێشەوە. ئەم دیاردەیە لەهەمان کاتدا بەمانای سەرکەوتنێکی سیاسی بەرچاو بۆ کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بوو، چونکە دروشمی کۆمەڵەی لە مەحەکی کۆمەڵانی خەڵك و بزووتنەوەی جەماوەریدا و لەو مەحەکە سەرکەوتوو هاتە دەر. بزووتنەوەی هەشتی مارس نیشانیدا کە دروشمی فیدراڵی لەگەڵ ویست و داوای جەماوەر دێتەوە و توانای ئەوەی هەیە ببێتە دروشمی سەرەکیی بزوتنەوەی کورد لە ئێران .

بەم جۆرە خەڵکی کوردستان لە مانگی ڕابردوودا، لە ڕەشەمە مانگی توانەوەی سەهۆڵبەنداندا، دوو سەرکەوتنیان بۆ خۆیان تۆمار کرد و دوو هەنگاوی بەرچاویان لە خەباتی رزگاریخوازانەی خۆیاندا هەڵگرت.

کۆمەڵە پیرۆزبایی لەو دوو هەنگاوە دەکات و خۆی بە پێشەنگ و خاوەنی ئەو دوو بزووتنەوەیە دەزانێت و لەوەی کە سیاسەت و دروشمەکانی وەها لە ناو بزووتنەوەی جەماوەریدا جێگەی خۆیان دەکەنەوە و دەچەسپن، هەست بە سەربەرزی دەکات و هەوڵ دەدا کە ئەو دەسکەوتانە بکاتە بەردەبازێك بۆ زیاتر پەرەپێدان و قووڵتر کردنەوەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان.

## به بۆنەی رۆژی شەهیدانی کۆمەڵەوە

**ژمارە ٣٥**

نیوەی یەکەمی خاکەلێوەی ١٣٨٣ی هەتاوی، ئاپریلی ٢٠٠٤ ی زایینی

**بە بۆنەی ڕۆژی شەهیدانی کۆمەڵەوە**

بەشداربووانی بەڕێز،هاوڕێیانی خۆشەویست،

١٥ ساڵ لەوە پێش لە وەها ڕۆژێکدا کۆمەڵێکی گەورە لە تێکۆشەرانی کۆمەڵە لە کەناری سیروان لە نزیک هەڵەبجە گیانیان لە دەستدا. لەو ڕۆژەدا نزیکەی ٧٠ کەس لە پێشمەرگە و فەرماندەکانی گوردانی شوان کەوتنە بەر ئاگری هەردووک ڕژێمی کۆنەپەرەست و دیکتاتۆری بەعسی عێراق و کۆماری ئیسلامی ئێران و گیانیان بەختکرد. ئەوان لە لایەکەوە وێرای هەزاران کەس لە دانیشتووانی شاری هەڵەبجە بە گازی ژەهراوی ڕژێمی لە گۆڕنراوی سەدام حوسێن لە کارەساتێکی گەورەی ئینسانی سامناکدا بوونە قوربانی و لە لایەکی دیکەشەوە کەوتنە بەر پەلاماری درندانەی پاسدارانی ڕژێمی دیکتاتۆری ئیسلامی لە ئێران کەلە درێژەی شەڕی کۆنەپەرستانەی ئێران و عێراقدا هێرشان کردبووە ئەو ناوچەیە.

ڕۆژی بیست وحەوتی ڕەشەممەی هەموو ساڵێک وەکوو ڕۆژی گیانبەختکردووانی کۆمەڵە جێگەی ڕێزو بیرهێنانەوەیە بۆ هەموومان، ڕۆژێک بۆ ڕێزگرتن لە چەندین هەزار شەهیدی ڕێبازی کۆمەڵە کە لە هەر کوێیەک و لەهەر مەیدانێکی خەباتدا گیانیان بەختکردبێ. ئەمرۆش لێرە جارێکی دیکە لەلایەن هەموو کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە، لەلایەن هەموو تێکۆشەرانی ڕێکخراوی خەباتی نهێنی لە شار و گوندەکانی کوردستانی ئێران، لەلایەن هەموو کادر و فەرماندە و پێشمەرگەکانی کۆمەڵەوە سەری ڕێز بۆ هەموو ئەو ئەستێرەگەشانەی خەباتی چەوساوەکانی کوردستان دادەنەوێنین و لەگەڵ ڕێبازیان پەیمان نوێ دەکەینەوە. هەروەها سڵاو و ڕێزی

خۆمـان پێشـکەش بە بنەمـاڵە و کەس و کـار و هاوسـەنگەرانی ئەو ئازیزانە دەکەین.

هاورێیان، هەرلە درێژەی ڕێبـازی پـڕ لە شـانازی ئەو تێکۆشـەرانە دایە کە ئەمـرۆ بە پانـایی هەمـوو کوردسـتانی ڕۆژهەڵات،کـۆمەڵانی خەڵـک لە خەبـاتێکی پراوپـڕی سیاسـی بە دژی ڕژێمـی کۆمـاری ئیسلامیدا خەریکن. بەتایبەتی جەماوەری کوردسـتانی ئێران لە یەک دوو مـانگی رابـردوودا لە دوو مەیـدانی گەورەدا توانـا و هێـز و ئیـرادەی خۆیـان بـۆ دۆسـت و دوژمـن نوانـد بە هەمـوو جیهانیـان نیشـاندا کـێن و ئامانجیـان چـیە؟ یەکەمینیـان لە مەیـدانی بە نـاو هەڵبژاردنـی مەجلیسـی شـوورای ئیسـلامی ئێـران دووهەمینیـان لەمەیـدانی شـایی گـرتن و جەژن گـرتن بە بـۆنەی پەسـەند کردنـی یاسای فیدراڵی بۆ کوردسـتانی عێـراق لە ڕۆژەکـانی ڕابـردوودا بـوولە یەکەم مەیدانیانـدا خەڵکـی کوردسـتانی ئێـران زۆریـنەی هەرەزۆری نزیک بەتەواویان تەنیا بەوە باسیان نەکرد کەلە ماڵەوە دانیشـن و لە شانۆگەری هەڵبژاردنی ڕژێمی کۆماری ئیسـلامیدا بەشـداری نەکەن، ئەوان بە گەرم و گـوری بە شـێوەیەکی ئەکتیـڤ لە سەرتاسـەری کوردسـتان خەباتکـارانە چـوونە مەیـدان و بەدژی ئەو هەڵبـژاردنە سـاختەیە، خۆپیشـاندانیان کـرد، خەباتیـان کردوکـۆڕ و کـۆمەڵی خەباتکارانەیـان پێکـهێنـا، ڕاگەیانـدنی سیاسـی و ڕوونکردنەوەیـان ڕێکخسـت و سـەرئەنجام ئەوان بـوون کە بەسـەر ڕژێمـی کۆمـاری ئیسلامیدا سەرکەوتن. بەدنیایان نیشاندا کە خەڵکی کودستانی ئێـران ئەو ڕژێمەیان نەویستووە و نایانەوێ و ئامادە نین بە چوون بۆ سـەر سـندووقەکانی دەنگـدانی ئەو ڕژێـمە مەشرووعیەتـی پێبەخشـن. دووهەمـین شـانۆر خەبـات کە جـاریکێتر سەرتاسـەری کوردسـتانی گـرتەوە، ئەم جارەیـان دەربڕینـی خۆشەویسـتی و هاوپشـتی خەباتکارانەیـان بـوو لەگەڵ خەڵکـی کوردسـتانی عێـراق بە بـۆنەی

دەسکەوتێکی کە بە دەستیان هێنابوو لە یاسای ئیدارەی دەوڵەتی عێراق دا. ئەو یاسایە لە پاڵ ئەوەی کە هێشتا هەموو ئامانج و ویستەکانی گەلی کوردی وەدی نەهێناوە، بەڵام چەندین دەسکەوتی بۆ ئەو سەردەمە دەستەبەر کردووە و ئەمەش بوو بە هۆی شایی خۆپیشاندانی گەورە لە سەرتاسەری شارەکانی کوردستان. هێزە ئینتزامییەکانی ئەم ڕژێمە کۆنەپەرەستە چاوی دیتنی ئەو هاوسەنگەری و هاوخەباتی و هاوپشتییەی بەینی ئەو دوو پارچەیەی کوردستانیان نەبوو و لە ئەنجامدا دەخالەتی توندوتیژانەیان کرد لەو خۆپیشاندانە دا و بەخوێنیان کێشا و دەیان کەسیان بریندار و سەدان کەسیان دەستگیر کرد.

بەڵام هیچ کام لەوانە نەیتوانیوە و ناتوانێ ئیرادەی خەباتکارانەی خەڵکی کوردستان لە پێناو ئامانجی ئازادی و ڕزگاری خۆیاندا سست و خاو بکاتەوە و هەر بۆیەشە هەر ئێستا لەم کاتەدا کە ئەو وتارەتان پێشکەش دەکەم شار و گوندەکانی کوردستان لە بە پیرەوە چوونی نەورۆزدا جارێکی دی بوونە شانۆی تێکەڵکردنی شایی و خۆشی لە گەڵ خەباتی سیاسی بە دژی رژێمی دیکتاتۆری ئیسلامی ئێران.

جێی خۆیەتی لەم دوو سێ ڕۆژی نزیک بە نەورۆز و لە کاتی تازەبوونەوەی سەری ساڵدا جارێکی دی یادی هەموو گوڵاڵە سوورەکانی کوردستان، هەموو ئەو شەهیدانەی کە بە خوێنی خۆیان داری خەباتی ئازادیخوازانەیان ئاوداوە،بکەین. جارێکی دیش بەدەنگی بەرز لەلایەن هەموو هاوسەنگەرانانیانەوە پەیمان لەگەڵ ڕێبازیان تازە دەکەینەوە و هەمووان دڵنیا دەکەین کە بە هیوایەکی قووڵتر و ئاسۆیەکی ڕوونتر لە هەمیشە ڕێبازیان درێژە دەدەین. جێگەیان لە مێژوومماندا بەرز و یادیان لە دڵماندا هەر سەوزە.

# پەیامی نەورۆزی بۆ کرێکارانی ئێران

**ژمارە ٣٥**

نیوەی یەکەمی خاکەلێوەی ١٣٨٣ی هەتاوی، ئاپریلی ٢٠٠٤ ی زایینی

**پەیامی نەورۆزی بۆ کرێکارانی ئێران**

کرێکارانی خەباتکاری ئێران

لە لایەن خۆم و کومیتەی ناوەندی و سەرجەم ڕیزەکانی کۆمەڵەوە هاتنی سەری ساڵی تازە و نەورۆزتان لە قووڵایی دڵەوە پیرۆزبایی پێدەڵێم و شادمانی و سەکەوتنتان ئاواتەخوازم.

ئەمساڵیش بە میلیۆن بنەماڵەی کرێکار لە کاتێکدا بەرەوپیری ساڵی نوێ دەچن کە بە توندی لە ژێر گوشاری بێکاری، گرانی، حەقدەستی زۆر کەم، نەبوونی پێویستییە کۆمەڵایەتییەکان و نەبوونی سەرەتایی ترین مافدا بە سەر دەبەن. بە میلیۆن کرێکار سەرەڕای کاری زۆر و ئیزافەکاری زۆرتر لەلایەن چەند کەس لە ئەندامانی بنەماڵەوە، هێشتا لە دابین کردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانیان بێ ئاکام ماونەتەوە لە ئەنجامدا هیوا و ئاواتەکانی بە میلیۆن منداڵ و تازە لاوانیشیان لەبەر چاویان پێشێل دەکرێن و هەڵدەوەرن. بەڵێ، ئەمە دیاری ڕژێمی دژە کرێکار و دژە مرۆڤایەتی کۆماری ئیسلامییە، ڕژێمێک کەبە درێژایی چارەکە سەدەیەکە بزەی شایی و ئازادی لە سەر لێوان تاراندووە و تۆوی هەژاری و فەوتانی بڵاو کردۆتەوە.

ڕژیمێک کەبە وادە و بەڵێنی داکۆکیکردن لە ماڵەقورینەکان و بە ناو موستەزعەفان هاتە سەرکار، ئەورۆکە گەورەترین کەلەبەری نێوان هەژاری و دەوڵەمەندی لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا خولقاندووە نیزامێک کە ئامانجی خۆی چاکسازی و ئیسلاحی ئەخلاقی، کۆمەڵایەتی لەقەڵەم دەدا، ئێستا بەربڵاوترین لەش فرۆشی لەوانە لەشفرۆشی منداڵان و تازە لاوان، ئیعتیاد بەرتیلخۆری و گەندەڵی ئابووری لە مێژووی ئێراندا بە دیاری هێناوە.

لەبواری مافی سیاسی، فەرهەنگی و تاکەکەسدا، کارنامەی دەوڵەتی ویلایەتی فەقێ کەمترلە بوارەکانی دیکە شەرمەزاری و

سەرشۆڕی نییە. داسەپاندنی ویست و تەماعی چەند ئاخوندی دز و دواکەوتوو لە ژێر ناوی فەرمانە ئیلاهییەکاندا، بێمافکردنی بە ڕەسمی خەڵک لە یاسای بنەڕەتیدا سپاردنی هەموو دەسەڵات و ئیمتیازی ئابووری و سیاسی بەوانەی کە بەبێ هیچ سنوورێک بە سەر هەموو شتێک لە نەوت و بازەرگانی دەرەکی و ناوخۆییەوە بگرە هەتا شێوەی جل و بەرگ پۆشین و سەلیقەی تاکی کۆمەڵگادا حوکم دەکەن، ئەمەیە ئەو "مەدینە فازلە"یەی کە نوێنەرانی خۆسەپاندوی ئاسمان لەم وڵاتە خوڵقاندوویانە.

سەرەڕۆیی سیاسی، لێوجمان و ئازادیکوژی، ئیعدام، ئەشکەنجە و بێسەر و شوێن کردن، پێشێل کردنی مافی خەڵک و کرێکاران، دیارە کە ئەمانە بۆ مانەوەی ئەم دەزگا جەهەنەمییەی سەرمایەداری ئیسلامی پێویستن. بەڵام هەر وەک بە چاوی خۆمان دەیبینین، سەرتاپای بینای سیاسی و ئایدیۆلۆژی بەڕێوەبردنی ئەم سیستمە لە قەیرانێکی قووڵ ڕۆچووە. قەیرانێک کەلە هەڵبژاردنەکانی مەجلیسدا سەری هەڵدا و پاشان تەحریمی بەرینی ئەو شانۆیە لە لایەن خەڵکەوە، نیشانەیەکە لە بێ دەرەتانی تەواوی ئەو ڕژێمە و هێمایەکەلە لەکیس چوونی یەکجاری مەشرووعییەتی ئەو نیزامە.

تەنیا هێزی کۆمەڵایەتی گەورەی کرێکارانە کە دەتوانە ئەم کۆمەڵگایە لەم بنبەستەی کە تێیکەوتووە بەرەو ئازادی و بەرەو بەرژەوەندی مافەکانی جەماوەری بەرینی خەڵک دەرباز بکات.

یەکێتی و ڕێکخراو بوون و خەباتکاریی کرێکارانە کە دەتوانێ و دەبێ ببێتە بڕبڕەی پشتی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی ئیعترازی هەمەگیر کە بێ گومان سەکۆی سیاسی داهاتووی ئێران دەکاتە هی خۆی.

کرێکارانی خەباتکار!

گومان لەوەدا نییە کە ئێران لە بەردەم ئاڵوگۆڕیکی گەورەدایە بە هیـــوای ئەوەی کە ئەو ســـاڵەی لەبەردەمـــمانە ســـاڵی جـــوڵانەوەی هەدەفدار لەم ڕێگایەدا بێ.

هاوســەنگەران، بە هیــوای تێکشــکاندنی ســەردەمی نەهــامەتی و ڕەشــی و هێنــانی ڕۆژانــی گەش، جــارێکیتر پیرۆزبــایی لە هەمووتــان دەکەم.

# کۆمەڵە، بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلی کوردستان و ئاڵای کوردستان

**ژمار"٣٦"**

نیوەی یەکەمی مانگی گوڵانی ١٣٨٣ هەتاوی، ئاپڕێلی ٢٠٠٤ زایینی.

## کۆمەڵە، بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلی کوردستان و ئاڵای کوردستان

هەر لە بیست و پێنج ساڵ لەوەو پێش لە سەرەتای شۆڕشی ئێرانەوە، شۆڕشێك کەلە بەدەر لە باقی ئێران کەوتە ژێر کۆنترۆڵی پاوانخوازانەی کۆنەپەرستیی توندڕەوی دینییەوە، کۆمەڵە هێزی نوێخواز و داهێنەر و پێشڕەوی ئەو بزوتنەوەیە بووە و زۆر مەفهووم و بەهای تازەی هێناوەتە ناو فەرهەنگی ئەو بزوتنەوەیەوە. کۆمەڵە بوو کە ئاڵای چەوساوەکانی کوردستانی بەرز کردەوە و بۆ یەکەم جار لە مێژووی کوردستان یەکیەتی جووتیارانی بە دژی ستەم و چەوسانەوە و کۆنەپەرەستی داهێنا، کۆمەڵە بوو هێزی چینی کرێکار و باسی مافی کرێکاران و ڕێکخراوە کرێکارییەکانی خستە زار و زمانان و وشیار کردنەوە و ڕێکخستنی ئەو چینەی کرد بە ئامانجێکی بەردەوامی خۆی، کۆمەڵە بوو کە وەکو یەکەم حیزبی کوردی بە ئاگاهێنانەوە و وەگەڕ خستنی هێزی ژنانی کرد بە ئەرکێکی ماندوویی نەناسانەی خۆی و جێگەیەکی تایبەتی بۆ ڕێکخستنی ژنان دانا و لە ڕێکخستنیاندا دەوری سەرەکی گێڕا و هەر لەو ڕاستایەشدا یەکەم حیزبی کوردی بوو کە کچان و ژنانی خەباتکاری هێنایە ناو ڕیزی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە، کۆمەڵە بوو کە بە کردەوە نیشانیدا کە لە گەرمەی شۆڕش و خەباتی چەکداری و پێشمەرگەیەتیشدا دەکرێت و دەبێت ڕێز لێگرتن و پاراستنی ئازادی و ماف و بەها ئینسانییانە ڕەچاو بکرێن، کۆمەڵە بوو کە پاراستن و پێداگریی لە سەر ئازادی بیر و باوەڕ و پلۆرالیزمی سیاسی و فەرهەنگی و ئازادیی ڕەخنە گرتن و ئازادیی هەڵبژاردنی ڕێبازی

سیاسی لە ناو ڕیزەکانی شۆڕشی کوردستاندا کرد بە بەهایەك لە کوردستانی ئێران و هەڵگری ئەو بڕوایە بوو کە دەبێ ئازادی ڕەخنە گرتن هەبێت بەڵام دەست بۆ چەك بردن نەبێت، کۆمەڵە بوو کە هێزی پێشمەرگەی بەتەواوی خستە خزمەت ڕێبازی سیاسی و خزمەت خەڵکەوە کۆمەڵە داهێنەری فەرهەنگی شەفافییەتی سیاسی بوو و بەم کارەی خۆی سیاسەتی لە چوارچێوەی تەسکی حیزبی ترازاند و بردیە ناو کۆمەڵانی بەرینی خەڵکەوە .

کۆمەڵە لە چارەکە سەدەیەك لەوە پێشەوە پێشەنگ و ڕێکخەری دەوری نوێی بزوتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستانی ئێران بووە و بە تایبەت لە چەند ساڵی ڕابردوودا جارێکی دیکەش نەخشی خۆی وەکو هێزی ئیلهام بەخش و داهێنەر و نوێخواز لەو بزووتنەوەیەدا بە هەمووان نیشان داوەتەوە و ئیسباتی کردۆتەوە. کۆمەڵە بە هۆی بەرنامەی گونجاو و شێعاری دروست توانیویەتی دەست پێشخەری و پێشەنگ بوونی خۆی بە ڕوونی نیشان بدات. بۆ نموونە، کۆمەڵە هەوەڵ حیزبی کوردی لە کوردستانی ئێران بووە کە دروشمی فیدراڵی بۆ کوردستان و بۆ ئێران پێشنیار کردووە کە ئەو دروشمە ئێستا بۆتە دروشمی سەرەکیی خەڵك لە کوردستانی ئێران .

نەخش و دەوری کۆمەڵە لە پێشخستن و لە بەخشینی ناوەڕۆك و رواڵەتی پێشکەوتنخوازانە بەو بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلی کورد لە کوردستانی رۆژهەڵات لە ماوەی چارەکە سەدەیەکدا حاشا هەڵنەگرە .

لە درێژەی ئەو سوننەت و فەرهەنگەدا، سێ مانگ پێش ئێستا، لە کۆتایی مانگی ژانویەی و ئەمساڵدا، لە سەر ئەساسی لێکدانەوەی خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی ئێستای بزوتنەوەی کوردستان و پێشبینی رەوتی داهاتووی، کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە بە تێکڕای دەنگ ئاڵای کوردستانی بە ڕەسمی ناسی و ڕایگەیاند کە بە لە بەر

چـاو گرتنـی هەمـوو ئەو خـاڵانەی سـەرەوە، کـۆمەڵەی شۆڕشـگێڕی زەحمەتکیشانی کوردستانی ئێران ئەو ئاڵای سوور و سـەوزە بە خـۆر و تیشکەوە، تا کاتێـك کـۆمەڵانی خەڵـك بڕیـارێکی دیکەیـان نەداوە، وەکو ئاڵای کوردستان دەناسێ.

بزوتنەوەی بەرینی خەڵکی کوردسـتانی ئێـران لە رۆژی هەشـتی مارسی رابردوو بە بـۆنەی پەسـەند کرانـی یاسـای فیـدراڵی لە عێـراق نیشـانی دا کە کـۆمەڵە بە هەڵە نەچـووە و وەکـو هەمیشـە هێـزی پێشـەنگی بـزووتنەوەی شۆڕشـگێڕانەی گەلـی کـورد لە کوردسـتانی ئێـرانە. ئەو بڕیـارەی کـۆمەڵە لە لایەکەوە نیشـانەی ژیـری و بـاوەڕ بەخـۆیی و خوێنـدنەوەی دروسـتی هەل و مەرجـی سیاسـی و سـایکۆلۆژی جەمـاوەری خەڵکـی کوردسـتان و لە لایەکـی دیـکەوە دەلالەتێکە لە سەر ئێرادەی لێبڕاوانەی کۆمەڵە بۆ بەڕێوەبردن و بەرە و پێش بردن و بە سەرکەوتن گەیانـدنی بـزوتنەوەی رزگـاریخوازانەی گەلی کورد .

لە روانـگەی کـۆمەڵەوە گەلـی کـورد وەکـو هەمـوو نەتەوەیەکـی دیکەی جیهان خاوەنی مافی دیاری کردنـی چـارەنووس و پێکهێنـانی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیەتی، بەڵام لەو مافە بێبەش کراوە. کوردستان بە سەر چوار وڵاتدا دابەش کراوە کە لە هەموو پارچەکانی کوردستان بە شێوە و رادەی جیاواز ستەمی نەتەوەیـی بە سـەر گەلـی کـورد دا سەپاوە و تەنـانەت هەنـدێك جـار بـوونی ئینکـار دەکـرێ، زمـانی بە رەسـمی نانـاسرێ و قەدەغەیە و هێرشـێکی بەردەوام بـۆ سـڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کورد لە ئارادایە .

خەباتی گەلی کورد بە دژی ئەم ستەم و هەڵاواردن و بێ مافیە و لە پێنـاو بە دەسـت هێنـانی مـافی دیـاری کردنـی چـارەنووس، بزووتنەوەیەکـی رزگـاریخوازانەی پێکهێنـاوە کە بە شـێوەگەلی

جۆراوجـۆرو لە ژێـر دروشـمی جۆراوجـۆر بەرپـا بـووە و سـەرە رای هەستان و کەوتن سەرجەم روو لە گەشە و پەرەسەندن چووە .

دەوری نـوێی ئەو بـزوتنەوەیە لە کوردسـتانی ئێـران، کە لە رووی چۆنـایەتی و چەنـدایەتیەوە بە قۆنـاغێکی نـوێ دەنـاسرێ، چـارەکە سـەدەیەك پـێش ئێسـتا سـەری هەڵـداو سـەرەڕای زەبـر و زەنـگ و کوشتار و هێرشکاریی رژیمی کۆماری ئیسلامی تا ئێستاش بەردەوامە و بە تایبەت لە ساڵانی رابردوو سەر لە نوێ کڵپەی سەندووە .

لە سـاڵانی رابـردوو لە کوردسـتانی ئێـران شـەپۆلێکی گەورەی وشیاری سیاسی و رۆشـنبیری و لە هەسـتاندا بـووە کە بە خۆشـییەوە ئەم وشیارییە هاوڕێیە لە گەڵ بیـری دیمۆکراسیخوازانەی و داکـۆکی لە مافە دیمۆکراتیکەکانی تاك و کـۆمەڵ و لە ئـازادی سیاسـی و هەر بەم حیسـابەش نـاوەرۆك و رواڵەتێکـی پێشـکەوتنخوازانەی هەیە و بەرژەوەندی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە .

لە ساڵانی رابـردوودا کێشـەی کـورد زیـاتر لە هەمیشـە لە ئاسـتی جیهانی دا دەنگی داوەتەوە و ناسراوە. هۆگر بـوونی زۆرتـری خەڵـك بە ئـاڵای کوردسـتان لەم سـاڵانەی دواییـدا بە نـۆبەی خـۆی وەکـو سـیمبۆل و هـێمایەك لەو مـافخوازییە و نیشـانەیەك لە بەرگـری و خـۆڕاگری لە حاسـت سـتەم و داگیرکـاری و پێشـێلکاری مـاف و لە بەرامبەرکێ لە گەڵ تواندنەوەی ناسنامەی نەتەوەیـی هـاتۆتە گـۆڕ و لە هەموو بەشەکانی کوردستان، بە تایبەت کوردستانی باشوور، وەکو ئاڵای کوردستان ناسراوە .

کۆمەڵە، وەکو حیزبی پێشڕەو لە کوردستانی ئێـران و ئـاڵاهەڵگری ڕزگـاری نەتەوەیـی، بە تـایبەت خوازیـاری دامەزرانـدنی ئێرانێکـی فیدراتیڤە کە تێیدا کوردستان وەکـو حکوومەتێـك دێـتە دامەزران. بە تایبەت کۆمەڵە لە بەرنامەی خۆیدا "دامەزراندنی دەسەڵاتی خەڵکـی کوردستان بە سەر وڵاتی خۆیـانی کـردووە بە تامـانجێکی خـۆی بـۆی

تێدەکۆشێ و وەها دەسەڵاتێك کاتی خۆی بێگومان سیمبۆلی وەك ئاڵاش وەکو هێمایەکی پێناسەی نەتەوەیی دەگرێتەوە .

ئاڵایەك کە ئێستە لە لای خەڵکی کوردستان ناسراوە و بریتییە لە سێ ڕەنگی سوور و سپی و سەوز کە ڕۆژێك بە تیشکەوە لە نێوانی دایە، ئیتر لە چوارچێوەی حیزبێکی سیاسی یان توێژێکی بچووکی کۆمەڵایەتیدا نەماوە، بەڵکو تا ڕادەیەکی زۆر جێگەی خۆی لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی سەرجەم کوردستان کردۆتەوە. لە کوردستانی ئێرانیش ئێستا ئاڵای کوردستان زۆر زیاتر لە جاران خەریکە جێگەی خۆی دەکاتەوە. بڕیارەکەی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە بەرهەمی هەڵسەنگاندن و لە بەر چاو گرتنی هەموو ئەو ڕاستییانە بوو .

لەهەمان حاڵدا پێویستە تەئکید بکرێتەوە کە کۆمەڵە وەکو حیزبی سۆسیالیست و شۆڕشگێڕی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، لە بزووتنەوەی گەلی کورددا بایەخی سەرەکی بە ناوەڕۆکی ڕەوا و پێشکەوتنخوازی ئەو بزووتنەوەیە دەدات و وەکو هەمیشە بۆ ئەوە تێدەکۆشی کە ئەو بزووتنەوەیە بە ڕێبازێکدا بچێت کە تییدا بەرژەوەندی کۆمەڵانی بەرینی کرێکار و زەحمەتکێش و چەوساوەی کوردستان و بەرژەوەندی دیمۆکراسیخوازی و پێشکەوتنخوازی بە باشترین شێوە وەدی دێت. لە بیرمان نەچێتەوە کە زۆر جار لە هەموو دنیا حیزب و ڕەوتە دەستەڕاستی و کۆنەپەرست و دژە دیمۆکراتیکەکان بۆ لەبیر بردنەوە یان کاڵ کردنەوە یان دژایەتی کردنی داخوازییە کۆمەڵایەتیە ڕەوا و پێشکەوتنخوازەکان خۆ لەبن ئاڵای نەتەوەیی وڵاتەکەیاندا دەشاردنەوە و پەنا دەبەنە بەر هەڵخڕاندنی تەعەسووبی میللی و بەم جۆرە هەوڵ دەدەن خەڵك چەواشە کەن و بزووتنەوەکە لە ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی خۆی بەتاڵ کەن. کۆمەڵە بە دژی ئەو چەشنە کەڵك وەرگرتن لە ئاڵای کوردستانە و دەخوازێ کە بایەخی سەرەکی

بە نـاوەڕۆکی ڕەوا و پێشـکەوتنخوازانەی بـزووتنەوەی گەلـی کـورد بدرێت .

پێویست بە گوتن ناکات کە کۆمەڵە، وەك هەموو حیزبێك ئـارم و ئـاڵای تـایبەتیی خـۆی هەیە کە وەکـو هـێمایەك نـوێنەرایەتی بیـر و بۆچوونەکـانی دەکـا و پێویسـتە لە بـۆنە ڕەسـمییەکان هەڵـواسرێ و دەبێ هەوڵ بـدرێ ئـاڵا و ئەسـتێرەی سـووری کـۆمەڵە بە فـراوانترین شێوە لە ناوخۆی کوردستان لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا وەکو سـیمبۆلی شۆڕشگێڕی ڕێبازی کۆمەڵە بڵاو بکرێتەوە و بچەسپێ .

# هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە و داهاتووەکەی

**ژمارە"٣٧"**

جۆزەردانی ١٣٨٣ هەتاوی، ژوونی ٢٠٠٤ زایینی.

**هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە و داهاتووەکەی**

ڕێك بیست و شەش ساڵ بەسەر ئەو ڕۆژەدا تێدەپەڕێ کە یەکەم هاوڕێی کۆمەڵە لە مەیدانی چالاکیی پێشمەرگانەدا گیانی لەدەستدا.

سەعید موعینی، ناسراو بە خانە، کادری هەڵکەوتووی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، لەنزیك گوندی "دڕێ" سەر بە شارۆچکەی "ماوەت" لە ناوچەی شارباژێر لە کوردستانی عێراق لەحاڵێکدا لەگەڵ کەرتێك لە پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەرە و بارەگای سەرکردایەتی بەڕێوە بوون، کەوتە بەر پەلاماری هێزەکانی ڕژیمی دیکتاتۆری بەعسی عێراق و لە شەڕێکی نابەرابەردا گیانی لەدەستدا .

خانە، برای دوو تێکۆشەر و کەسایەتی سیاسی ناسراوی کوردستان، سولەیمانی موعینی و عەبدوڵڵا موعینی بوو، کەلە سەر بڕیاری سەرکردایەتیی ئەو کاتی کۆمەڵە و خواستی خۆی بۆ بەشداری لە ئەزموونی شۆڕشی نوێی کوردستانی عێراق و فێر بوون و ڕاهاتن لە بواری خەباتی پێشمەرگایەتیدا و دامەزراندنی پێوەندی نزیك لەگەڵ کۆمەڵەی ڕەنجدەران و یەکێتی ڕەوانەی ئەو دیوو کرابوو. خانەی موعینی تێکۆشەری سەردەمی کاری نهێنی کۆمەڵە بوو کە هێشتا نەگەیشتبووە تەمەنی سی ساڵی بەڵام بە هۆی خۆڕاگریی قارەمانانە و کەم وێنەی لە زیندانی شادا، وەکو کەسایەتیەکی ناسراوی ناو خەباتکارانی سیاسی ئەو سەردەمەی زیندانەکانی ئێران نێوی دەرکردبوو .

ناردنی کەسێکی وەکو کاك سەعید موعینی بۆ کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ نیشانەی ئەو پەڕی گرینگیدان بە بواری خەباتی چەکداری

و کاری پێشـمەرگانە و تێگەیشـتنی گرنگـی ئەو شـکڵە لە خەبـات لە پێناو ئازادی و سەرکەوتن دابوو. لە بیرمان نەچێـتەوە کە خـانە تەنیـا کادرێك نەبوو کە کۆمەڵە ئەو کات بەرە و جەرگەی خەباتی سـەخت و شۆڕشگێڕانە و پڕلە ئەزموونی کوردستانی عێراقی دەنارد

دوای تێپەڕبـوونی بیسـت و شـەش سـاڵ بە سـەر ئەو ڕووداوەدا، دوای هەڵگیرسانی بزووتنەوەی شۆڕشـگێڕانە لە کوردسـتانی ئێـران و هەسـتان و کەوتــن و هەوراز و نشـێوی زۆر، بە دوای شـکان و پاشەکشـەی هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتانی ئێـران بـۆ ئەم دیـوو و زاڵبوونەوەی دیکتاتۆری ڕەشی کۆمـاری ئیسـلامی، پرسـیار ئەوەیە کە ئایا هێزی پێشمەرگە و بە گشـتی خەبـاتی چەکـداری جێگەیەکـی لە داهـاتووی کوردسـتان و بزووتنەوەکەیـدا مـاوەتەوە؟ ئایـا پـاش دامرکـانەوەی ئەو شـکڵە لە خەبات بـۆ زیـاتر لە پـازدە سـاڵ، پـاش ئەوەی حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆن پتر لە بیسـت سـاڵە دەرفەتـی کـاری ئاشکرای سیاسیان لێ سەندراوەتەوە، پاش ئەوەی کە شـارەکان زیـاتر لەهەمیشە گەورە بوونەوە و بوون بە ناوەندی سیاسەت و ڕۆشنبیری و ئـابووری و نەسـڵێکی نـوێ لە ڕۆشـنبیران و خەباتکـارانی سیاسـی هـاتوونەتە بـوون کە بچـووکترین تێکەڵاوییەکـی شەخسـییان لەگەڵ ئەزموونی خەباتی چەکداری و کاری پێشمەرگانە نیە، پاش ئەوەی کە ئێسـتا زیـاتر لە دەهەیەکە بزووتنەوەیەکـی نـوێی ڕۆشـنبیری لە کوردستانی ئێران هاتۆتە ئاراوە و سەرنجی نەسڵی نوێی بـۆلای خـۆی ڕاکێشـاوە، لە دنیایەکـدا کە هەمـووان قسـە لە مـافی مـرۆڤ و کۆمەڵگای مەدەنی دەکەن، بە تـایبەت لە حاڵێکـدا کەلە کوردسـتانی ئێـران کـۆمەڵە خـۆی پێشـەنگی ئەو باسـانە و ئەو بـوارانەیە، ئایـا جێگـایەك و داهـاتوویەك بـۆ ئەو شـکڵە لە خەبـات و بە گشـتی بـۆ دیاردەی هێزی چەکدار ماوەتەوە؟

کۆمەڵە پێش هەموو هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران و زیاتر لە هەمووان باسی گرنگی خەباتی سیاسی کردووە و بۆی تێکۆشاوە، باسی گرنگی کاری ڕێکخستنی نهێنی لە ناوخۆی کوردستان، باسی کۆمەڵگای مەدەنی و پێویستیی دامەزراندنی ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەیی و مەدەنییەکان، باسی پێویستی کارکردن بۆ پێکهاتن و پەرە سەندنی ئێن. جی. ئۆکان و جێ بۆ کردنەوەیان لە کۆمەڵگەی داهاتوو، باسی گرنگی ڕێکخستنی کرێکاران هەر لە بچووك تا گەورە، باسی ڕێکخستنەکانی ژنان و خوێندکاران و نووسەران و هتد کردووە و بەردەوام ئەو پەیامەی بە گوێی نەسڵی تازە و خەباتکارانی ئێستای کوردستاندا داوە .

لە هەمان حاڵدا دەبینین کە کۆمەڵە نەك هەر هێزی پێشمەرگەی نیگا هێشتووە، بەڵکو لە ڕاستیدا لە چوار ساڵی ڕابردوودا کۆمەڵە ئەو حیزبە سیاسییەی کوردستانی ئێران بووە کە سەرەڕای هەموو دژوارییەکان و سەرەڕای تێگەیشتن و لە بەرچاو گرتنی بارودۆخی ناوچەیی و بیانوو نەدان بە کۆماری ئیسلامی بۆ خراپە لەگەڵ کوردستانی عێراق، توانیویە بەدوای ساڵەها بێدەنگی جارێکی دیکە چالاکیی پێشمەرگانە بژێنێتەوەو بەو کارەش هومێد و هیوایەك لەدڵی جەماوەردا بگەشێنێتەوە. ئایا ئەو دوو سیاسەتەی کۆمەڵە لەگەڵ یەکتری نەگونجا و ناتەبا نین، ئایا ئەو گشتە پێوە ماندوو بوونە بە خەباتی سیاسی و ڕێکخراوەیی و مەدەنی، ئەو گشتە قەول دان بۆ وشیاری سیاسی و ڕۆشنبیری، ئەو هەمووە باسە لە کۆمەڵگای مەدەنی و دیموکراسی و فرەچەشنی سیاسی و فەرهەنگی، ئەو گشتە بایەخ دانانە بۆ خۆ ڕێکخستنی کرێکاران و خوێندکاران و ژنان ... هتد، لەگەڵ ئەو هەوڵە ماندوویی نەناسانە بۆ بار هێنان و ڕاهێنانی هێزی پێشمەرگە و چالاکی پێکردنیان ناتەبا و دژ بەیەك نین؟

بە بــــڕوای ئــــێمە، ئەو دوو سیاســــەتە نەك هەر دژ بەیەك و نەگونجاو نین، بەڵکوو تەواوکەری یەکترین. ئێمە بە دروست لە سـەر گرنگی کاری سیاسی و ڕێکخستن و ڕۆشنبیری پێداگریمان کـردووە و دەیکەیـن، بە دروسـت وتوومـانە و دەڵێـین کە گرنگـی سـەرەکی و تایبەت بۆ ئەو بوارانە دادەنێین و بەشی هەرە زۆری قورسـایی کـاری خۆمان دەخەینە سەر ئەو مەیدانانە لە کـار. وتوومـانە و دەڵێـین کە شـکڵەکانی خەبـات، نهێنـی یـان ئاشـکرا، مەدەنـی یـان چەکـداری، سیاسی یان ڕێکخراوەیـی هـیچ کامیـان پیـرۆز نـین، هـیچ کامیشـیان هەتاهەتایی نین. هەموو شکڵەکانی خەبات، لەگەورە تـا بچـووك، لە هێمنانە تا تونـدوتیژ، قـابیلی گـۆڕانن و گرنگیـان لە درێـژەی ڕەوتـی کۆمەڵگادا کەم و زیاد دەکا. خەباتی چەکداریش لەو یاسـایە بێـبەری نیە .

ئـێمە دەبـێ هەروا پێشـەنگ و ئـاڵاهەڵگری خەبـاتی سیاسـی و جەمـاوەری و مەدەنـی و ڕۆشـنبیری و ڕێکخراویـی بـین، دەبـێ بـۆ چارەسەری مەسەلەی کـورد لە ئێـرانیش هـیچ کـات ڕێـگەی سیاسـی ڕەت نەکەیـنەوە و وەکـو پرەنسـیپ لەگەڵ ئەسـڵی گفتوگـۆ بـۆ ئەو چارەسەرە بین. بەڵام بەهەموو ئەمانەشەوە، نابێ لەبیرمـان بچێـتەوە کە هێشتا خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کـورد لە کوردسـتانی ئێـران قۆنـاغی بەرگـری چەکـدارانەی تێـپەڕ نەکـردووە، هێشـتا مافیـای تێرۆریست و کۆنەپارێزی کۆماری ئیسلامی بۆ پاراستنی سـەروەت و سـامانی بە تـاڵان بـردووی خەیـاڵی و بـۆ پاراسـتنی دەسـەڵاتی سـەرەڕۆیانەی خـۆی ئامـادەی خـوێن ڕشـتن و خەڵـك کوشـتن و کاولکاریە، هێشـتا کوردسـتانی ڕۆژهەڵات وڵاتـی داگیرکـراوی پێشـێل کراوی میلیتاریزەیە و تەقەکردن لەخەڵکـی بێـدیفاع و ڕەشـەکوژی و ئیعـدامی سیاسـی نـۆرمی بەڕێـوەبردنی وڵاتەو کاربەدەسـتان لەم بوارانەدا بەریان بەرەڵڵایە و کەس لێیان ناپرسێتەوە، هێشتا دوژمنـان،

بواری خەباتی دیموکراتیك و هێمنانەیان نەڕەخساندووە و هێشتا ڕژیمە دیکتاتۆرەکان و فەرهەنگە کۆنەپەرەستانەکان چارەنووسی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دیاری دەکەن، هێشتا دەوڵەتانی ناوچەیی خەیاڵی سەرکوتی خوێناویی گەلی کوردیان لەسەردایە و خەون بە فەوتانمانەوە دەبینن. بەڵێ، ئێمە لە وڵاتێکی ئاوادا دەژین و لە وڵاتێکی ئاوادا خەبات دەکەین .

بەلە بەرچاو گرتنی هەموو ئەوانە، کۆمەڵە وێڕای پابەند بوون و پێشەنگ بوونی لە خەباتی سیاسی و ڕێکخراوەیی و مەدەنی و ڕۆشنبیری، هێزی پێشمەرگەش دەپارێزێ، پەرەی پێدەدا، ڕای دێنێ و لە کاتی پێویستدا چالاکی پێدەکا. ئامانجی ئەم سەردەمەی چالاکی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵەش هیوابەخشین و بردنە سەری ورەی خەباتکارانەی جەماوەر و بە گشتی ئەرکی سیاسی و ئەرکی ڕاگەیاندن و ئەرکی کۆکردنەوەی ئەزموونە. بوون و چالاکی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە لە خزمەت ئامانجە سیاسییەکانی کۆمەڵە دایە و هێزی پشتیوانی ئەو خەباتە سیاسی و جەماوەریەیە کە ئێستا لە کوردستان لەئارا دایە و بەرە و هەڵچوونیش دەڕوا .

دواتر، لە قۆناغێکی دیاری کراو لە خەباتی سیاسی و لە کاتی هەڵچوونی جەماوەریدا، هێزی پێشمەرگە و چالاکییەکەی بە شانازی و بە ئامادەییەوە دەبێتە فاکتەری تەواوکەر بۆ ڕاپەڕینی داهاتوو و ڕامالینی هێزە سەرکوتکەرەکان لە کوردستان.

**ئۆپۆزسیۆن و قەیرانی ئەتۆمی ئێران**

وەرگێرانی لە فارسیەوە: ئەردەڵان فەرەجی

**ژمارە"٤٠"**

خەزەڵوەری ١٣٨٣ی هەتاوی، نۆڤامبری ٢٠٠٤ ی زایینی

**ئۆپۆزسیۆن و قەیرانی ئەتۆمی ئێران**

هەوڵی کۆماری ئیسلامی بۆ وەدەست هێنانی چەکی ئەتۆمی و قەیرانێك کە ئەم مەسەلەیە لە ئاستی جیهانیدا خولْقاندوویەتی، لەڕەهەندی زۆرەوە جێی لێ وردبوونەوەیە. بەڵام لێرەدا دەمانەوێ پەنجە بخەینە سەر ڕەهەندێك و ئەویش وەبیر هێنانەوە یان بە ئاگا هێنانەوەیەکە سەبارەت بە چۆنیەتی ڕووبەڕوو بوونەوەی ئۆپۆزیسیۆن و بە تایبەت هێزە چەپ و دیمۆکراسیخوازەکان لە حاست ئەم مەسەلەیە .

لە کەس شاراوە نیە کە کۆماری ئیسلامی ئێران وە دەست هێنانی چەکی ئەتۆمی بە هۆکارێکی گرنگ و ڕەنگە سەرەکی و بڕیار دەر لە سەر مانەوە و درێژەدان بە دەسەڵاتی خۆی دەبینێ. لە ڕوانگەی کۆماری ئیسلامیەوە چوونە ناو یاریگای وڵاتانی ئەتۆمی، توانایيەکی زۆرتر بۆ مامەڵە لەگەڵ ئوروپا و ئەمریکا بە ڕژیمی دەسەڵاتدار دەبەخشێ، نەك تەنیا مەترسی هێرشی سەربازی بۆ سەر ئێران، بە مەرجێك ئەو ئەگەرە ڕاست بێت، چارەسەر دەکات، بەڵکو ئەم ڕژیمە وەکو لایەنێکی پێویستی ئەم دانوستاندنە لەگەڵ ئەمریکا و ڕۆژئاوا دەسەلمێنێ، ڕەخنەگەلی سەبارەت بە پێشێل کردنی مافی مرۆڤ لە ئێران و سەرکوتی سیاسی نەیاران و بێ مافی ژنان و لاوان و هتاد کەم دەکاتەوە و هەوڵەکانی گۆڕینی ئەم ڕژیمە، لە ئەگەری بوونی ئەو هەوڵانەدا، دەخاتە لاوە. ئاکامی هەموو ئەمانەش پووچەڵ کردنەوە و خستنە پەراوێزی بەناو "بەرەی دەرەکی"یە. دیارە کە کۆماری ئیسلامی ئەگەر بتوانێ بەم ئەنجامە بگات، دەیکاتە هۆکارێك بۆ سەپاندن و سەلماندنی خۆی لە ناوخۆ و بۆ بێ هیوا کردنی خەڵك لە گۆڕان و بۆ پووچەڵ کردنەوە یان کەم کردنەوەی

مەترسیی بزووتنەوە جەماوەرییەکان و بۆ پەرە پێدان و سەپاندنی خەفەقان و سەرکوت و بە کورتی بۆ کز کردنی "بەرەی ناوخۆیی ."

سیناریۆی سەرەوە، بێتوو بێتەدی، بۆ ئۆپۆزسیۆنی شۆڕشگێڕی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و بۆ هەموو ئەوانەی کە نیزامی کۆماری ئیسلامی بە دوژمنی سەرەکی کرێکاران و زەحمەتکێشان، ژنان، گەلانی بندەست، کۆسپی سەرەکی سەر ڕێی وەدەست هێنانی ئازادی دەناسن و ڕووخان و دارمانی ئەم نیزامە بە مەرجی پێشەکیی پێشڕەویی کۆمەڵگای ئێران بەرە و ئازادی و خۆش بژێوی و دادپەروەری دەزانن، سیناریۆیەکی دڵ خۆشکەر نابێ.

ئەوسا نابێ گومانیشمان لەوەدابێ کەمافیای سەروەت و دەسەڵات لە ئێران لە کاتی پێویستدا لە چەکی ئەتۆمی وەك بەرگی بەرەنـدەیەك لە کێشە و ناکۆکییە ناوچەییەکانی خۆیان کەڵك وەردەگرێ و بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خۆی لە خولقاندنی هیچەشنە قەیرانێك و گرەوکێشی و ماجەراجوییەکی نیزامی درێغی ناکات. ئەم چەکە نوێیە و ئەو ورە نوێیەی کە پاش وەدەست هێنانی دەیبەخشێتە خاوەنەکەی، دەبێتە یارمەتیدەرێك بۆ بە هێز کردن و پەرەستاندنی چالاکییە تیرۆریستی و ئاژوەگێرانەکانی ڕژیمی ویلایەتی فەقێە، لە ناوچەکەدا دەستێکی باڵا دەبەخشێتە کۆماری ئیسلامی و ئاستی دەستێوەردانەکانی ئەم ڕژیمە لە کێشەی وڵاتانی ناوچەکە دەباتە سەرەوە کە ئەمەش بە نۆبەی خۆی مانایەکی جگەلە بەهێز بوونی ڕەوتە حیزبوڵلاهی و کۆنەپەرست و تیرۆریستەکان و لاواز بوون و سەرکوتی بزووتنەوە و حیزبە دیمۆکراسیخواز و گەلی و چەپەکان لە کۆی ناوچەکەدا نیە.

پێشووتر، پێداگری کۆماری ئیسلامی لەسەر درێژەی شەڕ لە گەڵ عێراق تا دوایین قۆناغەکانی لەژێر دروشم گەلێکی وەك ڕێگەی قودس لە کەربەلاوە تێدەپەڕێ و هتاد و کەمتەرخەمی ئاخوندە

دەسەڵاتدارەکان لە حاست پاراستنی گیانی شاروەمەندانی ئێران و تێپەڕاندنی هەزاران گەنج و مێرمنداڵ بۆ سەر مەیدانەکانی مینذا بۆ وەدەست هێنانی سەرکەوتن لەشەرێك کەلە هەرتك لاوە پووچ و کۆنەپەرستانە بوو، بە رادەی پێویست بۆچوونی بان دەستخوازی و فرەخوازی ئیسلامی ئەم رژیمەی دەرخستووە. ئەم بۆچوونە بە خاوەنداریەتی چەکی ئەتۆمی دەتوانێ سەرجەم ناوچەکە لە گەڵ مەترسی هەڵگیرسانی شەڕێکی ناوکی بەرەو ڕوو بکاتەوە.

بە لەبەرچاو گرتنی هەموو ئەو خاڵانەی سەرەوە، نیگەرانی خەڵکی ئێران و هەموو ڕەوتە شۆڕشگێڕ و چەپ و ئازادیخوازەکان لەوەی کە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بتوانێ چەکی ئەتۆمی وەدەست بێنی، شتێکی ئاساییە. لە ڕاستیدا، ئەو نیگەرانییە زۆر قووڵ و ڕەسەنترە لە دەربڕینی نیگەرانی ئەمریکا و ئاژانسی نێونەتەوەیی ئەتۆم یان ڕەقیبە ناوچەییەکانی کۆماری ئیسلامیە و دەبێ هەر واش بێت. لە ڕاستیشدا ڕژیمێك کە کوشتاری بە کۆمەڵی زیندانیانی ساڵی ۱۳٦۷ی ڕێك خست، ڕژیمێك کە ئیعدامەکانی دەهەی شەستی بەڕێوە برد، ڕژیمی لەشکرکێشی بۆ سەر کوردستان، ڕژیمی هەڵاواردنی جینسی لە ئێران، ڕژیمی گەندەڵی و ئازادیکوژی، بۆچی دەبێ بە چەکی ئەتۆمیش تەیار بکرێ؟

ئەم ڕاستییانە دەبێ بۆ هەموو نەیارانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ڕوون بن. ناڕۆشنی لێرەوە دەست پێدەکات کە بەشێك لە ئۆپۆزسیۆن دژایەتی ڕۆژئاوا لەگەڵ هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران، بەمانای پێشێل کردنی مافی خەڵکی ئێران بۆ وەدەست هێنانی تەکنۆلۆژی ناوکی دەزانن. بەڵام ئەمە هەڵەیەکی کوشندەیە. زۆر وێژی و ریاکاری و یەك بان و دوو هەوا کردنی ڕۆژئاوا، کە هەڵبەت لە جێی خۆیدا ڕاستییەکە، ناتوانێ و نابێ ببێتە پاساوی هیچ چەشنە مایە دانانێك بۆ کۆماری ئیسلامی، چ بگا بە هاوتەریبی و هاودەنگی

لەگەڵ ئەو ڕژیمە. تەیار بوونی کۆماری ئیسلامی بە چەکی ئەتۆمی بە مانای بەهێز بوونی خەڵکی ئێران و وەدی هاتنی مافی ئەوان نییە، بەڵکوو ڕێك بەپێچەوانە هۆکارێکە بۆ لاواز بوونی زیاتر و بێ چارەیی خەڵکی ئێران و مانەوەیان لە دۆخی پامال کراوی و بێمافی و بندەستی دایە. هەر ئەوەندە بەسە کە لە مێشکی خۆماندا هەڵسەنگاندنێکمان هەبێ و لەخۆمان بپرسین ئایا وەدەست هێنانی چەکی ئەتۆمی لەلایەن فاشیستەکانی ئاڵمانەوە لە کاتی شەڕی جیهانی دووهەمدا دەیتوانی بە مانای وەدی هاتنی مافی خەڵکی ئاڵمان و گەیشتنی ئەوان بە ئاشتی و ئازادی بێت؟

هەڵەی ڕابردوو دووپات نەکەینەوە، چ جیاوازییەك لە نێوان دروشمی "سوپای پاسداران بە چەکی قورس تەیار بکەن"، کە "زۆرینە"ی ڕێکخراویی فیداییان لە ساڵی ١٣٥٩ی هەتاویدا لە ژێر ناوی ئەولەوییەتی خەبات دژی ئەمریکا دەیدا، لەگەڵ دروشمی داکۆکی لە مافی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ وەدەست هێنانی تەکنۆلۆژی ناوکی لە ژێر ناوی وەستانەوە لە بەرامبەر زۆر وێژی ئەمریکا و داکۆکیکردن لە بەرژەوەندی نەتەوەیی ئێراندا هەیە؟ کۆمەڵە لە هەمان سەردەمانی هەستیاریشدا کە هەندێك لە ژێر ناوی خەباتی دژی ئیمپریالیستی بە شێوەگەلی جۆراوجۆر ئاویان دەکردە ئاشی کۆماری ئیسلامی و پڕوپاگەندەکەیەوە، هەڵوێستێکی شەفاف و ڕوونی بوو کە ئەمڕۆکەش جێی شانازییەتی. لە ڕوانگەی ئێمەوە ئەمڕۆکەش سەرەکیترین مەسەلە خەبات دژی کۆماری ئیسلامیە. سەرەکیترین مەسەلە تێکەوەپێچانی نیزامێکە کە کۆسپی سەر ڕێی هەر جۆرە ئازادی و پێشکەوتنێکی کۆمەڵگای ئێرانە.

ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی ساڵانێکە بە حەق دەوڵەتە ڕۆژئاوایی و ئورووپاییەکانی بەوە تاوانبار کردووە کە بۆ بەرژەوەندی بازرگانی و دیپلۆماسی خۆیان چاویان لە هەموو پێشێلکاریە حاشاهەڵنەگرەکانی

مـافی مـرۆڤ لە ئێـران و هەمـوو سـەرکوت و جینۆسـاید و ڕەگەز کوژییەکـانی ڕژیمـی دیکتـاتۆری ئـایینی ئێرانیـان پۆشـیوە. ئەم ئۆپۆزسیۆنانە شێلگیرانە جینـایەت و تـاوانە جۆراوجۆرەکـانی ڕژیمـی کۆمـاری ئیسـلامیان لە بەردەم ڕای گشـتیی جیهـان لەقـاوداوە و خوازیاری گۆڕینی سیاسەتی سات و سـەودا و سازشـکارانەی وڵاتـانی رۆژئاوا بوون .

ئەمڕۆکە پەروەندەی مـاجەراجویی ئەتـۆمی مافیـای زاڵ بە سـەر ئێراندا لە سـەر بـاقی خاڵەکـانی ئەم پێشـێلکارییانە وەکـو بـێ مـافی کرێکاران و ژنان و منداڵان و نەتەوە و کەمایەتیە ئایینی و نووسەران و ڕۆژنامەوانـان و هتـاد، زیـاد بـووە. قەیرانـی ئەتـۆمی ئێـران و ناکۆکیەك کە لە نێوان ئێران و ڕۆژئاوا لەم بوارەدا پێـك هـاتووە، نەك تەنیـا نـابێ ببێـتە هـۆی ڕاڕایـی لە ڕیزەکـانی ئۆپۆزیسـیۆنی چەپ و دیمۆکراسیخوازدا، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەبێ بۆ زۆرتـر لە قـاودان و بەتـاق خسـتنەوەی هەرچـی زۆرتـری کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران لە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی کەڵکی لێوەر بگیرێ. هەوڵ دان بۆ لەقاودان و بەتاق خستنەوەی کۆماری ئیسلامی لە کۆمەڵگـای نێـونەتەوەیی لە هەمیشە پێویستترە. قەیرانی ئەتـۆمی ئێـران تفـاقێکی تـازەی بـۆ ئەم نەبەردە پێك هێناوە. سیاسەتی فێڵبازانەی مشـك و پشـیلەی کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران لە بـواری ئەتـۆمی و سازشـکارییەکانی دەوڵەتـانی ئورووپایی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دەبێ لەقاو بدرێ و بخـرێتە ژێـر گوشـارەوە. ڕای گشـتی جیهـانی ڕۆژئـاوا دەبـێ نەیـاریی ئاشـکرا و دژایەتی ڕاشـکاوانەی خەڵکـی ئێـران لە حاسـت پڕۆژەکـانی کۆمـاری ئیسلامی بۆ وەدەست هێنانی چەکی ئەتۆمی بە ڕوونی ببینێ .

## بەرەی گەلانی ئێران، زەمینە و کارکردەکان

وەرگێرانی لە فارسیەوە: ئاسۆ ئیسلام پەنا

## ژمارە"٤٠"

خەزەڵوەری ١٣٨٣ی هەتاوی، نۆڤامبری ٢٠٠٤ ی زایینی

**بەرەی گەلانی ئێران، زەمینە و کارکردەکان**

یەك: یەکێك لەو مەسەلانەی کە کۆنگرەی ١٠ی کۆمەڵە ئاماژەی پێکرد، باسی "بەرەی گەلانی ئێران" بوو. ئەم بابەتە هەم لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەدا تاوتوێ کرا و هەم لە باسی هەلومەرجی سیاسیدا هاتە گۆڕێ.

کۆمەڵە پێشتر باسی لە پێویستیی پێکهێنانی بەرەیەکی دیمۆکراسی خوازی ئێرانی کردووە، کە ئێمە بە ناوی "یەکێتی بۆ دیمۆکراسی" ناومان بردووە، هەروەها باس لە بەرەیەکی کوردستانی لە ئێران کراوە و لێرەدا دووپات و شیکردنەوەیان بە پێویست نازانین، بەڵکوو دەمانەوێ بیرۆکەی بەرەی گەلان شی بکەینەوە کە گەڵاڵەکەی لە لایەن کۆمەڵەوە پێشنیار کراوە .

ئێران وڵاتێکی فرە نەتەوەیە. بێجگە لەو نەتەوانەی وەك کەمایەتی لە نێو بەشەکانیتری دانیشتوانی ئێراندا دەژین، لانیکەم شەش نەتەوە بە وڵات و چوارچێوەی جوغرافیایی دیاریکراوی خۆیانەوە لەم وڵاتەدا دەژین. دەڵێم لانیکەم شەش نەتەوە، چونکە بێجگە لە کورد، ئازەری، فارس، تورکمەن، عەرەب و بەلووچ ژمارەیەك لەو بڕوایەدان کە لوڕ و گیلەکییەکانیش دەبێ بە نەتەوە بژمێردرێن. بەڵام ئەم بابەتە لەم قۆناغەدا کاریگەرییەکی لە سەر باسەکەی ئێمە نییە، هەشی بێت، لە ئاراستەی سەلماندنی دایە.

لەوانەیە بوترێ بوونی نەتەوەی جۆراوجۆر لە ئێراندا، لە خۆیدا بە مانای پێویستی پێکهێنانی بەرەی نەتەوەکان یان گەلان نیە. ئەوە ڕاستە، بەڵام مەسەلەکە لێرەوە دەست پێدەکات کە بێجگە لە فارسەکان، هەموو ئەم نەتەوانە کۆمەڵێك هەڵاواردن و بێبەشی سیاسی، فەرهەنگی، ئیداری و زۆرجار ئابوورییان بە سەرەوەیە کە بە کورتی پێی دەوتری "ستەمی نەتەوەیی."

ئەوە بزانین کە باسەکە ئەوە نیە کە تەنیا چەند نەتەوەی تـایبەت لە ئێراندا لە ژێر ستەمدان، باسەکە ئەوە نیە کە ستەمی نەتەوایەتـی، تەنیا گرفتی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئێران و سـەرچاوەی هەمـوو بەڵاو کێشـەکانی ئێـرانە و بە چارەسـەر کردنـی، ئێـران دبێـتە بەهەشـت. نەخێر! باسـەکەی ئـێمە هـیچ کـام لەوانەی لێنـاکەوێتەوە. لە ئێرانـدا سـتەمی کـۆمەڵایەتی زۆر ئەساسـی و بنچینەیـی بـوون و هەن کە پەیوەنـدی، یـان لانـیکەم، پەیوەنـدی راسـتەوخۆیان بە کێشـەی نەتەوایەتیەوە نیە و کورد و تورك و فارس ناناسـن. کرێکـارانی ئێـران لە هەر نەتەوە و زمانێکـــدا دەچەوســـێننەوە، هەژاری و بێکـــاری گشتگیرە، ستەم لە ژنان دیاردەیەکی گشتیە، سەرەڕۆیی سیاسی و بێ مافی لە هەموو ئێراندا زاڵە دەکات، منداڵانی هەموو ئێران بێ مـاف و بێ پەنان، گەندەڵی و بەرتیل خـۆری کاربەدەسـتانی ورد و درشـتی حکـوومەت هەمـوو کۆمەڵگـای ئێرانـی تەنیـوە، دەسـەڵاتی کۆمـاری ئیسلامی لە دژی هەموو خەڵکی ئێران و راو ڕووتکەری هەمـووانە و زۆر نموونەی تری لەم چەشنە. هەر بۆیە باسەکە ئەوە نـیە کە گـوایە کەسانێك کە هەست بە سـتەمی نەتەوایەتـی لە ئێرانـدا دەکەن و لە دژی خەبـات دەکەن، لە سـەر ئەو بـڕوایەن کە ئێـران بـۆ فارسـەکان بەهەشـــتە و ئەوە تەنیـــا نەتەوە ســـتەم لێکراوەکـــانن کە لە ژێـــر ســـەرەڕۆیی و هەڵاواردن و ســـتەمدان، نەخێـــر! باســـەکە ئەوەیە کە سەرەڕای هەموو چەوساندنەوە و ستەم و بێ عەداڵەتیەکـانی زاڵ بە ســـەر ئێرانـــدا، ســـتەمی نەتەوەیـــیش بـــارێکی قورســـی دیـــکەیە کە ئەوەنـدەی دیـکە ژیـان دژوار و نالەبـار دەکـات. شـیکردنەوەی ئەم هەڵاواردن و بێبەشیانە لێرەدا بە پێویسـت نـازانین و پێمان وایە ئەو مەسەلانە، لانیکەم بۆ کەسانی ئاگادار ناسراوە. تەنیـا ئەوەنـدە بەسـە کە وەبیری بهێنینەوە هیچ کام لەو نەتەوانە خاوەنی پەروەردە و فێـر کردن بە زمانی زگماکی خۆیان نین.

بوونی ستەمی نەتەوایەتی لە ئێراندا، تەنیا خزمەت بە پتەوتر بوونی سەرەڕۆیی و دیکتاتۆرییەت دەکات و پەیوەندیی نێوان نەتەوە جۆراوجۆرەکان دەشێوێنێ. بە پێچەوانەوە، چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە خزمەت بە دیموکراتیزە کردنی وڵات و پێکهێنانی فەزای لێك گەیشتن و دۆستایەتی خەڵکی هەموو ئێران و پتەو کردنی پەیوەندیی نێوان ئەم نەتەوانە دەکات.

بەم جۆرە وێڕای ئەوەی کە ژێر ستەمی ئێران، هەر کامیان خاوەنی تایبەتمەندی مێژوویی و سیاسی و فەرهەنگی خۆیانن بەم ئازارە هاوبەشەوە دەناڵێنن. بەڵام مەسەلەکە تەنانەت بە بوونی ستەمی هاوبەش و دەردی هاوبەش و کێشەی هاوبەش بەرتەسك نابێتەوە. بە بڕوای ئێمە، لە داهاتوویەکی نە زۆر دووردا، دەکرێ باس لە بزووتنەوەی هاوبەش یان هاوشێوەش بکرێ. بزووتنەوەی گەلان لە گەڵ ڕاپەڕینی ساڵی ١٣٥٧ی ئێران و فەزای کاتی دیموکراسی لەو قۆناغەدا سەری هەڵدا، بەڵام بێجگە لە کوردەکان نەیتوانی بەردەوامی و بەرین بوونەوە و هێزی خۆڕاگری درێژ ماوەی هەبێ. تورکمەن سەحرا و عەرەبەکانی خوزستان خەڵتانی خوێن کران و گەلانی تر لە قۆناغەکانی سەرەتایی کاردا بوون. ئێمە لەو بڕوایەداین کە ئەم ڕەوتە لە ئاڵوگۆڕەکانی داهاتووی ئێراندا دووپات نابێتەوە و کێشەی نەتەوەکان دەبێتە یەکێك لە گرنگترین کێشە کۆمەڵایەتیەکانی وڵات. بە هەڵە تێنەگەین، گۆڕانکاری سیاسی و گۆڕانی ڕژیمەکان نییە کە لە ئێراندا مەسەلەی نەتەوایەتی دەخوڵقێنێ. مەسەلەی نەتەوایەتی لە ئێران بە درێژایی سەدەی ڕابردوو، خوڵقاوی دەسەڵاتی سیاسی سەرەڕۆ و نادیموکراتیکی زاڵ بە سەر ئێران دایە. گۆڕانکاریی سیاسی، تەنیا دەرفەتی خۆ دەرخستن و تەشەنا بوونەوەی ئەم گرفتە دەڕەخسێنێ.

بە هەر حاڵ، راستیی فرەنەتەوە بوونی ئێران وێڕای بـوونی سـتەم و هەڵاواردنی نەتەوەیی لە ئێراندا، بێگومان رێگە خۆشکەر دەبێ بـۆ بزووتنەوە نەتەوەییەکان و بزووتنەوەی گەلانی ژێـر سـتەم لە ئێرانـی داهـاتوودا. هەر هەوڵێـك بـۆ بەرگـری لەم بـزووتنەوانە هەر لە سەرەتاوە مەحکووم بە شکستە. ناتوانرێ لەوە زیاتر گەلانی ئێـران لە پشت دەروازەی مێژوو و پێشکەوتن و فەرهەنگەوە رابگیـرێن. رێـگە چارەی نکۆڵی کردن، نەبینین، چەواشەکردن، سەرپۆش لە سەر دانـان و سەرکوت کردن، لە پێوەند بەم نەتەوانەی دانیشتووی ئێـران، تـاقی کـراوەتەوە و تووشـی شکسـت هـاتووە. دووپـات کردنەوەیـالە داهاتوودا ناسەرکەوتووتر و کارەسات بارتر دەبێت.

دوو: وتمان کـۆنگرەی دەی کـۆمەڵە پێشـنیاری پێکهێنـانی "بەرەی گەلانی ئێران"ی کردووە. بۆ شـیکردنەوەی بـوارە ڕاستەقینەکانی ئەم گەلاڵەیە و کارکردەکانی، قسەمان لە فرە نەتەوە بوونی ئێـران کـرد و وتمان ئەم راستیە، وێڕای ستەم و هەڵاواردنی نەتەوەیـی زاڵ بە سـەر وڵاتدا، بواری سەرهەڵدانی بزووتنەوە نەتەوەییەکانی خـۆش کـردووە کە ئەگەری زۆری هەیە لە هەر گۆڕانکـارییەکی داهـاتووی ئێرانـدا روو بدەن .

ئازار بینـین لە سـتەمی هاوشێوە، هاوبەشـی و هاوئاراسـتەیی لە بـزووتنەوەی نەتەوەیـی گەلانـی سـتەم لێکـراوی ئێـران دەخـوڵقێنێ. بەرژەوەنـدی هـاوبەش، هاوپشـتی لـێ دەبێـتەوەو ئەم هاوپشـتیە چوارچێـوەی گونجـاوی خـۆی دەخـوازێ. بەرەی گەلان لە هەنگـاوی یەکەمدا وەڵامێك بەو پێداویستیانەیە .

بـۆ دەبـێ کـورد و تـورکمەن و عەرەب و ئەوانـی تـر یەك یەك قەڵاچـۆ بکـرێن و کەسـێك نـاڕەزایەتی لە ئاسـت ئەم بێمافـی و هەڵاواردن و سەرکوتانە دەرنەبڕێ؟ بـۆ نـابێ دەسـتدرێژی بـۆ سـەر یەکێـك بە دەسـتدرێژی بـۆ سـەر هەمـووان سـەیر بکـرێ و دەنگـی

نـاڕەزایەتی لە هەمـوو ئێـران بەرز بکـاتەوە؟ بـۆ نـابێ بەرگـری و پشـتیوانی لە بـزووتنەوەی حەقخـوازانە و ئـازادیخوازانەی کـورد و ئازەرییەکان و ئەوانی تر ئەرکی هاوبەشـی هەمووان بـێ؟ بـۆ نـابێ داکۆکی لە بزووتنەوەی عادڵانەی خەڵکـی کوردسـتان، ئەو خەڵـکەی چارەکە سەدەیەکە بێڕەحمانەترین سـەرکوت و کوشـتاری بە کـۆمەڵ دەبیـــنن و هەر لە یەکەم ڕۆژەوە لە گەڵ دیکتـــاتۆیەتی ڕەشـــی مەزهەبـــی دەســـتە و یەخەن، لە ســـەرەوەی خواســـت و خەبـــاتە ئازادیخوازانەکان نەبێ؟ بەرەی گەلان لە یەکەم هەنگـاودا وەڵامێکـی بە کردەوەیە بۆ ئەم بۆچیانە.

بزووتنەوە ئازادیخوازانەکانی گەلانی ئێران دەبێ بتوانن هاوپشتی و هاوکاری و هاوئاهەنگیەکی چڕوپڕ لەنێوان خۆیانـدا پێـك بهێـنن و بەو جـۆرە هێزێکـی گەورەی سیاسـی لە پێنـاو ئامـانجە عادڵانەکـانی خۆیان لە ئێرانـدا وەگەڕ بـخەن. بـۆ وێـنە بەرەی هاوبەشـی گەلانـی ئێران دەتوانێ یەکگرتووانە پشـتیوانی لە دروشـمی فیـدڕاڵیزم بکـات، ئەم خواسـتە ببـاتە نـاو خەڵـکەوە، لەم بـارەیەوە لە ئاسـتی ئێرانـدا دیالۆگێکی سیاسی وەڕێ بخات و پاڵپشتی بۆ کۆبکاتەوە .

بەڵام کـارکردی بەرەی گەلان تەنیـا نابەسـترێتەوە بە داکـۆکی لە مافی نەتەوە ژێر ستەمەکانی ئێـران و گەلاڵەی بەهێزتـر و بەرینـتری خواسـتەکانیان و پێکهێنـانی هاوپشـتی لە نێوانیانـدا. بەرەی گەلان و کارکردەکانی، بەو شـێوەیە ئـێمە مەبەسـتمانە، هاوکـات لە خزمەتـی هەموو بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە و ئازادیخوازانەی ئێران دایە لە دژی ڕژیمـی سـەرەڕۆیی دەسـەڵاتدار و هەروەهـا خـزمەت دەکـات بە پەرەســـەندنی دیمۆکراســـی لە کۆمەڵگـــای ئێرانـــدا. بـــزووتنەوەی حەقخوازانەی گەلانی ژێر ستەمی ئێـران، وێـڕای ئەوەی هەرکامەیـان خواسـتە تایبەتیەکـانی خـۆی دەگـرێتە بەر، بزووتنەوەیەکیشـــن ڕاسـتەوخۆ لە دژی سـەرەڕۆی و دیکتـاتۆرییەتی دەسـەڵاتدار و هەر

کامەیـــان گـــورزێکە کە لە دیکتـــاتۆرییەت دەدرێ، گورزێـــك کە وەشـــاندنی گورزەکـــانی تـــر، لە لایەن بـــاقی بـــزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکانەوە، لە سیستمی دیکتاتۆری و دژە خەڵکی ئاسانتر دەکات. بزووتنەوە ئازادیخوازانەکانی گەلانی ژێرستەمی ئێران، بەشێکن لە سەرجەم بزووتنەوەی ئازادیخوازنە لە سەرتاسەری وڵات و یەکێك لە هێزەکانی دیموکراسی لە ئێران پێك دەهێنن.

سێ: ئەم رووەی مەسەلەی نەتەوەکان لە ئێراندا بەداخەوە بە باشی نەناسراوە و بە پێی پێویست وەرنەگیراوە. هەر بۆیە جێی خۆیەتی زیاتر لەم بارەیەوە قسە بکەین. ئاماژەمان بەوە کرد کە ستەمی نەتەوایەتی، هەڵاواردن و بێ مافیەکی بە سیستم کراو و دامەزراوە کە لە لایەن دیکتاتۆریەتی سیاسی دەسەڵاتدارەوە داسەپاوە و دەپارێزرێ. ستەمی نەتەوایەتی لە ئێراندا لە گەڵ دەسەڵاتی دیکتاتۆری، لە گەڵ سەرکوت و قەڵاچۆ کردن، زیندان و دوور خستنەوە و کۆچ پێکردنی زۆرە ملی و تاڵان و راوڕووت ئاوێتە بووە و یەکێك لە پێکهێنەرانی نیزامی زاڵە. لە ڕاستیدا خودی دیکتاتۆرییەت لە ئێراندا، تا رادەیەك لە پرۆسەی داسەپاندن و بەڕێوەبردنی ستەمی نەتەوایەتیدا جێگیر بووە و پێگەیشتووە .

ستەمی نەتەوایەتی یەکێك لەو هۆکارانەیە کە سەرەڕۆیی و دیکتاتۆرییەت لە ئێراندا زیندوو ڕادەگرێ و پاراستنی ستەمکارییە، بە ناچار، شێوازی نادیموکراتیك و بوونی دەزگایەکی سەرکوتگەر دەخوازێ. واتە بەردەوام بوونی ستەمی نەتەوایەتی لە ئێران، هاوکات بە واتای مانەوە و بەرهەم هاتنەوەی دەسەڵاتی دیکتاتۆری و نادیموکراتیکە لە ئێراندا. بە شێوەی سروشتی پێچەوانەی ئەوەش ڕاستە. نەهێشتنی ستەمی نەتەوایەتی و چارەسەری دروستی کێشەی نەتەوایەتی لە ئێران، یەکێك لە پێداویستییەکانی دیموکراتیزە کردنی کۆمەڵگای ئێران و پێکهاتەی دەوڵەتە. دەرەنجام، ئەوەی کە داکۆکی

لە یەکسانیی مافی نەتەوایەتی، ناتوانێ بەشێك لە ئەجێندای دیمۆکراسیخوازی لە ئێراندا نەبێ. ئەگەر نەمانەوێ چاو لە راستییەکان بپۆشین و ئەگەر لە دیمۆکراسی خوازیماندا راست و جیدی بین ناتوانین ئەوە قبووڵ نەکەین. پێکهێنانی بەرەی گەلان لە ئێراندا دەتوانێ هەنگاوێك بێت لەم پێناوەدا .

بەڵام ئەم بەرەیە هاوکات دەتوانێ لە پەیوەندی نێوان ئەو نەتەوانەشدا ڕۆڵی ئیجابی بگێڕێ. لە بیرمان نەچێ کە تێکهەڵچوون، کێشە و حەساسیەتیش لە نێوان ئەم گەلانەدا هەبووە. دەوری شۆڤینیزمی دەسەڵاتدار لە باوەشێن کردنی ئەو ناکۆکیانەدا و دوژمنایەتی نەتەوەیی سازکردندا نەناسراو نیە. هەر بۆیە، لە روانگەی ئێمەوە، بە هێز کردنی ڕۆحی برایەتی و هاوپشتی نێوان هەموو ئەو گەلانە، هەوڵ بۆ چارەسەر کردنی ئاشتیانە و دیمۆکراتیکی گرفتەکانی نێوانمان و سازکردنی پەیوەندی دۆستانە و برایانە لە نێوانیاندا، لە گرینگترین خاڵە سەرەکیەکانی وەها بەرەیەك دەبێ. ئازەری و کوردەکان، ئازەری و فارسەکان، عەرەب و فارسەکان و بە کورتی هەموو خەڵکی ئەو وڵاتە دەبێ بتوانن بەڕێز گرتن لە مافی یەکتر ژیانێکی هاوبەش ڕێك بخەن .

ئەم باسە دەمانکێشێتە لایەنێکی گرینگی دیکەی مەسەلەکە، کە بە بڕوای من دەبێ یەکێك لە ئەرك و بەڵێنەکانی هەموو ئەو حیزب و کەسایەتیانە بێت کە بەشداری لە بەرەی گەلانی ئێراندا دەکەن و ئەویش بەربەرەکانێ لە گەڵ بەرچاو تەنگیی ناسیۆنالیستی و دەمارگرژیی کوێرانە دژی ئەویتر بوون و هەڵخراندنی دوژمنایەتی لەدژی نەتەوەکانیتر و بە هێز کردنی بۆچوونی دیمۆکراتیکە لە نێو هەرکام لە نەتەوەکان و بزووتنەوەکانی گەلانی ئێراندا.

بۆچوونی نادیمۆکراتیك لە نێو هەر کام لە نەتەوەکاندا، لە فارس و ئازەری و کوردەوە بگرە تا دەگاتە بەلووچ و تەوانیتر دەبینرێ و

ئەوە حیزب و هێزە سیاسیەکانی هەرکام لەو نەتەوانەن کە دەبێ بە جیدی بۆ نەهێشتن و پووچەڵ کردنەوەیان تێبکۆشن. بەهێزکردنی هەستی دۆستایەتی و ڕێزی بەرامبەر لە نێوان نەتەوەکاندا، یەکێك لە ئەرکە بنچینەییەکانی بەرەی گەلان دەبێت. بە واتایەکیتر، بەرەی گەلان دەربارەی هەوڵ و دیموکراتیزە کردنی ژیانی ناوخۆی هەرکام لە نەتەوەکانیشدا قسەی بۆ وتن هەیە .

کونگرەی ١٠ی کۆمەڵە بە وەها روانگەیەك و بە وەها گیانێکەوە روانیە مەسەلەی نەتەوایەتی و مەسەلەی بەرەی گەلانی ئێران بەرەیەك کە بزووتنەوە حەقخوازانەکانی گەلانی ژێر ستەم، هاوئاهەنگ و لە یەکتر نزیك دەکات و هاوپشتی دەخولقێنێ و گیانی برایەتی لە نێو گەلاندا بە هێز دەکات و لە نێوخۆی هەرکام لە نەتەوەکانیشدا بۆچوونی دیموکراتیك و پێشکەوتوو بە هێز دەکات.

چوار: ڕەوتە دواکەوتوو و توندڕەوەکان لاواز دەکات و دەیانخاتە پەراوێزەوە. لە وەها حاڵەتێك دایە کە بزووتنەوەکانی گەلانی ژێر ستەمی ئێران بە مانای واقیعی، شیاوی ناوی بزووتنەوەیەکی ئازادیخوازانە رزگارکەر دەبن و ئێرانی سبەی رۆژ کە بە هەوڵی هاوبەشی هەمووان پێدەگات، ئێرانێکی دیموکراتیك و شیاوی خەڵکەکەی دەبێت.

## بەبۆنەی نەورۆز و جەژنی سەری ساڵی تازەوە

**ژمارە "٤٥"**

خاکەلێوەی ١٣٨٤ی هەتاوی، ئاپریلی ٢٠٠٥ی زایینی

**بەبۆنەی نەورۆز و جەژنی سەری ساڵی تازەوە**

خەڵکی تێکۆشەری کوردستان! دایکان و باوکان! خوشک و برایانم! ڕۆڵە ئازیزەکانم! جەژنی نەورۆز و سەری ساڵی تازەتان لێ پیرۆز بێت. لە لایەن خۆم و هەموو کومیتەی ناوەندی کۆمەڵەوە پڕ بە دڵ پیرۆزبایی نەورۆز و سەری ساڵی تازەتان لێدەکەم و و ساڵێکی پڕ لە خۆشی و شادی و سەرکەوتن بۆ هەمووتان بە ئاوات دەخوازم.

پێش هەموو شتێک کە ئێستا نەورۆز جەژن دەگرین و دیداری ئازیزان تازە دەکەینەوە، با یادی هەموو ئەو تێکۆشەرە ئازیزانە بکەینەوە کە بۆ وەدیهێنانی بەهاری ئازادی و شادی و یەکسانی لە کوردستاندا گیانیان بەخت کرد، با لەسەری ساڵی نوێدا بچینە دیداری بنەماڵە و کەس و کاریان و پەیمانیان لەگەڵ تازە بکەینەوە کە ڕێگا و ڕێبازیان بەرنادەین و هەتا گەیشتن بە ئامانجیان ئەو ڕێبازە ون ناکەین. هەروەها با ڕێز بگرین لەو تێکۆشەرانەی کە ساڵەهایە تەمەنی شیرینی خۆیان بەبێ کۆڵدان و چۆکدادان لە گرتووخانەکان و ئەشکەنجەگاکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامیدا بەسەر برد و سەری هەمووامنیان بەرز کردەوە.

هەر لێرەوە سڵاو و ڕێزی خۆمان پێشکەش دەکەین بە بنەماڵەی گیانبەختکردووان، بە هەموو کەمئەندامان، پێشمەرگە دێرینەکان، بە تێکۆشەرانی دێرین، سڵاویان بۆ دەنێرین و ئاواتی گەشیان بۆ دەخوازین. هەروەها جێی خۆیەتی کە سڵاو و پیرۆزباییمان پێشکەش بکەین بە هەموو تێکۆشەرانی کوردستان، پێشکەش بکەین بە نەسڵی تازەی خەباتکار، بەوانەی لە ساڵانی ڕابردوودا سەنگەری خەباتی سیاسی ئاشکرا و نهێنیان لە کوردستان پڕ کردووەتەوە، دەستیان دەگووشین و هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازین و ڕادەگەیەنین کە داهاتووی کوردستان لەدەستی ئەواندایە.

هەر لێرەوە پیرۆزبایی دەکەین لە هەموو تێکۆشەرانی ڕێکخستنی نهێنی، نرخی کاری ئەوان بە هیچ پێوانەیەک هەڵناسەنگێندرێ، لە هەموو تێکۆشەرانی بواری خەباتی کرێکاری، هیوای گەشەو پتەوی زۆرتر و سەرکەوتنی زۆرتریان بۆ بە ئاوات دەخوازین، پیرۆزبایی دەکەین لە تێکۆشەرانی بواری خەباتی جەماوەری، ئێستاکە لەهەموو شار و گوندی کوردستان خەڵک جەژنی نەورۆز دەگرن و هیوای سەرکەوتن بۆ یەکتر دەخوازن و پەیوەندی نێوانیان پتەوتر دەکەن، داوامان ئەوەیە کە یەکگرتوویی خەباتکارانە و ئازادیخوازانەی خەڵک لە هەمیشە زیاتر بێ . هەست بە خۆشەویستی و خەمخۆری یەکتر، هاوپشتی و یارمەتی و یەکگرتوویی یەکتر، گەورەترین سەرمایەی تێکۆشەرانی ئێمەیە. با لەم نەورۆزە و بە هاتنی بۆنی ژیانەوەی سروشت، ڕیزەکانی خەڵکی کوردستانیش پەیمانی هاوکاری و هاوپشتی نوێ بکەنەوە. هیچ چینێک و هیچ گەلێك بەبێ هاوپشتی و هاوخەباتی، بەبێ یەکێتی و یەکگرتوویی، سەرکەوتن بەدەست ناهێنێ. ئێمە داوای ئەو بەخەم بوون و هاوپشتی و دەسگرۆیی و یەکگرتووییە دەکەین. دیارە ئەو هاوپشتی و یەکگرتوویيە لە پێناو ئازادی، لە پێناو دادپەروەری کۆمەڵایەتی، لە پێناو وەدیهێنانی ماف و دەستکەوتەکان، لەپێناو ڕزگاری و سەرکەوتنی خەڵکی چەوساوەی کوردستان بەڕێوە دەچێ. ئێمە بە نۆبەی خۆمان هەر بۆ ئەم مەبەستەش تێدەکۆشین و لە ساڵی داهاتوودا هەوڵەکانمان بۆ پێکهێنانی بەرەی کوردستانی زیاتر لە جاران پەرە پێدەدەین. هیوادارین کە لایەنەکانی دیکەش هەر بەو گیانەوە بەرەو پیری بچن. ڕاستە کۆماری ئیسلامی ئەمساڵیش وەکوو ساڵانی پێشووی تەمەنی نەگریسی، بێجگە لە هەژاری، بێکاری، گرانی، بێداد، ئیعتیباد، گەندەڵی، ستەم و هەڵاواردن، سەرکوت و گرتن و زیندان، هیچی دیکەی بۆ خەڵکی کوردستان و ئێران بە دیاری نەهێناوە، بەڵام خۆشبەختانە لەهەمیشە زیاتر جێ پێی لەق بووە و گلۆڵەی کەوتۆتە لێژی. چ بە هۆی ئازادیکوژی و دیکتاتۆری و پێشێلکاری مافی مرۆڤ چ بە هۆی ڕێکخستن و پشتیوانی و دالدەدانی تیرۆریزم و ئاژاوە

نـانەوە لەهەمـوو نـاوچەکە و چ بە هـۆی هەوڵـدان بـۆ وەدەسـهێنانی چەکی ئەتۆمی، کۆماری ئیسـلامی ئەمڕۆ لەهەمـوو لایەکەوە لە ئاسـتی جیهانیدا کەوتۆتە ژێر فشار و هەڕەشەوە.

سـاڵەها بـوو کە خەڵکـی ئێـران بە تـایبەتی کوردسـتان، لە خەبـاتی خۆیـان بـۆ ئـازادی و عەدالەت بە دژی کۆمـاری ئیسـلامی تەنیـا بـوون. ئێستا ئەوە ڕژیمی کۆنەپەرەستی کۆماری ئیسلامیە کە لەهەمـوو دنیـادا بەتاق کەوتۆتەوە و ئەمەش دەرفەتێکی تـازە بـۆ گەلـی کـورد و هەمـوو گەلانی ئێران دەخولقێنێ کە دەبێ بە وریایی و سـەربەخۆییەوە کەڵکـی لێوەر بگیرێ.

بەڕێـــزان، هەمـــوو ڕۆژهەڵاتـــی ناوەڕاســـت لەبەردەم گـــۆڕانێکی گەورەدایە. ئێـران و کوردسـتانیش لە ناوەنـدی ئەم ئـاڵ و گـۆڕەدان و بێگوومان تەوژمـی ئەم گـۆڕانە زۆر لەوە بەهێزتـرە کە مافیـای ڕیسـوا و بەتـاق کەوتـووی زاڵ بەسـەر ئێـران بتـوانێ پێشـی پێبگـرێ. خەڵکـی کوردسـتان و خەباتکـارانی کـورد لەم سـەردەمەدا ئەرکێکـی گەورە و شۆڕشگێڕانە و ئازادیخوازانەیان دەکەوێتە سەرشـان. ئەویـش بینـاکردنی سەنگەرێکی پتەوی ئـازادی و مـافخوازی و ڕزگـاریخوازییە. سـەنگەرێک بە پانـایی هەمـوو کوردسـتان کە نەک هەر دەیـان و سـەدان هەزار، بەڵکوو میلیۆنها جەماوەری ئازادیخواز و تێکۆشەری کوردستان لە خۆیـدا کۆبکـاتەوە و بەم جـۆرە ڕزگـاری و ئـازادی خـۆی مسـۆگەربکات و لەهەمان کاتـدا ببـێ بە پێشـەنگی خەبـات بـۆ ئـازادی و دیمۆکراسـی و سـیکۆلاریزم و دادپەروەری و مافەکـانی ئینسـان لەهەمـوو ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا. بە هیـوای گەیشـتنی ئەو ڕۆژە تێکۆشـانی خۆمـان پتەوتـر دەکەین، بە هیوای گەیشـتنی ئەو ڕۆژەدەسـتی هاوکـاری و هاوخەبـاتی هەموو ئێوەی خۆشەویست دەگوشین.

جارێکی دیـکەش پیرۆزبـایی نەورۆزتـان لێـدەکەم و هیـوادارم سـاڵی داهـاتوو سـاڵی شـادی و بەخـتەوەری بێـت و سـەرکەوتنتان بە ئـاوات دەخوازم.

# بانگەوازێکی دیکە بۆ بەرەی کوردستانی

**ژمارە "٥٠"**

خەزەڵوەری ١٣٨٤ ی هەتاوی، ئۆکتۆبری ٢٠٠٥ ی زایینی

**بانگەوازێکی دیکە بۆ بەرەی کوردستانی**

دەوری نـــوێی بـــزووتنەوەی جەمـــاوەری لە کوردســـتان، کە لە ڕووداوەکـانی مەهابـادەوە دەسـتی پێکـرد و هەمـوو کوردسـتانی تەنییەوە، جارێکی دیـکە باسـی بەرەی کوردسـتانی و پێویسـتییەکەی هێناوەتەوە ئاراوە، ئەمجارە بە گوڕو تینێکی لە هەمیشە زۆرترەوە .

ســەرهەڵدانی ئەم هــاوینەی کوردســتانی ئێــران، کە بێگومــان لاپەڕەیەکـی تـازەی لە خەبـاتی سیاسـی و جەمـاوەری لە کوردسـتان کردۆتەوە، لە جێی خۆیدا جـێگەی لێکـۆڵینەوە و لێکـدانەوە و دەرس لێوەرگرتنە، بەڵام لێرەدا مەبەستی مـن تەنیـا ئاماژەیە بەوەی کە ئەو جـووڵانەوەیە فـراوانە، لە پـاڵ هەر نەتیجەیەکـی دیـکە، ڕاســت و دروست بوون و تەنانەت فەورییەتی سیاسەتی بەرەی کوردستانیشـی بە هەمـــووان نیشـــان دا و پێویســـتی ئەو بەرەیەی لە بەرچـــاوی جەماوەر و لە نێو تێکۆشەرانی سیاسیی کوردستان لە هەمیشە زیـاتر خسـتە ڕوو. کارکردەکـان و کەڵکەڵەکـانی بەرەیەکـی کوردسـتانی لە کەس شاراوە نەبـوون، بەڵام رابـوونی یەك لە دوای یەکـی شـارەکانی کوردســـتان، خوازیـــاران و هەڵســـووڕاوانی بەرەی بە دەریـــایەك لە بەڵگەی تازەوە بۆ ئەو مەبەستە تەیار کردووە.

کۆمەڵە بە ماوەیەکی کەم دوای دەوری تازەی تێکۆشانی خـۆی لە سـاڵی ۲۰۰۰ ەوە، مەسـەلەی بەرەی کوردسـتانی هێنیـایە ئـاراوە و تەنـانەت لە کۆنفرانســی هەشـتەمەوە لە هـاوینی ۲۰۰۳ کـردی بە سیاسەتی پەسند کراوی کۆنگرە و کۆنفرانسەکانی خۆی و تا ئێسـتاش لە سـەری ڕۆیشـتووە و هەوڵـی بـۆ داوە. هەر بـۆیەش پـڕ بە دڵ لە پەرە سەندی بیرۆکەی بەرەی کوردستانی و فراوان بوونەوەی ئـاڵقەی

پێشوازی لە و بیرۆکەیە خۆشحاڵە و بە بەڵگەیەك بـۆ دروسـتیی ئەو دروشم و سیاسەتەی دادەنێ. بەڵام جێی خـۆیەتی هەر لێـرەدا ئەوە زیاد بکەین کە ئێمە خۆمان بە تاکە خـاوەنی ئەو بیـرۆکەیە نـازانین. زۆر کەس، بە پێشـینەی سیاسـی جۆراوجـۆر و لە تەیفێکـی فیکـری و سیاسی بەرین، ئەو بیرۆکەیان هێناوەتە گـۆڕێ، لە سـەریان نووسـیوە و هەوڵیان بۆ داوە. لە ڕاسـتیدا خـاوەنی ئەوە بیـرۆکەیە هەمـوو ئەو کەس و لایەنانەن. ئێمەش هەر ڕۆژێکی ئاوامان بە ئاوات دەخواست کە خوازیـاران و تێکۆشــەرانی بەرەی کوردســتانی وەهــا فــراوان و هەمەچەشنە بن کە کەس نەتوانێ خۆی بە تاکە خـاوەنی بناسـێنێت، هەمووان وەها لێی بدوێن و داوای بـکەن و لە سـەری هەڵـدەنێ کە بە واقیع ببێتە هـی هەمـووان، سـنووری ئەم یـان ئەوە حیـزب و ئەم یان ئەو کـۆڕ و کـۆمەڵی ڕونـاکبیری ببەزێنـێ و ببێـتە داخـوازییەکی گشتی و ببێـتە پرۆژەیەکـی سیاسـی لە ئاسـتی کۆمەڵگـادا. تەنیـا لەم حــاڵەتەش دایە کە ئیمکــانی بەکــردەوە دەرهــاتن و ســەرکەوتنی دەخــوڵقێ. ئێســتا مەســەلەی بەرەیەك لە کوردســتانی ڕۆژهەڵات خەریکە ئاوای لێدێ، ئەوەش بۆ هەموومان، بۆ هەمـوو خوازیـاران و تێکۆشەرانی ئەو بیرۆکەیە، جێگەی خۆشحاڵییە.

بەڵام سەرەڕای هەموو ئەوانەش و سەرەڕای دەرکەوتنـی هەرچـی زۆرتـری پێویسـتی بەرەی کوردسـتانی و پەرەسـەندنی ئەو فکـرە و پێشوازی لێکرانی لە لایەن ڕای گشـتیەوە، تـا ئێسـتاش ئەو بیـرۆکەیە نەك هەر وەدی نەهـاتووە، بەڵکـو لە "بیـرۆکە" واوەتـر نەچـووە و نەبۆتە "پرۆژە". کاتی ئەوە هاتووە ئێمەمانان، یانی هەموو خوازیاران و هەڵســووڕاوانی ئەو سیاســەتە، بیرێکــی دیــکەی لێبکەیــنەوە، هەوڵێکی دیکەی بۆ بدەین و تەکانێکی تازەی پێبدەین، بزانین چۆن دەتوانین لە حەدی قسە بیهێنینە دەرێ، نەخشەیەکی بـۆ داڕێـژین و بیبەیـنە پێشـەوە. ئەم نـووسراوەیە بە نـۆبەی خـۆی لە خـزمەت ئەم

ئامانجه دایه و دەیەوێ پێشنیارێکی عەمەلی بۆ خۆش کردنی زەمینە لە پێناو ئەو بەرەیەدا پێشکەش بکات .

بە کورتی و وەکوو هەنگاوێك بۆ وەگەر خستنی بیرۆکەی بەرەیەکی کوردستانی لە کوردستانی ئێران، بۆ تاوتوێ کردنی زیاتر و بۆ خۆش کردنی زەمینە، من پێشنیاری گرتنی کۆنفرانسێك لە سەر کوردستانی ئێران لە مانگەکانی داهاتوودا دەکەم، کۆنفرانسێك کە حیزب و ڕێکخراو و کەسایەتییە سیاسییەکانی بە فراوانی تێدا بێت، کۆنفرانسێك کە کێشەکانی کوردستانی ئێران باس بکا، داخوازییەکانی بەروونی دووپات بکاتەوە، هەوڵ بدات بە کەڵك وەرگرتن لە هەل و مەرجی نێوخۆیی و دەرەکیی ئەم سەردەمە، کێشەی کوردی ئێران بە رای گشتیی جیهان و بە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی زۆرتر بناسێنێ و لە پێناو پڕ کردنەوەی ئەو بۆشاییەدا خزمەتێك بکات. لە هەمان کاتدا ئەو کونفرانسە بەرەی کوردستانی و چۆنیەتی کار بۆ کردنی بداتە بەر باس و لێکۆڵینەوە، لە سەر پلاتفۆرمەکەی بدوێ و بە کورتی ئەو ئامانجە و ئەو بیرۆکەیە بکا بە پرۆژەی بەسەرەوبەرە و جێی باوەڕ.

ئەوانەی کە لە مانگەکانی ڕابردوودا پەیوەندی و گفتوگۆی نزیکیان لە گەڵ سەرەکردایەتیی کۆمەڵە بووە، دەزانن کە ئێمە ماوەیەکە بیری گرتنی کۆنفرانسێکی فرەلایەنمان بۆ کار کردن لە سەر کێشەی کوردستانی ئێران بە گشتی و کار کردن لە سەر بەرەی کوردستانی بە تایبەتی، هێناوەتە گۆڕێ و نەزەرمان لە دۆستان و کەسایەتییە سیاسییەکان و تێکۆشەرانی دێرین لە هەموو تەیفێك وەرگرتووە. ئێمە بە وەڵامێك کە لەو تەگبیر و قسە و باسانە وەرمان گرتووە دڵخۆش بووین و زۆرتر ساغ بووینەوە کە ئەو کۆنفرانسە، بە مەرجێك ئامادەیی چاك و کاری چاکی بۆ بکرێت و بە سیاسەتی رۆشن تەیار بێت، دەتوانێ ڕێگەیەکی گونجاو و کاریگەر بێت بۆ ئەوەی هەم بە گشتی کێشەی کوردی ئێران بەرز کاتەوە و خزمەتی

پێ بکا و هەم لە پەیوەند لە گەڵ بەرەش تەکانێکمان بداتێ و ئێمان خاتە سەر هێڵێکی دروست و لە ئارەزووەوە بەرە و پرۆژە و نەخشەیەکی عەمەلی ئێمان باتە پێشەوە .

کێ ئەو کۆنفرانسە بانگ دەکا؟ ئێمە ئامادەین، بەڵام پێمان باشە کە ئەو کارە وەکوو ئەرکێکی هاوبەش بە هاوکاری لە گەڵ خوازیاران و هەڵسووڕاوانی دیکەی بەرەی کوردستانی بەڕێوە بچێت. خاڵی گرینگتر ئەوەیە کێ بەشداری تێدا دەکا؟ بە بڕوای ئێمە پێویستە ئامادەکاری باشی بۆ بکرێ و بەرینترین تەیفی سیاسی تێدا کۆبێتەوە. بە هەرحاڵ، ئەوە کورتەی پێشنیاری ئێمەیە و ئامادەین هەموو پێشنیارێکی تریش ببیستین بەو هیوایەی دیالۆگێکی بەکەڵك و رێکخەر لەم بارەیەوە بکەوێتە رێ.

لە کۆتاییشدا بە پێویستی دەزانم، بۆ ئەوەی هیچ شتێك لە پووك و پێستدا نەمێنێتەوە و قسە و باسی لاوەکی سێبەر نەخاتە سەر ناوەرۆکی ئەسڵیی دیالۆگەکان لە سەر بەرەی کوردستانی، چەند خاڵێکی بچووکیش روون بکەمەوە .

یەکەم، ئێمە، هەر وەکوو تا ئێستاش بەراشکاوی دەرمان بڕیوە، خوازیاری بەرەی کوردستانین، رێك و رەوان بەرەمان دەوێ و بە ناوی "جۆرێك ئیئتلاف " و "هاوکاری" و ئەوانە، بەرە کەمڕەنگ و کاڵ ناکەینەوە و نایخەینە پشت گوێ. ئێمە هیچ رادەیەك لە نزیکی و هاوکاری نێوان هێزە سیاسیەکان رەت ناکەینەوە و هەر کامەیان لە جێی خۆیدا بە باش دەزانین و بۆشی ئامادەین و تەنانەت پێشنیاری دیاریکراویشمان لە بارەی هاوکارییەوە پێشکەش کردووە، بەڵام بە هەموو ئەوانەشەوە، ئێمە قورسای خۆمان دەخەینە سەر ئەو پرۆژەی پێمان وایە بۆ سەردەمی ئێستا لە هەمووان کاریگەرتر و گونجاوترە، ئەویش بەرەیەکی یەکگرتووی فراوانی کوردستانی لە کوردستانی ئێرانە .

دووهەم، هێنـانە گـۆڕی دروشـمی بەرەی کوردسـتانی لە لایەن کۆمەڵەوە لە بەر ئەوە نییە کە گۆیا ئێمە لە کاری سیاسی و حیزبیـی خۆمان تووشی گیروگرفتین، لە ناو خـۆی ئێـران کارمـان چـاك نـاچێتە پێش، تووشی رکـوود و وەسـتان هـاتووین و دەمـانەوێ بەو شـێوەیە چارەسـەری بکەیـن یـان داپۆشـین. هەمـوو ئەوانەی کە بە وردی ئاگایان لە کوردسـتانی ئێـران و ئاڵوگۆڕەکـان و رووداوەکـانی هەیە و سەیری جووڵانەوەی کۆمەڵە لە کوردستان دەکەن، باش دەزانن کە بە دوای هــاتنە دەری کــۆمەڵە لە حیزبــی کۆمۆنیســتی ئێــران و ئەو ئـاڵوگۆڕانەی کە پێکهـاتووە، کـۆمەڵە یەکێـك لە روو لە گەشـەترین و بەرمێنترین سـەردەمەکانی ژیـانی خـۆی تێپەڕ دەکـا. کارمـان لە نێـو کــۆمەڵانی کرێکــار و زەحمەتکــێش، خوێنــدکاران، لاوان، ژنــان، رۆشــنبیران و جەمــاوەری خەڵــك زۆر ڕوو لە گەشـــەیە، کــاری ڕاگەیاندنمان پێشکەوتنی بەرچاوی بە خۆوە دیوە، کـاری ڕێکخسـتنی نهێنیمان هەروا، پەیوەندیمان لە گەڵ خەڵـك و تێکۆشـەران رۆژانە و چڕوپـڕ و بەردەوام و فـراوانە، بە جۆرێـك کە دەتـوانم بڵـێم بیسـت ساڵیش دەبـێ پەیوەنـدی و رمێـنمان ئـاوا زۆر نەبـووە، پەل و پۆمـان هاویشتۆتە هەموو بەشێکی کوردستان و تەنانەت لەو شـوێنانەش کە جاران لێیان دوورتر بووین و تێیاندا کەمتر بووین ریشەمان داکوتاوە، خەریکین وەکوو جاری جاران دەچینەوە نـاو دڵـی خەڵـك و نەقشـی گەورە لە هەموو جووڵانەوە و بزووتنەوەیەکی کوردستانی دەگێـڕین، پەیوەنــدییەکانی دەرەوەمــان خەریــکە دوای ســاڵەها تەکــان و گەشەیەکی باش بە خۆیەوە دەبینێ، سەرودڵی تێکۆشـەرانی کـۆمەڵە خۆشە و بەرچاویان روونە، رەهبەریـی کـۆمەڵەش لە یەکگرتـوویی و انسجامێکی سیاسی زۆر باش دا بە سـەر دەبـات و ئەوەندەشـی کـار زۆرە سەری خۆی پێ ناوخورێ. زۆری لە سەر ناڕۆم، بەڵام هەموومان دڵنیـا دەکەمەوە کە لە بەر کەساسـی و کەسـادی لە کـاری حیزبـی و

سیاسیدا نییە کە کۆمەڵە داوای بەرەی کوردستانی دەکا، بەڵکوو بە پێچەوانە ئێمە لە حاڵێکدا پێشنیاری بەرە دەکەین کە قۆناغێکی گەشەی زۆر خێرا و بەرچاویش تێپەڕ دەکەین.

سێهەم، بە هێنانە گۆڕی باسی بەرەی کوردستانی و داوای هاوکاری لەو پێناوەدا، بەتەما نین خۆمان بە کەسەوە "هەڵواسین"، بە تەما نین بە نزیك بوونەوە یان هاوکاری لە گەڵ ئەم یان ئەو هێزی دیکە "خۆمان مەترەح کەین"، بە تەمای ئەوانە نین و پێویستیمان پێیان نییە. خۆمان لە کەس بە کەمتر نازانین و ئەگەر لەم بارەیەوە کێشە ناکەین و ئیددیعای مەزنخوازی ئەم و ئەو ڕەت ناکەینەوە، لە بەر ئەوە نییە پێمان ڕاستن، بەڵکوو پێمان وایە قەزاوەت لەو بارەیەوە دەبێ بسپێردرێتە خەڵکی. دڵنیاشین سەرەنجام لە کوردستانیش وەکوو هەموو کۆمەڵگەیەکی ئازاد لە ڕێگەی هەڵبژاردنی ئازادانەوە جێگەی هەر کەس و لایەن و سیاسەتێك دیاری دەکرێت. تا کاتی گەیشتن بە پرۆسەی دێمۆکراتیکی دەنگدانیش، ڕێگەی خەبات و خزمەت لە کەس نەگیراوە .

چوارەم، لە بەرەی کوردستانی نە داوای ئیمتیازێکی تایبەتی بۆ خۆمان دەکەین و نە ئیمتیازی تایبەتی بە کەسیش بە ڕەسمی دەناسین. ئێمە لەو بڕوایەداین کە بەرەی کوردستانی دەبێ لە سەر ئەو بنەمایانە دابمەزرێ کە لەم ناوچەیە و لە هەموو دنیادا ڕەچاوکراون و پێشمەرجی سەیر و سەمەرەی بۆ دانەندرێت. کارەکە لەوە گەورەتر و بەنرخترە، خێروبێری بۆ بزووتنەوەی ڕەوای گەلی کورد و بۆ دێمۆکراتیزە کردنی کۆمەڵگای داهاتوومان لەوە زیاترە کە بمانەوێ بە بەرژەوەندخوازیی تەسکی حیزبی پەکی بخەین.

پێنجەم، هەن پێمان دەڵێن کۆمەڵە لە بەر خاتری بەرژەوەندی حیزبی خۆیان و بۆ کەڵوەرگرتنی سیاسی پێشنیاری بەرەیان هێناوەتە گۆڕێ. بەڵام ئەو کەسانە باشیان بیر لێنەکردۆتەوە کە بەم قسەیە لە

راستیدا رەخنەمان لێناگرن بەڵکوو ستایشمان دەکەن. چونکە بە واتایەکی تر، جۆری سیاسەتەکەمان وەهایە کە قازانجی حیزبیمان لەگەڵ بەرژەوەندی گشتی بە ئاراستەیەکدا دەڕۆن. ئایا ئەوە سیاسەتی مەسئوولانە و ژیرانەی کۆمەڵە ناگەیەنێ کە بەرژەوەندی حیزبی خۆی لە گەڵ بەرژەوەندی گشتیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد و لێرەدا بەرەی کوردستانی، لێک هەڵپێکاوە و بە ئاڕاستەیەکدا دەیانبا؟ ئەی بۆ کۆمەڵە و بۆ کۆمەڵگەی کوردستان باشتر دەبوو ئەگەر ئەو دوو بەرژەوەندە لە گەڵ یەکتر ناکۆك و ناتەبا بوونایە؟ ئایا نادروست و ناڕەوایە ئەگەر ئێمە گەشەی خۆمان لە خزمەت کردن بە بەرژەوەندی گشتی و بەرەیەکی کوردستانیدا بدۆزینەوە؟ هەر کەس لە ڕێگەی هێنانە گۆڕ و داکۆکی لە بەرژەوەندی گشتیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و خەبات لەو پێناوەدا، کەڵك بە حیزبەکەی دەگەیەنێ و جەماوەری بۆ کۆ دەکاتەوە، حەڵاڵی خۆیەتی. ئەوە خەڵاتی خزمەت بە خەڵك و پاداشتی سیاسەتی دروستە. ئەوە ڕێگەی بەپرنسیپانە و ناسێکتاریستییانەی تیکۆشانی سیاسییە، نەك ئەوەی بە دانانی پێشمەرجی کەس نەدیتوو و مەزنخوازانە بمانەوێ هەر لە سەرەتاوە "دەسکەوت" بۆ خۆمان دەستەبەر کەین. با خەڵکی دیکەش لە جیاتی ئەوەی خۆیان لە بەرەی کوردستانی نەبان کەن و بێزوبۆی لێبکەن، ئەوانیش لەوە بەولاوە وەکوو ئێمە و وەکوو زۆر کەسی دیکە بە گەرم و گوڕی پشتیوانی لە بەرە بکەن، بەرۆکی بۆ دادڕن و قۆڵی لێهەڵماڵن، دڵنیاش بن لەم لێگەیەوە دەتوانن هەم خزمەتێکی چاك بە کۆمەڵگای کوردستان بکەن و هەم ببن بە یەکێك لەوانەی لەبەرەی داهاتوودا کەڵکی شیاوی خۆشیان وەرگرن. چونکە زەroورەتی زەمانە ئاخری هەر بەرە دەکاتە ئەمری واقیع و هەمووان هەر بۆ لای خۆی رادەکێشێ.

بەڵام با بۆ ڕەواندنەوەی نیگەرانی هەموو لایەك ئەوەش بڵێم کە بە بڕوای من لە پێکهێنانی بەرەدا هیچکەس لە بەشداربووانی ئەو بەرەیە زەرەر ناکا، یانی "گەیم"ە دۆڕوای نییە، هەموو کەس براوەیە، هەر کەسە لە قەدەر خۆی. بەڵام ئەوەی دژی دەوەستێ، ئەوەی کاری بۆ ناکا و بەشداری تێدا ناکا و خۆی دەخاتە پەراوێزی ئەو جووڵانەوەیە، زۆر دەگونجێ زەرەریش بکا و تەریکیش بکەوێتەوە و جەماوەریش لە دەست بدا، تاوەنەکەشی دەگەڕێتەوە ئەستۆی خۆی .

شەشەم، لە کۆتاییدا با ئاماژە بە بێ ئینسافیەك بکەم و سکاڵایەك دەبڕم. ئێمە وەکوو کۆمەڵە بە ئاشکرا خوازیاری بەرەی کوردستانی بووین، بیرۆکەکەیمان بڵاوکردۆتەوە، لە کۆنگرە و کۆنفرانسەکانماندا بە ڕەسمی پەسەندمان کردووە، گەلاڵەمان بۆ نووسیوە، هەوڵمان بۆ داوە، کارمان بۆ کردووە، پەیوەندیمان بۆ گرتوە و هتاد. ئایا ڕەوایە ئێستاش جارجار دەبیستین کە هەندێك لە رووناکبیران و نووسەران، بە تایبەت لە سەر ئینترنێت، باسی ئەوە دەکەن کە "حیزبە کوردستانییەکان" ئامادەی بەرە نین؟ ئایا ڕەوایە گوناهی خەڵك لە سەر ئێمە بنووسرێ و بە ئاوری خەڵکی دیکە بسووتێین؟ ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە ئەو بەڕێزانە شەفافییەتێکی زیاتریان هەبێ و دەست لەو خۆپارێزییە هەڵگرن کە لە بەر ئەوەی تووشی گلەیی کەس نەبن و پریشکەی هیچ گرژییەك نەیانگرێتەوە، راستییەکان لێڵ کەن و تەڕ و وشك پێکەوە بسووتێنن و شانەی خەڵکی دیکە لە سەری ئێمەشدا بشکێنن؟ ئایا وەختی ئەوە نەهاتووە کە خوازیاران و تێکۆشەرانی راستەقینەی بەرەی کوردستانی پەی بەوە بەرن کە بێ پاکان هی خۆیانن و بچن پادارەکان بگرن؟

٣ی سێپتامبری ٢٠٠٥

## وتاری هاورێ "عەبدوڵڵا موهتەدی" لە "کۆنفرانسی سەربەخۆیی کوردستان "

هەولێر و سلێمانی، ١٠ و ١٣ی نۆڤامبری ٢٠٠٥

**ژمارە ٥١**

سەرماوەزی ١٣٨٤ هەتاوی، دیسامبری ٢٠٠٥ ی زایینی.

**وتاری کۆنفرانسی سەربەخۆیی کوردستان**

کورد نەتەوەیەکی دابەش کراو و وڵاتێکی داگیر کراوە،ئەمە ئەو واقعییەتەیە کە ئەمڕۆ ئیمەی لەم کۆنفرانسەدا کۆکردۆتەوە.

لێکدانەوەی مێژووی ئەم بەسەرهاتەی گەلی کورد و هۆکارەکان و ئاکامەکانی، لە جێی خۆیدا پێویستە، بەڵام ئەوەی من لێرەدا و لەم وتە کورتەدا دەمەوێ پێشکەشتانی بکەم، لە دوو تەوەردا خۆی دەبینێتەوە: یەکەمیان ئاماژەیەکە بە پەیوەندی کورد و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لەگەڵ کێشەی دیموکراسی لە رۆژهەلاتی ناوەراست دا تەوەری دووهەمیش ئاماژەیەکە بە بارودۆخی کوردستانی ئێران پێویستیی پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

هەر لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە،ئەو دەوڵەتانەی کە دەستیان بە سەر کوردستاندا گرتووە، لە زۆربەی زۆری ئەو سەردەمە دا دەوڵەتی دیکتاتۆری و کۆنەپارێز و دژی دیموکراسی بوون. بە توولی ئەو سەردەمەش و لە زۆربەی زۆری کاتەکاندا، کورد و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، هێزی دژی دیکتاتۆری بە حوکمی تەبیعەت و هەڵکەوتەی جوغرافیایی و سیاسی و مێژوویی خۆی،هێزی ماف خوازی،هێزی لایەنگری گۆڕان، هێزی لایەنگری بۆ پێشەوە چوون بوون. بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد قەت هێزی ڕاوەستان، هێزی پاراستنی ستاتوس کۆئۆ نەبوون، بەڵکوو هێزی گۆران و بەرەو پێش بردن، هێزی هەڵتەکاندنی دیکتاتۆرییەکان هێزی تێکدانی قەوارە سیاسییە نارەوا و ستەمکارانەکان بوون. هەر بۆیەش بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی

گەلی کورد  لە سەرتاسەری مێژووی خۆی، هەر لە کۆتایی سـەدەی نۆزدەهەمەوە تا سـەدەی بیسـتەم و تـا ئێسـتا لە هاوبەرژەوەنـد و هـاوتەریبی ڕەوتە دێمۆکراتیـک و پێشـکەوتنخوازە ڕەسـەنەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوون.

تا ئەو کاتەی کە دەسەڵاتە دیکتاتۆرییە کۆنەپارێز و سـتەمکار و دژی دێمۆکراتیکەکـان لەم نـاوچەیەدا زاڵ بـوون و دەسـتی باڵایـان هەبووە، کورد و بزووتنەوەکەی لە محاق و کزی دابـوون بە زەبـری ئـاگر و ئاسـن بـێ دەنـگ و کـپکراون. بەڵام ئێسـتا ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت لە بەردەم گـۆڕانێکی گەورە دایە بەهەمـوو پێشـینەی شارسـتانییەتی گەورەی خـۆی، بە هەمـوو سـەروەت و سـامانی سرووشـتی و ئینسـانییەکەی پێویسـتی بە گـۆڕان و بە دێمـۆکراتیزە کردنێکـی قـووڵ و ڕەسـەن هەیە. ئەم پێویسـتییە بـۆ ڕۆژهەڵاتـی ناوەراسـت نەک هەر لەبەر فشـاری دەرەکـی، بەڵکـوو زۆر زیـاتر لەوە، پێویستییەکی قووڵ و حاشاهەڵنەگری ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسـی و ڕۆشـنبیری ئەم نـاوچە خـۆیەتی. ئەگەر ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاست بیهەوێ لەو بازنەی دواکەوتـوویی و هەژاری و بێمـافی و بندەستی دیکتاتۆری لە سەرەتای هەزارەی سێهەم دا ڕزگاری بێت و پـێ بنێـتە سـەردەمی پێشـکەوتن و نـوێ گەری و گەشـە کردنـی کۆمەڵایەتی، دەبێ ئەو دێمۆکراتیزاسـیۆنە بە سـەرکەوتووانە تێـپەڕ بکات.

کورد سەرجەم و لە هەموو پارچەکانیدا بەشـدارێکی کـاریگەر و بگـرە هۆکـارێکی کـاریگەری ئەم ئـاڵ و گـۆڕە دێمـۆکراتیکەیە. بـزووتنەوەی ئـازادیخوازانە و ڕزگـاریخوازانەی نەتەوەی کـورد لە هەمـوو پارچەکـانی دەبـێ خـۆی لەگەڵ ئەم ڕەوتـی دیمـۆکراتیزە کـردنە بگـونجێنێ، دەبـێ بە بەشـداری گەرم و گـوڕی خـۆی دەوڵەمەنـدی بکـا لە هەمـان حاڵـدا لەو پرۆسـەیەدا بـانگەوازی

مافەکانی خۆی لەم پرۆسەیە و لەم ئەزموونە دا بکات. بە واتایەکی تر، داهاتووی نەتەوەی کورد و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستان لەگەڵ داهاتووی دێمۆکراسی لەم ناوچەیە دا، لە گەڵ هەلپێچانی ڕژیمە دیکتاتۆرییەکان، پێکەوە گری دراون، هەر وەکوو ئەزموونی عێراق و تەجروبەی کوردستانی باشوور ئیسباتی کرد.

بەرێزان! وتەیەکیش لەبارەی کوردستانی ئێرانەوە.

کوردستانی ئێران لە هەموو سەدەی بیستەمی خۆی و تا ئێستاش کە سەرەتای هەزارەی سێهەمە، بە زۆر قۆناغی دژوار و ئەستەمدا تێپەریوە و زۆر بزووتنەوەی گەورە و پر لە شانازی کۆمەڵایەتی و سیاسی و نەتەوەیی بەرپا کردووە. لە ٢٥ ساڵ لەوە پێشەوە بزووتنەوەیەکی بێ پسانەوە سیاسی و جەماوەری لە ئارا دایە.

ڕاستە ئەم بزووتنەوەیە بەو پەری توندوتیژییەوە داپلۆسێندراوە و خەڵتانی خوێن کراوە، بەڵام نە قەت بن بڕ بووە، نە کۆڵی داوە و نە ڕێگەی لێ ون بووە. بە تایبەت ئێستا زیاتر لە ١٠ ساڵە کەلە قووڵایی کۆمەڵگای کوردستانی ئێراندا،گۆرانێکی قووڵی فیکری و ڕۆشنبیری و سیاسی و تەنانەت ڕێکخراوەیی لە ئارادایە، خۆوشیارییەکی سیاسی و ڕۆشنبیری و نەتەوەیی بە پانایی هەموو کوردستان لە پەرەسەندن و زیاد بوون دایە. هیچ کات کوردی ئێران لە مێژووی خۆیان دا ئەوەندە هەستیان بە بوونی خۆیان، بە پێناسەی خۆیان و بە مافی خۆیان نەکردووە. ڕاپەڕینەکانی گەلاوێژی ئەم ساڵ بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگری ئەم ڕاستییەن. هەروەها تێکەڵاوی سیاسی و فەرهەنگی بەرچاوی دوو پارێزگای کرماشان و ئیلام ئەو هەستی چروپر یەکبوون و هاوچارەنوسی یە کە لەم بەشە لە کوردستانی ئێران سەری هەڵداوە،بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگری دیکەی ئەم رەوتەن. چاوەروان دەکرێ کە ئەم

پرۆسەیە زۆرتر و زۆرتـر پەرەبستێنێ هـێچ بە دوری مەزانـن کە لە ساڵانی داهاتوودا کرماشان، گەورەترین شـاری کوردنشـین ،جـێگەی شیاوی خۆی لە بزووتنەوەی سیاسی و ڕۆشنبیری کوردستانی ئێراندا بدۆزێتەوە

پێم خۆشە هەر لێـرەدا ئامـاژە بەو ڕاسـتییەش بـکەم ئەزمـوونی کوردسـتانی باشـوور و دەسـکەوتەکانی کـاریگەرییەکی گەورەیـان نەک هەر لە سەر کوردسـتانی ڕۆژهەڵات بەڵکـوو لە سـەر هەمـوو پارچەکانی تری کوردستان بووە، لەسەر ئەم تێگەیشتن و پێگەیشتن و لەسەر ئەم خۆوشیارییە بووە کە بە ئاگاداریتانم گەیاند.

داکـۆکی کـردن لە ئەزمـوونی کوردسـتانی عێـراق، پاراسـتنی دەسکەوتەکانی و هەوڵدان بۆ بەرەو پێش‌بردنـی نەک هەر ئەرکـی کوردی ئەم پارچەیە، بەڵکوو ئەرکێکی مێژوویی هەموو پارچەکـانی کوردستان،هەموو حیزبە کوردسـتانییەکان و هەمـوو تیکۆشـەران و ڕوناکبیرانی ئەم وڵاتەیە. ئێمە بەش بە حاڵی خۆمان هەسـتمان بەو بەرپرسایەتی‌یە کردووە و هەستی پێ دەکەین.

بەڕێزان، کۆمەڵە لە کوردستانی ئێران بڕوایەکی قووڵی بە مـافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ گەلان و بە تایبەتی لەوانە بۆ گەلی کورد هەیە و زیاتر لە ٣٥ ساڵە هەوڵ و تێکۆشانی بۆ دەکا و قوربانی بـۆ دەدا. ئـێمە لەو بـڕوایە دایـن چارەسـەرکردنی نیهـایی یەکجـارەکی کێشــەی کــورد و دەرهــاتنی لە ژێــر بــاری ســتەمی نەتەوەیــی، ســەرەنجام لە ڕێــگەی ســەربەخۆیی و پێک‌هێنــانی دەوڵەتێکــی نەتەوەیــــیەوە بە ئەنجـــام دەگـــات. لە هەمانحاڵـــدا کـــۆمەڵەی کوردسـتانی ئێـران بەرنـامەی سیاسـی خـۆی بـۆ ئێـران لە ئێسـتادا، حکوومەتێکی فێدراتیو و دێمۆکراتیکە لە ئێران، کە تێیدا کوردستان بە هەموو پارێزگاکانییەوە و بە هەموو بەشـەکانییەوە لە ڕۆژئـاوای ئێـران، ببێـتە یەکەیەکـی سیاسـی و ئیـداری یەکگرتـووی فیـدراڵ و

خاوەنی هەموو مافەکانی خۆی. ئەو جۆرەی کە لە بەرنامەی ئێمەدا نووسراوە ئێمە خوازیاری بەرقەرار کردن و دامەزراندنی دەسەڵاتی خەڵکی کوردی ئێران بە سەر سەرزەمینی مێژوویی خۆیاندایین.

لە کۆتاییشدا بە پێویستی دەزانم ئەوەش بڵێم کە کۆمەڵە لە کوردستانی ئێران لە بارودۆخی ئێستادا بە جیددی خوازیاری پێکهاتنی بەرەیەکی کوردستانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. دیارە ئێمە لایەنگری فرەچەشنی سیاسی و فیکری و ڕۆشنبیری و ڕێکخراوەیین لە کوردستاندا.

کۆمەڵگای کوردستانیش تازە ئەو کۆمەڵگای سادە و ساکاری شوانکارەیی تاک ڕەهەندی نەماوە،کۆمەڵگایەکی پێگەیشتوو و تێگەیشتووی سەردەمی مۆدێرنیتەیە، فرەچەشنی وەکوو دیاردەیەکی کۆمەڵگای مۆدێرن لە کوردستانیش جێگەی خۆی کردۆتەوە و ئەمەش جێگەی شانازییە.بەڵام بە قبووڵی ئەم فرەچەشنییە و پێشوازی لێکردنیەوە و وێرای بە ڕەسمی ناسینی ئەم فرەچەشنییە ،ئێمە پێمانوایە دەبێ پلاتفۆرمێکی هاوبەش بۆ داخوازییەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران و بەرەیەکی کوردستانی لەم بەشە لە کوردستان دا بێتە ئاراوە و خۆمان پێشوازی لێ دەکەین و کاری بۆ دەکەین.

بە بڕوای ئێمە پێکهێنانی ئەم بەرەیە دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەم بە هێزێکی زۆرتر و کاریگەرترەوە لە پرۆسەی دێمۆکراتیزە کردنی وڵات و ناوچەکەدا بەشداری بکەین، هەم ورە و ئاستی خەباتی خەڵکی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی ئەم نەتەوەیە بەرزتر ڕاگرین، هەم بە باشترین شێوە داکۆکی لە مافەکانی گەلی کورد بکەین و هەر لە ئێستاوە لە ڕای گشتی خەڵکی ئێران و ناوچەکەدا بیچەسپێنین، هەروەها بە پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانی

دەتوانین دەروازەکانی دونیای دەرەوە باشتر بەرەورووی خۆمان واڵا بکەین. لەو بڕوایە دام کە پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانی لە کوردستانی ئێران هەروەها دەتوانێ لە پێناو خزمەت کردن بەو ئامانجەدا بێت کە ئەم کۆنفرانسەی ئەمڕۆمان لە سەر پێکهێناوە.

وێرای دەست خۆشی لەوانەی بیرۆکەی ئەم کۆنفرانسەیان هێنا ئارا و ئەوانەی ڕێکیان خست و کاریان بۆ کرد،سپاس بۆ هەموو لایەکتان و سەرکەوتوو بن.